غەفوور مەخمووری

# هەگبەی مەخمووری

## "کۆبەرهەم"

بەرگی یەکەم
چاپی یەکەم

هەولێر - کوردستان
2010

* هەگبەی مەخمووری

* غەفوور مەخمووری

* "کۆبەرهەم" - بەرگی یەکەم

* پیت چنین و نەخشەسازی و بەرگ : کۆمپیوتەری دەریا

* تیراژ: ( 1000 )دانە

* چاپی یەکەم - هەولێر 2010

* چاپخانە : منارە -هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 550 ) ساڵی (2010 ) پێدراوە

بۆ:

- رۆحـــی پـــاکی بـــاوکم.. کـــە خۆنەویـــستانەو دڵـسۆزانە کـاریکرد بـۆ پێگەیانـدنمانو فێـری رێـزو خۆشەویـستیو خـۆڕاگریو لێبـوردەیی کردین.
- رۆحی پـاکی دایکـم... کـە لـەوەوە لـە واتـای سۆزو خۆشەویستیو میهرو وەفا گەیشتم!!

دیاریو وەفادارییە..

**غەفوور مەخمووری**

# سەرەتا

## غەفوور مە خمووری

نووسین زادەی هەست و بیرە؛ وەك چۆن كارزادەی بیرو بازووە، هەر نووسینێكیش گوزارشت لەسەردەمی خۆی دەكات و بەرهەمی هەست كردنو بیركردنەوەی نووسەرەكەیە لەسەردەمی خۆیدا، ئەو بەرهەمەی بەردەستی ئێوەی بەڕێزیش هەوڵەكانی بەندەیە لەبواری نووسیندا هەر هەوڵێكیش زادەی سەردەمی خۆیەتی و توانای خاوەنەكەی لەو سەردەمەدا دەخاتەڕوو.

ماوەیەكە بیرم لەوە كردۆتەوە كەوا بەرهەمەكانم بەسەریەكەوە چاپ بكەمەوە وەكو (كۆبەرهەم) بیخەمە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست، دواجار بەرهەمەكانم دابەشی سەر بوارەكان كردو ئەدەب و كلتور بەجیاو سیاسەت و رۆشنبیری گشتی و لایەنەكانی تریش بەجیا، لەسەرەتادا بڕیارمدا كەوا بەرهەمە ئەدەبییەكان بەچاپ بگەیەنمو بیان كەم بەیەك كتێب و وەك بەرگی یەكەمی پڕۆژەكەم بیانخەمەڕوو، لەم بەرگەدا ئەم چوار هەوڵەم دەخەمە بەردەستتان:

**یەكـــەم:** (سەرەتایەك بۆ حەیران و كورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی) كە ساڵی 1989 لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا چاپكراوەو، یەكەم چاپكراوی منەو تایبەتە بە لێكۆڵینەوە سەر لەحەیرانو دەتوانم بڵێم یەكەم لێكۆڵینەوەی گشتگیرە لەسەر حەیران و كاتێكی زۆریشی بەسەردا تێپەڕیوە كە نزیكەی 21 ساڵ بەر لەمڕۆیەو لەكتێبخانەكاندا نەماوەو بۆتە سەرچاوەیەكیش بۆ هەموو ئەوانەی كە لەم بوارەدا دەنووسن.

**دووەم:** (بناری قەرەچووغ) ساڵی 1990 لەچاپخانەی (الأمـة) لەبەغدا چاپكراوەو بریتییە لەكۆمەڵێ هۆنراوەو حەیرانی فۆلكۆری دەڤەری مەخموورو بناری قەرەچووغ.

**سـێیەم:** (سـێ تیـشك لەپەنجـەرەی شـیعرەوە)، دوای راپـەڕین سـاڵی 1991 لەکوردسـتان چاپکراوەو بریتییـە لەهەڤپـەیڤین لەگـەڵ سـێ شـاعیری نوێخـوازو تازەگـەری کوردسـتان (ئـەنوەر مەسـیفی و سـەباح رەنجـدەرو قـادر ئیـبراهیم مینـە). هـەروەها وتـاری (شـیعرو هەڵوەسـتەیەك) کـە سـاڵی 1991 لـەژمارە (6)ی گۆڤـاری قـەڵادا بـڵاوم کردبـۆوە بەپێویـستم زانـی دووبـارە لێـرەدا بیخەمـە بـەر دیـدەی ئێـوەی بـەڕێز لەبەرئـەوەی دڵنیـام زۆربەی خوێنەران نەیان بینیوە.

**چـوارەم:** حـەیران (چـەمك- نـاوەڕۆك- سـەرهەڵدان) سـاڵی 2001 لەلایـەن دەزگـای ئـاراس لەشـاری هـەولێر چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە کـە یەکـەمین لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمییـە لەسـەر حـەیران ئەنجامـدرا بێـت و بۆتـە سەرچـاوەیەکی بـاوەڕ پێکـراو بـۆ لێکۆڵـەرەوانی ئەم بوارە.

چـاپکردنەوەی ئـەم بەرهەمانـە سـوودی خـۆی دەبێـت بـۆ لێکۆڵـەرەوان و نـەوەی ئێستاش لێـی ئاگـادار دەبـن و هەوڵێکیـشە بـۆ زیندووکردنـەوەی بەرهەمـەکان. هیـوادارم جێی رەزامەندی هەموو لایەك بن...

لەگەڵ رێزمدا.

2010 / 4 / 22

**هەولێر – باشووری کوردستان**

# سەرەتایەك بۆحەیران و کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی



ئامادەکردن و نووسینی : غەفوور مەخمووری

چاپی یەکەم - ١٩٨٩ز

# سەرەتایەك بۆ حەیرانو كورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی

ئامادەكردن و نووسینی : غەفوور مەخمووری

چاپی دووەم 2010

# پێشەکی

گۆرکی دەڵێ: "بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر دایە، فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزنەو سەرچاوەیە بۆ هەموو هونەرو بوێژان، ئەگەر بە باشی لەبەرابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر رەنگین دەبێو ئنجا زۆر بەوردی لەگرنگی فۆلکلۆر دەگەین".

گەلی کوردیش وەك هەموو گەلانی تری سەر رووی زەمین خاوەن فۆلکلۆرێکی زیندوو رەسەنەو یەکێکە لە گەلە دەوڵەمەندەکانی جیهان لەفۆلکلۆرو بەهۆی ئەو فۆلکلۆرە رەسەنە شارستانێتیو مێژووی خۆی پاراستووە.

گەلی کوردمان یەکێکە لەو گەلانەی خاوەن دابونەریتی زیندووی خۆیانن. ئەگەر بێتوو سەیری مێژووی گەلەکەمان بکەین دەبینین هەمووی سەربردەو داستانی دڵداریو قارەمانێتییە ئینجا باپیرانمان هێندە بەبیرو لێهاتوویيو ژیرانە ئەو داستانو سەبردانەیان بەهۆی لاوكو بەندو حەیران گێڕاوەتەوە وەکو: (محەممەدو سێوێو خورشیدو سورمێو لاسو خەزاڵو کەریمو ستیو حەسەنو مریەمو... و... و...) چەندانی تر.

دیمەنە رەنگینەکەی کوردستان هەر لەومێژەوە وای لە بابو باپیرانمان کردووە، کەوا گۆرانیو بەندو بالۆرەی بۆ بڵێن، ئەگەر سەیری هۆنراوەو بەستەو لاوكو حەیران بکەین دەبینین هەمووی جوانی سروشتو خۆشەویستیو قارەمانێتی گەلی کوردمانی تێدا رەنگ دەداتەوە. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لایەنی حەیرانە. کێ هەیە لە ئێمە گوێ بۆ حەیرن راگرێو غەریبی هەڵەستێو رۆژانی رابردووی نێتەوە بەرچاو؟! کێ بێ لە ئێمە گوێ بۆ حەیران راگرێو فرمێسکی نەیەتە خوارو بێ وەفایی ماڵە بابی کچەتیمە حەیرانی بۆ دەرنەکەوێت!!؟

یا کێ هەیە لە ئێمە لەناو حەیران وەفاداریو خۆشەویستی کچەتیمە حەیرانو کوڕەتیمە حەیرانی بۆ دەرنەکەوێ... کێ بێو کێ بێو کێ...!!!

لێرەدا دەمانەوێت بەکورتی باسی حەیرانو جۆرو لایەنەکانیو هەروەها دەوری پلکە پێناو لەحەیراندناو زمانی حەیرانو فەرهەنگی حەیران بکەین، لەگەڵ نموونە هێنانەوە لەکاتی پێویستدا، ئاواتە خوازم بەم کورتە باسەم سوارەیەك بخەمە سەر گیشەو گەلاوێژی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیمان...

* * *

# بەشی یەکەم
# سەرەتایەك بۆ حەیران

## حەیران

حەیران ئەو ئاوازە بەسۆزەیە كەوا لەگەرووی شمشاڵی شوانەكانی كورستان دێتە دەرەوەو بەرۆژگارێكی ترمان ئاشنا دەكات ئەویش رۆژگاری رابردووە، باسی ژیانی سادەو ساكاری كۆمەڵی كوردەواریمان بۆ دەكات و خۆشی و ناخۆشی میللەتمان بۆ دەردەخات، حەیران جۆرە مەقامێكی كوردییەو لەسەر شێوەی (بەیات) دەگوترێت، باسی جوانی و ناسكی ئافرەت و خۆشەویستی نێوان كچەتیمە حەیران و كوڕەتیمە حەیران و جوانی و رازاوەیی سروشتی كوردستان و راوو راوشكار و پیاو ماقووڵانی كوردو ئایین و داشۆرین و هەندێ جار مێژوو و دەستووری كوردەواری و گەلێ لایەنی ترمان بۆ دەكات.

* * *

## زمانی حەیران

ئەگەر بەوردی لەحەیرانەكان وردبینەوە بۆمان دەردەكەوێت كەوا حەیران بەزمانێكی تەڕو پاراوو سادەو ساكاری كۆمەڵی كوردەواریمان گوتراوەو ئەو وشانەی نێو حەیران وشەی رۆژانەی سەر زاری خەڵكن و بەئاسانی لێیان تێدەگەین و دەزانین مەبەستی حەیرانبێژ چییە.

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین حەیرانبێژ هێندە بەجوانی و ڕێکو پێکی حەیرانەکەی ڕێکخستووەو سەروایەکی تەواوی بۆ داناوە، کە دەکاتە (سەربەندو دوابەند)، واهەست دەکەین شیعرێکی میللییە، بەلام لەڕاستیدا حەیران شیعر نییە بەڵکو پەخشانە شیعرە. حەیرانیش بەپێی شوێن و ناوچەو شێوەزمانەکەی دەگۆڕێت بۆ نموونە حەیرانی دەشتی قەراج جیاوازە لەحەیرانی دەشتی رانیەو قەلادزە.

## دەوری پلکە پێناو لە حەیراندا

پلکە پێناو دەبێت ئافرەتێکی قسەزان و بەتەمەن بێت، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین یەکێك هەیە قسەی نێوان کوڕەتیمە حەیرانیّو کچەتیمە حەیرانیّ دەیبنی و دەبات، بێگومان ئەویش پلکە پێناوە. کوڕەتیمە حەیران ئەگەر غەریبی گراوی خۆی بکاتو چەند رۆژێك بێت نەیدیتبیّ ئەوا پەنا بۆ پلکەپێناویّ دەباو داوای لێدەکات کارێکیّ وەها بکات خۆشەویستەکەی ببینیّ وەك لەم حەیرانەدا بۆمان دەردەکەوێت:

**(حەیران قەراجی خۆمان، کوڕە دەیّ: ئەوجا ئەمن دەمگۆتەوە پلکە پێناویّ سەریّ چەندرۆژانە بەژنەکی باریكو قامکەکی بە ئەنگوستیلەم نەدیتییە ئەتوو وەکە ئەورۆ هێواریّ نازدار حەیرانەکەی خۆم ببینم ئەوجا پێناوی دەگۆتە کچەتیمە حەیرانی: رەبی بابانت خرابی هەسە دەست دەوە جام و کوندەی خۆت سەبارەت بەدوو چاوی کوڕەتیمە حەیرانیّ هەرۆوە سەر دایمە گۆمان، کیژ دەیّ: ئەگەر کوڕەتیمە حەیران لەگەمن راستە بیّ درۆ با هێواریّ دەست داتەوە تفەنگەکی جامبێزارەی نجەت بەراویّ ئەمنیش خۆی لۆ دەکەمە کلامەزەکی دوو مانگی خۆی لۆ داوێمە کەندۆکەو چۆمان).**

بەلیّ لێرەدا دەوری (پلکە پێناویّ)مان بۆ دەردەکەوێت کەوا وەك پەیامنێرێك هەواڵەکە بە کچەکە رادەگەیەنێتو پێی دەلێت: کوڕەتیمە حەیران دەیەویّ بتبینیّ، کچەش دەیەویّ کوڕە تاقی بکاتەوە تا بزانیّ بەڕاستی لەگەلّ ئەوەو بیّ درۆ، لەمەش

زیرەکی ئافرەتی کوردمان بۆ دەردەکەوێت کە دەیەوێ خۆشەویستییەکەی پاک و بێگەرد بێت.

* * *

## حەیران و جۆرەکانی

تائێستا چەند جارێک لەکۆڕو دانیشتنی ئەدەبیدا لەبارەی جۆرەکانی حەیرانەوە قسە کراوە، بەڕای هەندێ لەفۆلکلۆر پەروەران حەیران سێ جۆرە: (سەرچیایی – مەجلیسی – پشتڕێی)، بەڕای من حەیران هەر حەیرانە!! بەڵام سروشتی دەنگی حەیرانبێژەکە وا دەکات کەوا حەیران دابەشی دوو جۆر بکەین:

أ– سەرچیایی: ئەم جۆرە حەیرانە بەهەوایەکی بەرز دەگوترێت و دەبێت چینەکانی دەنگی حەیرانبێژەکە بەهێز بن و بەدەنگێکی بەرز حەیرانەکە هەڵبدات. باشترین حەیرانبێژ لەم مەیدانەدا (عومەر گاوەرەیی) و خوالێخۆشبوو (حەمەد بەگی)ن ئەگەر گوێ بدەینە کاسێتە تۆمارکراوەکانیان بۆمان دەردەکەوێت کەوا تا چ رادەیەک سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

ب– مەجلیسی: ئەم جۆرە حەیرانە تایبەتە بەمەجلیس و دانیشتنی نێو دیوەخان و کۆچک و سەرای پیاو ماقووڵان و بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ دەگوترێت، تەنها دانیشتوانی نێو مەجلیسەکە گوێیان لێ دەبێت باشترین حەیرانبێژی ئەم بوارەش مام (خدر خەرەبەدراوی)یە.

* * *

## یەکێتی بابەت لە حەیراندا

لێرەدا بەکورتی باسی ئەم لایەنە دەکەین و نامانەوێ درێژەی پێ بدەین. لەبەر ئەوەی تائێستا باسی ئەم لایەنە نەکراوە، ئەوا بۆ یەکەم جارە تیشکێکی

نەخەینەسەر. ئەگەر سەیری حەیرانە تۆمارکراوەکانی سەر رووپەڕی کتێب و گۆڤارو رۆژنامەکانمان بکەین، یا گوێ بدەینە کاسێتی حەیرانبێژەکانمان زۆر جار بۆمان دەردەکەوێت حەیرانبێژ ئەگەر درێژادڕیش لەحەیرانەکەیدا بکات بەڵام یەکێتی بابەتی پاراستووە هەندێ جاریش هەست دەکەین کەوا دوو بابەت لەیەك حەیراندا خۆیان شاردۆتەوە، ئەم دوو بابەتە هەردوو بەشێوەیەکی رێکوپێك لەلایەن حەیرانبێژەوە باسکراوە، بۆ نموونە حەیرانبێژی لێهاتوو (خدر حەیرلن) دەڵێ:

( دەمگۆ برام ئەوڕۆکە هێوارێ گەلەك نەخۆشم نەخۆشەکی گەلەگرا نم کەتیمە نوینێ، جوابەکم لە بۆ بدەنە زالم بابەی ئەوڕۆ بەویێ ئێوارەی دەبا دەمەکێم بێتە سەرینێ، بە چاوان دابینی فرمێسکان بەدەستان دابینی پەرچەمان بەسینگان لە بۆ کاکی عەبدوڵڵای بکاتن شینی، دەوجا دەمگۆتە برادەران برام ئەوسار بەوێ دەرێ بوارێ ئەمن گەلە ترسیەکیان دەکەم بمرم ئەگەر مردم بارێ من و بەملی بمشێرنەوە لە حوسێنی غازی سەرینێ قەبرم دەلاقەی لێ بی هەموو دانێ ئێواران حەیرانەکەی من دەچیتەوە دارو پووشکان تی چاوم لێ بی گیژ دەرێ: گەلینە گەلی دەستە خوشکینە کەسمان نما لە بابانیێ بابێ ئەنگۆ وەرن دەمەکێ لادەینە سەر قەبرێ کورەتیمە لاوەی، بیرشێنین بە شوشەکی گوراوی، لەسەری بچینین رەشە رحان و سۆرەگور کەسمان نما لە بابانێ بابی دەبا بە عام بڕێن هەزار رەحمەتی لێ بی ).

ئەگەر لەم حەیرانە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ لەدوو بابەت پێکهاتووە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو لەڕاستیدا یەك بابەتن، هەردوو بابەتەکەش سەربەندو دوابەندی خۆیان هەیە. بابەتی یەکەم باسی ئەوە دەکات کەوا کوڕەتیمە حەیرلن گەلە نەخۆشەو جوابان لە بۆ کچەتیمە حەیرانێ دەنێری دەمەکی بێتە سەرینێ و فرمێسکی لە بۆ ببارێنی و شینی لە بۆ بکات و ئەویش (کوڕەتیمە حەیران) وەسیەتی خۆی پێ رابگەیەنێت.

لەبابەتی دووەم کوڕەتیمە حەیران کۆچی دوایی دەکات و بەخاك دەسپێردرێت و کچەتیمە حەیران لەگەڵ گەل دەستەخوشکانیدا دەچێتە سەر گۆڕی گراوی خۆی و

بەگوراویَ گۆڕەکەی دەرشێنیَ و ڕەشەڕیحان و سۆرەگوری لەسەر دەچێنیَ و داوای بە بەهەشت شادبوونی بۆ لە خوای گەورە دەخوازیَ!!

* * *

# حەیران و مێژوو

بێگومان هەموومان دەزانین کەوا حەیران تایبەتە بە خۆشەویستی ناتوانیَ وەکو لاوك بەدرێژی باسی رووداوێکی مێژوویمان بۆ بکات، بەڵام حەیران ئەم لایەنەشی فەرامۆش نەکردووەو باسی چەندەها بەسەرها تمان بۆ دەگێڕێتەوە وەکو شەڕی (حەبیباغەی سیاوی)و خۆشەویستی (ئەسمەریَ کابایزی و مامەراغەیی)و چەندانی تر. نموونەش بۆ ئەم لایەنە، فەرموون لەگەڵ ئەم حەیرانە:

(**حەیران گۆتمە دریَ خۆم بەو سەبیانەی لۆهەندە کەسادی، وەرە دەستیَ خۆمان تێکبگرین بچینەوە سەر چیایەکەی بێستوونی بزانین چیکردییە کورینکیَ کاکە فەرهادی، سەتی وەکی من و توو چووینە بن گۆڕو گۆڕخانان بەشوونەکی رەش بە وچاغەکی کۆر سەری خۆیان نایتەوە بەبیَ مرادی**).

ئەم حەیرانەیە مێژووی خۆشەویستی و هەوڵ و تێکۆشانی (فەرهادی دڵداری شیرین)مان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها روونی دەکاتەوە کە فەرهاد بە خۆی و قوڵنگەکەی کەوتۆتە گیانی کێوی بێستوون، کورەتیمە حەیران داوا لە کچەتیمە حەیران دەکات کەوا بەیەکەوە بچنە سەر کێوی بێستوون بۆ ئەوەی بزانن کاکە فەرهاد بەخۆی و قوڵنگەکەی چی کردووە!!

# حەیران و جوگرافیا

حەیرانبێژانمان لێهاتووانە ناوی ناوچەو مێرگو کانی و چیاو شارەکانی کوردستان دەزانن لەکاتی حەیران گۆتندا وەکو جوگرافیاناسێکی شارەزا یەك بەیەك

ناوی ئەو شوێن و ناوچانە دەبەن کاتێ حەیرانبێژ نمان لەمەڵبەندی حەیران قەراتی پیرە مەخمووری بەڕێ دەکەون بۆ قەبرستانی (شێخ محەممەدی)و ئاوییێ دەرماناوێ و جۆتە ئاشان و بنبەردیو کەرکێ حوسێنی غازی و گومبەتی برایمی بایزی و، لەوێ بەڕێگای بازارگەدا دەچنە سەر بیرێ مەحموودی سەنان لە بەینی گاوەرەو کاولە کەنداری و، هێواش هێواش شۆڕدەبنەوە لە بۆ دێبەگەو ئاقاری کەندیناوێ و تاوێك ماندووی خۆیان دەحەسێننەوە لەکانی داودەرەشی و بیرێ حاجی رەحمانی عالڵای لەوێش بەرەو زوورگەزراوی مل دەنێن و تا دەگەنە سەر گردی پیرداودی و دەڕۆننە ئاقاری شێراوەو کاولە قوچە برباسی، لەوێش بەڕێ دەکەون بەرەو بانی گردەسۆری و چەولنگی کاولە پردیۆ سەلەی خەلیل ئاوڕە حمانی و بیستانەی گەورەو سەرێ گیرەش و بەستی شەلغەو گۆکتەپەو گۆمەشینی سەیدان و لە پاشان دەربەندی پیرە گۆمەسپانێ و دۆری حوشتر قوتان و لەدواییدا بەرەو سەر بەتاسێ خۆشناولن و قەراتێ دیوینێ و تەوسکەو کاموسەكو کۆلکەرەشی و بابەگیسكو خرێ عەلی بەگی لەدوایی لەکۆرەکی غلۆر دەبنەوە لەگەڵ کیژە رواندوزی و بارەکیان تاوێك دەست لەملانێ و مەمك گوشین و گەوز گەوزانێ دەکەن لەپاشان هۆی دەدەنەوە بەرەو دارێ شەکرانێ و قەپەك و مام خارلن و دارەبەن و ئاشۆکان، ئینجا لەگەڵ شەپۆلی زێی پیرە بادینان سووڕ دەخۆن و بەرەو عاوییێ بشیریان و قوچەکی کەرەکی یاسیناغەو خەزنەو تەرجانی شەمامك و رنەی گوێڕی و کوشاف و زمارەو زماران و دێنەوە سەر گۆمێ سێ قولینجك لەبەینی معێجیلەو کاولەمشاری و دەچنەوە زیارەتی سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبی و لەپاشان گۆمێ گەڕیلەو مارواشان و دەراوییێ بازنان و بستێ بەرازکوژلن و خەندەکێ بابە خەلیفەی و لە پاش ئەم گەشتە دوورو درێژە بۆ دواجار لەکلکەی دارەبزماران و قەرەبۆتك و قەرەبێتکان شۆڕدەبنەوە لە بۆ مەخمورە گچکەلەی خۆمان.

نموونەش بۆ ئەم لایەنە فەرموون لەگەڵ ئەم حەیرانەی خوالێخۆشبوو (حەسەن حەیرلن):

**( دەرێم : براینە بەچاوێ مـن بـرۆننێ گـەوارەکی هینـا چـەند هـورد دەبـاری، ئـەوا شـۆڕەکاتەوە دەوزێیـێ عـارەبـان دەگرتـەوە دەشـتی کاولـە قـەراجی سـەرێ قـەرەبۆتك و قـەرەبێتکان دەراوێ قورینگان گۆمێ مەراوشان دەوزێیەکـەی بادینـان گومبەتەکـەی سـوڵتان عەبـدوڵڵای عـارەبی سـەرێ قـەراتێ پـیرە مـەغمووری شـۆڕدەبتەوە لـەدەرکی بازاڕگـەی خۆمـان گەلـە گەلـە بـەنازی تەڕدەکاتـەوە سـەرو پەرچـەمێ شـەنگەبێ گـاورەو کاولـە کەنـداری، ئـەمن دەرێـم خۆزیـا بـە خۆزیـداران بـاجگری ماچـان بوومایـە لەسـەر پردەکـەی کاولـە روانـدزێ ئەوەلـەن لـە کیـژۆرە بارەکیان لە گەردەن کێلێ رواندزیان لەسـەربەتاسـێ خۆشـناوان هێقـە بـە سـنجاقێ کۆییـان سـەر بەپۆشـێ سـولەیمانییان لەعـەبا رەشـێ هـەولێرییان لـە بـسك قـوتێ سـارەیی یـان لـە کێـژێ خێلەکیو رەوەندیو ئاکۆیی و مام سارو خەیلانیان لـە شل و مل و چـاو بـەکل و باغـەر شـۆڕێ دزەیـی یان ئەمان وەکی فەسرێ دەرەبواران دێنـەوە لەسـوڵتان عـەوڵڵای عـارەبی لـە گـۆمێ سـێ قـولینجکی لە گۆمێ معێجیلەی ناوەڵڵا لە کەندو لەندێ کاولە مشاری ).**

* **

# حەیرانو ئایین

حەیرانبێـژانمان لایـەنی دینـداریو ستایـشی پێغەمبـەر(د.خ)و پیاوچـاكو نـاودارانی ئایینییان لەیاد نـەکردووەو، ئەم جـۆرە حەیرانە تایبەتە بە دەروێشان لـە کۆڕی زیکـرو خواپەرسـتی و بۆنـەی ئـایینی بـەئاوازێکی رێکوپێـك دەگوترێـت و باشـترین حەیرانبێـژی ئەم لایەنە (دەروێش ئیبراهیم)ە، فەرموون لەگەڵ ئەم نموونەیە بۆ ئەم لایەنە:

**( حەیران خۆزی گورەك بام لە گـورێ نـەورۆزێ، شـین ببـام لەسـەر کێـوێ عـەرەفات رۆژی عالفـەی وەکـی خێـوەتی حاجییـان هـەردەدا لـەو مقـامێ عـەرەفات لـەناو غوبـارو تـۆزێ، ئـەی گـەلی موسـڵمانان دەیـاڵڵا بـەعام بـچینە خزمـەتی شـاهی مەدینـەی ئە حمـەدی موختـار لـەوێ لەگـەر عەزیزو خۆشەویستان بکەین جێژنەو پیرۆزی ).**

* * *

# حەیران و داشۆڕین

حەیرانبێژا نمان ئـــەم لایەنەشیان فەرامۆش نەکردووەو تائێستا فۆلکلۆرپەروەران باسـیان لێـوە نـەکردووەو پێویـستی بەپـەرە لـەڕوو لادانـە. لایـەنی داشـۆڕین لەحەیرانـدا دەبێتە دوو جۆر:

أ- بـەزمو رابـواردن: ئـەم جـۆرە حەیرانــە بـۆ پێکـەنینو کـات بردنــە سـەرەو لـەکاتی شەوی درێـژی زسـتانان جا حێلانی گونـد کۆدەبوونـەوەو دەسـتیان دەکـرد بـە گـەڕەلاوژەو هەریەکـە حـەیرانێکی دەگـوت بـۆ ئەوەی شـەوەکە بەخۆشـی ببەنـە سـەر، نموونـەش بـۆ ئەم لایەنە فەرموون لەگەڵ ئەم حەیرانە:

**( حـەیران لـە کەنـدیناوێ، بـەفکرت نـایێ وەکـی دەچـووینە راوێ، قــەتێمان دەگـرت بـە داوێ، لێمان دەنا بە پراوێ، ئەوجا لۆ خۆمان لەسەر دەکردەوە ماستاوێ ).**

ب-ســێکس: ئەگـــەر گـــوێ لـــە حـــەیران رابگـــرین بۆمـــان دەردەکـــەوێ زۆربـــەی حەیرانـەکان باسـی سـینگی سـپیو مـەمکی قیـتو گـەردەنی زەردو مـاچو مـوچ دەکـەن. بەڵام حەیرانبێـژی وامـان هەیە کـەوا بەشـێوەیەکی تایبـەتی باسـی ئـەم لایەنـە دەکـاتو لـەکاری مـاچو مـۆچ کـردنو گـەوز گـەوزانێو مـەمك گرتنـی تێپەڕانـدووە. نموونـەش بـۆ ئەم لایەنە فەرموون لەگەڵ ئەم حەیرانە سێکس ئامێزە:

**( حەیران لە پەنا سەرگینێ، ئـەوجا ئـەمن دەرێـم وەرە خۆمـان مـات کـەین کـەس نـەمان بـینێ، ئەتۆ سینگێ خۆت لۆم واراکە مەمکت لـە بـۆن بکـە بـالیف هـەتا سـبەینێ دەوت لـەناو دەوێ نـێم و بگرم مەمکێ دیکەت ئۆخەی دەرێـی هەرمێیـە لەسـەر ئـەوێ سـینگێ تـوو بـەجۆت خـەومان لێبکـەوێ کەس هەرمان نەستینی ).**

* * *

# فەرهەنگی حەیران

حـــەیران فەرهـــەنگێکی ســـەربەخۆیەو نـــاوی چـــەندان عێـــلو عەشـــیرەتو ناوچـــەو ئـافرەتی شـۆخو شـەنگو گـەورە پیـاوانی کـوردی بـۆ پاراسـتووین، سـەرەڕای ئـەوەی

باسی داب و نەریتی ئەو خێڵانەمان بۆ دەکات و پێمان دەڵێ: ئافرەتی فلانە خێل ئاوایەو ئاوا نییە! بۆ نموونە:

باغەر شۆڕێ دزەییان، گەردەن گێلی روانـدزییان، سەر بەتاسی خۆشناوان، هێقە بە سنجاقێ کۆییان، سەر بە پۆشێ سولەیمانییان، عەبا رەشێ هەولێرییان، بسك قوتی سارەییان و چەندانی تر.

ئەگەر لەم ئاوانەی سەرەوە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا دەستووری ئافرەتی دزەییان ئەوەیە، کە کراسی بە باغەر لەبەر دەکەن و ئافرەتی خۆشناوان سەر بەتاسن و هیچ کۆییان سنجاقی لە یەخەی خۆیان دەدەن و ئەوانی تریش هەر بەم شێوەیە.

بەڵێ حەیران فەرهەنگێکی سەربەخۆیە بۆ زمان و ئەدەبی کوردیمان، هەروەها کە ناوی شوێنێ دێنێ لەناوچەیەك ئەوا ئەو شوێنە بەتەواوی دەست نیشان دەکات بۆ نموونە:

کە دەڵێ بچینە سەر (بیرێ مە حمموودی سەنان) یەکسەر دەڵێ لەبەینی گاوەرەو کاولەکەنداری. ئەوەی شایانی باسە ئەم لایەنە لەحەیراندا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ فراوان هەیە بۆ ئەوەی بەتەواوی بچینە نێو بنج و بنەوانی ئەم باسە، پێویستە شوێن بەشوێنی کوردستان بگەڕێین و ئەم شوێن و ناوچانە بەچاوی خۆمان ببینین کەوا حەیران باسیان لێوە دەکات.

* * *

## مەڵبەندی حەیران

هەروەك روون و ئاشکرایە مەڵبەندی حەیران دەشتی هەولێرو قەراج و کەندیناوەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن و ناوی ئەو

شوێنو ناوچانەی نێو حەیرانەکان هەمووی هی ئەم دەشتە پانو بەرینەیەو کەم حەیرانبێژ هەیە ناوی قەراج و کەندیناوەو هەولێر نەهێنێ، بێجگە لەمە کاتێک حەیرانبێژ دەست بەگوتنی حەیرانەکەی دەکات لە قەراج و مەخموور هەردەستێ بۆ هەر کوێیەك بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە. لێرەدا نامەوێ درێژەی پێ بدەم لەبەر ئەوەی مامۆستا فۆلکلۆرپەروەر (ئەسعەد عەدۆ) لەژمارە (110)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەدرێژی باسی لەم لایەنەی کردووەو راو بۆچوونەکانیشی زۆر جوان و بەجێن.

* * *

## بەشی دووەم

# کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی

## حەمەد بەگی کێیە؟

ناوی تەواوی (حەمەد ئیسماعیل ئەحمەد دێوانە)یە. لەنێو خەڵك بە (حەمەد بەگی) ناوبانگی دەرکردووە. ساڵی (1912) لەشاری مەخموور لەدایکبووە. ناوبراو لەعەشیرەتی (شێروانی)یە، ساڵی (1933) باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەلای برا گەورەکەی دەمێنێتەوە کە ناوی (خدر بەگی) دەبێت-ساڵی 1935 کۆچ دەکات بۆ دێی (حاجی شێخان) لەناوچەی کەندیناوە، تا ساڵی (1937) لەوێ دەمێنێتەوە. دوایی بۆ شاری مەخموور دەگەڕێتەوە، ژیانی منداڵی وەکو منداڵانی ئەو سەردەم بە مەڕو ماڵات بەخێو کردن و کاری تری کشتوکاڵی بەسەر بردووەو هەر لەتەمەنی منداڵییەوە لەدەوروبەری ساڵی (1929-1930) دەستی بەحەیران گوتن کردووە، لەساڵی 1932دا کچێ دەخوازێ بەناوی (زەکیە)و دەبێتە هاوسەری ژیانی. ساڵی 1944 کۆچ دەکات بۆ دێی (چەغەمیرە) لەناوچەی کەندیناوەو لەساڵی 1963دا دەگەڕێتەوە بۆ مەخموور. حەمەد بەگی چەند کاسێتێکی لەچاپخانەی (مەچکۆ) لەشاری هەولێر تۆمار کردووە، لەساڵی (1954-1955) چەند کاسێتێکی تری لەچاپخانەی (حەمەد ئاغا) لەشاری کەرکوك تۆمار کردووە هەر لەو ساڵەدا (1954-1955) لەلای (کانەبی حەوێز ئاغا) لەناوچەی کەندیناوە سەرکار دەبێت.

حەمەد بەگی حەیران گوتنی لەباوکی بۆ ماوەتەوە، واتە (ئیسماعیل ئەحمەد دێوانە)ی باوکیشی هەر حەیرانبێژ بووە. خوالێخۆشبوو هاوڕێیەتییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ هونەرمەندان (رەسووڵ گەردی)و (عوسمان حەیران)و (خدر حەیران)و هونەرمەندی گەل خوالێخۆشبوو (تایەر تۆفیق) هەبووە.

حەیرانبێژ شەش منداڵی هەیە چوار کوڕو دوو کچ:

(قادر – حەمید – عوسمان – خالید – قەدریە – بەدریە) ئێستا منداڵەکانی لەشاری مەخموور دادەنیشن.

مام (حەمەد بەگی) حەیرانبێژمان لەڕۆژی (1976/7/21) دڵی لەلێدان دەکەوێت و بۆ دواجار چاوی لێك دەنێت و ماڵئاوایی لەکۆڕی حەیرانبێژی دەکات و لەگۆڕستانی (شێخ محەممەد) لەمەڵبەندی حەیران لەشاری مەخموور بەچاك دەسپێردرێت. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی حەمەد بەگی و هەموو ئەوانەی خزمەتی هونەری کوردیمانیان کردووە.

* * *

## ڕەوشتی حەمەد بەگی

چەندەی بڵێی مرۆڤێکی دەم بەپێکەنین و ڕووخۆش و نوکتەبازبووە. هەروەك لە هاوڕێیانی ئەو گوێ بیست بوومە، کاتێك دەچووە دیوەخان دانیشتوانی دیوەخان بێدەنگ دەبوون و چاوەڕوانی دەمی ئەویان دەکرد تاکو چیرۆکێکی خۆشیان بۆ بگێڕێتەوە یان حەیرانیان بۆ بڵێ. زۆر شەیدای بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتیش بووە. حەیرانبێژ مام خدر گردگراوی بۆی گێڕامەوە گوتی (لەگەڵ حەمەد بەگی لەچیای قەرەچووغ و ماوەیەکیش لەحاجی شێخان شوان بووین، نەیدەزانی تووڕە بوون و تۆران چییە، زۆر دڵ ساف بوو لەبەر دڵ سافییەکەی خەڵك هەموو خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت).

لێرەدا ڕەوشتی حەیرانبێژمان بۆ دەردەکەوت، کوردیش دەڵێ: (مشتێك نموونەی خەروارێکە).

# حەیرانەکانی حەمەد بەگی

حەیرانبێژ خاوەن دەنگێکی زۆر بەتین بوو، حەیرانەکانی هەمووی (سەرچیا)یین. دەگێڕنەوە دەڵێن: لەسەر سێ گردکان و بازاڕگەی حەیرانی دەگوت، لە مەخمووری گوێیان لێدەبوو (ئەم دوو شوێنەش واتە سێ گردەکان و بازاڕگە (2-3)کم لە مەخموورەوە دوورن).

زۆربەی حەیرانەکانی بە سەردەشتی قەراج و قەرەچووغ و گەرێی سەنگەران و ئاویێ بنبەردی و شارگەیێ سەفەری و کەرکی حوسێنی غازی و زوورگەزراوو کەندیناوەو شارە خنجیلانەکەی مەخموورو ئەو کۆچ و کۆچبارانە دەگوت کە لەناوچەکانی ترەوە بۆ دەشتی قەراج دەهاتن. لەحەیران گوتندا خاوەن دەنگ و ئاوازی خۆی بووەو لاسایی کەسی تری نەکردۆتەوەو وشەی گەردەن گێل و خەزێم شۆڕ لەزۆربەی حەیرانەکانیدا دووبارە دەبنەوە.

## چەند نموونەیەك لە حەیرانەکانی حەمەد بەگی

### (1)

خزمینە چبکەم دەرێم بوارم لێ خۆشبوو گەوارەکی دامەزراند لۆیێ گەلەکە سەردارم ناتگەمێ خەزێم شۆڕ لە بنەمیێ پیرەشەرگاتی، ئەمان تەڕی دەکرد کلکەیێ گەرعەو گەرعوساریان کلکەیێ مارواشان خەندەکێ خەلیفەی گۆمێ قورینگان دەراوییێ بازنان کلکەیێ قەرەبۆتکێ لۆیێ لە بۆت نمام دارییێ بەرگورێ قەپەکێ مام خاران چۆمێ کوڕە ڕەوەندان قەراتێ پیرە هەولێرێ ناتگەمێ گەردەن کێل سەرێ زوورگەزراوێ خۆمان خزمینە لە کاکێ تو تەڕدەکا کاولە وراتی،

بابە چبکەم دەرێم بەوێی پایزێ خودا بەتکارێ من و بەژنێ باریك و قەدو قامەتێ شلك بگری ناتگەمی گەردەن کێل وەکی بەوێ پایزێ بابە خزمینە دەرێم حەیرانەکەمیان لێ کردمە حەسرەت و قاتی.

( 2 )

کاکە خزمینە ئەنگۆ بڕۆننێ دەرێم سبەینە لە من سبەینە مەڕۆناتگەمێ گەردەن کێل دارکەرێ لە داران لە گەرییێ سەنگەران،

ئەوجا حەیرانی کاکینگۆ مامز بوو بابە سبەینان دەچوومە دوێ دەستم دەداوە تفەنگێ پارێزێ خۆم دەستاند سەرم دەبردەبن سێرمییێ تفەنگێ قەدیمە راوکەران دەیانگۆ وەتیم حەیران حەیرانەکەی تووگە لەمنداوە چ تفەنگانی مەگرێ سەرم هەردەگرت لە بن سێرمییێ تفەنگێ ئاورێ خۆم دەداوە لە کۆمەرێ راوکەران، ئێوارە گەلە درەنگە خزمینە حەیرانەکەی من ئاوا دەبوو لە کۆسپەیێ حوسێنی غازی ئاوی خۆی دەخواردەوە لە ئاویێ بنبەردی دەلەوەڕا لەشارگەیێ سەفەری سبەینان هەموو سبەینان بابە لە کاکێ تو دەڕۆییە خوارێ لۆزەوی وزارێ مەحمەر ئۆمەران.

( 3 )

کاکە خزمینە ئەمن دەرێم ئەستێرەکەم لێ هەرات لە تاقی عاسمانی، مەڕۆناتگەمێ گەردەن کێڵ شەوقێ خۆی دەداتەوە لەسەرێ حەسەن موتریبو دار دێدوانێ خزمینە دەرێم لە کاکینگۆ سۆردەکاتەوە جەولنگی پردێ لەگەدارێ شیلانێ، ئەوجا ئەمن شەدەکی لۆبەژنێ باریکو قەدو قامەتەکی شلك دەکرم لە خمێ کارخانێ ماینەکی دەدەم لۆگورینگ لێنانێ هەسپەکی دەدەم لۆسیم پێچانێ ئەوڕۆ سەرێ چەندرۆژانە کاکە خزمینە دەرێم حەیرانەکەی من لێم زیزە لەسەری نانێ.

( 4 )

( کاکە خزمینە ئەمن دەرێم لە هۆزێ مەرزان لە غەرێ شاسواری، مەڕۆناتگەمێ گەردەن کێل کێم شیرن دەدیت یەکیان حەسەناغەی دزیی ئەویدکەیان ئەسمەرێ کلبایزاغەی زراری، چەند شیرین بەویێ سبیانێ رادەکێشێ سەرێ شێوەری بابە خزمینە نەرم نەرم دەباتە خوارێ لۆ سەر

**بیرێ مە حموودی سەنان مەڕۆ نانگەمێ خەزێم شۆڕهێواش هێواش بابە لە کاکینگۆ دەڕواتە خوارێ بە بەینی گاوەرەو کاولەکەنداری ).**

( 5 )

**( بابە ئەنگۆ بڕۆننێ سبەینان لە گەگەزەنگێ رۆژی بابە زەیینێ خۆبدەنەوە سەفینا سەر بەتۆزە، ئەمن لۆت بمینێم گەردەن کێل لە رفتو رۆینێ گەلە بەلە نجێژە، زەینێ خۆبدەنێ لەسەر بەتاسێ خۆشناوان لەشەنگ و شۆڕێ خەیالانییان، لەبەرچەم سۆرێ سۆربەشییان لەخەزێم زەرێ دزەییان بابە دەچوونە سەر کانیێ بنەسراوەی سەفیان دەبەستا بەڕێزە ).**

* * *

ئەوانەی خوێندتانەوە بەشێك بوون لە حەیرانەکانی حەیرانبێژی دەشتی قەراج و بناری چیای قەرەچووغ و مەخمووره گچکه لەو ئاوییێ بنبەردی خوالێخۆشبوو (حەمەد بەگی).

تێبینی: کاتی خۆی ژیانو حەیرانەکانی (حەمەد بەگی)م پێشکەش بە فۆلکلۆرپەروەر (سەعدوڵڵا شێخانی) کرد. لێرەدا بابەتەکەی من لێدوانێکە لەسەر حەیرانو بە نموونە (حەمەد بەگی)م هێناوەتەوە. غ.م

# ئەنجام

لەم کورتە باسەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە حەیران جۆرە مقامێکی رەسەنەو تایبەتە بە میللەتی کوردو باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریمان دەکات. سەرەڕای ئەوەی دەتوانین بڵێین کەوا گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی، کە حەیران لەدەشتی هەولێرو قەراج و مەخموور سەری هەڵداوەو بەرەو ناوچەکانی تری کوردستان رۆیشتووە. بێجگە لەوەی کە باسمان کرد بۆمان روون دەبێتەوە، کە (حەمەد بەگی) حەیرانبێژێکی لێهاتوو شارەزا بووە لەکۆڕی حەیرانبێژیدا.

لەکۆتاییدا دەلێم هەر ئەوەندەم پێکرا. هیوادارم کارەکەم جێی رەزامەندیتان بێت و ئەمن مەمنوون!

**غەفوور مەخمووری**

**هاوینی 1988 - مەخموور**

# فەرهەنگۆك

(ئـ)

ئەسمەرێ کابایزاغەی: ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی هۆزی زراری بووە.

ئاشۆکان: گوندێکە لەناوچەی بەڕانەتی.

(ب)

بازاڕگـە: گەلییەکـە لـەنزیك قـەزای مـە خموورو ڕێگـای هـەولێرو مـەخمووری بـەناودا دەڕوا.

بێستوون: کێوێکە لەرۆژهەڵاتی کورستانە.

بنبـەرد: کانیاوێکـە لـەبناری چـیای قەرەچـووغ و ئاوەکـەی لـە بـن بەردێکـەوە هەڵدەقوڵێت.

بـیری مـەحموودی سـەنان: بیرێکـە لـەنێوان گونـدی گـاوەرەو کەنـدار لەدەشـتی کەندیناوە.

بیری حاجی رە حمانی عاڵڵای: بیرێکە لەگوندی عاڵڵای سەر بەنا حیەی دیبەگە.

بانی گردەسۆری: بانێکە لەگوندی گردەسۆری سەر بەنا حیەی قوشتەپە.

بیستانە: گوندێکە سەر بەناحیەی قوشتەپە.

بەستی شەڵغەی: بەستێکی پان و بەرینە لەدەشتی کۆیە.

بابەگیسك: گوندێکە سەر بە نا حیەی سەلا حەددین.

بستی بەراز کوژان: بستی، زوورگێکی نزم، ئەم بستییە لەدەشتی قەراجە.

بازگە: ڕێبازگە.

(پ)

پەرچەم: بەشێکە لەقژی ئافرەتان و دێتەوە سەر چاویان.

(ت)

تەرجان: گوندێکە لەناحیەی خەبات (کەڵەك).

(ج)

جامبێزار: جۆرە چەکێکی کۆنە.

جام: بادی.

جۆتە ئاشان: دوو ئا ش بوون بە ئاو ئیشیان دەکرد لەنزیك مەخموور.

(ح)

حوسێنی غازی: چاکێکە لەخوار گەلی بازارگە لەنزیك مەخموور.

حەبیباغە: یەکێك بوو لەکوڕەکانی برایماغای دزەیی لەشەڕێکی ناوخۆیی کوژرا.

حاجی شێخان: گوندێکە لەبناری قەرەچووغ.

حەسەن موتریب: گوندێکە سەر بەناحیەی قوشتەپە.

حاوی بشیریان: بشیریان، گوندێکە لەناحیەی بەردەڕەش لەپارێزگای نەینەوا.

(د)

دەرمانئـاوا: کانیاوێکـە لـەبناری قەرەچـووغ لەمـەخموور ئاوەکـەی دێتـەوە نـاو دێـی قەسرانو جوتیارانی ناوچەکە بیستانی لەبەر دەکەن.

دەربەندی کۆمەسپانێ: دەربەندێکە لەگوندی گۆمەسپان سەر بەکۆیە.

دارێ شەکرانی: دارێکی مێژوویە لەنزیك گوندی مام خاران لەناوچەی زرارەتی.

دارەبەن: گوندێکە سەر بە ناحیەی عەنکاوە.

دەراوێ بازنان: گومێکە لەدەشتی قەراج.

دارەبزماران: کلکەیەکە لەچیای قەرەچووغ.

دەراوێ قورینگان: گومێکە لەدامێنی چیای قەرەچووغ.

دار دێدەوان: دارێکە لەنزیك گوندی بانەمورد سەر بەقەزای کۆیە.

(ڕ)

ڕنەی گوێڕی: ڕنە، تەلان، لێژاییەکە لەنزیك ناحیەی گوێڕ.

(ز)

زوورگەزراو: زوورگێکە لەکەندیناوە لەنزیک دیبەگە.

(س)

سولّتان عەبدوڵلا: چاکێکە لەسەر زێی بچووک و دێیەکەی چاکەکەی لێیە هەر بەم ناوەیە.

سێ گردکان: سێ لوتکەی بەیەکەوە بووی چیای قەرەچووغە.

(ش)

شێراوە: گوندێکە لەناحیەی پردێ (آلتون کوپری).

شارگەی سەفەری: گۆڕاییەکە لەدامێنی قەرەچووغ.

شەرگات: (شرقات): قەزایەکە سەر بە پارێزگای سەلاحەددین (تکریت).

(غ)

غەڕی شاسواری: غەڕە بەردێکە لەچیای قەرەچووغ.

(ق)

قوچە برباس: گوندێکە لەنزیک گردی پیرداود لەدەشتی ملکیە.

قەراتی دوینێ: قەڵایەکی کۆنە سەر بەناحیەی سەلاحەددین "پیرمام".

قەبرستانی شێخ محەممەدی: گۆڕستانێکە لە مەخموور.

قەپەک: ناوی گوندێکە لەناوچەی زرارەتی.

قەرەبۆتک و قەرەبێتک: دوو لوتکەی چیای قەرەچووغن لەڕۆژهەڵاتی مەخموور بەرزترین شوێنی قەرەچووغ لوتکەی بێژینگ بەسەرە، کە بەرزاییەکەی دەگاتە (798)م لەئاستی رووی دەریاوە.

(ک)

کەساد: زوڵم لێکراو.

کەنار: گوندێکە سەر بەقەزای مەخموور.

کوشاف: گوندێکە سەر بە ناحیەی گوێڕ لقەزای مەخموور.

کۆلکەڕەش: گوندێکە لەناوچەی خۆشناوەتی.

کۆڕەك: چیایەکە لەنزیك گەلی عەلی بەگ.

(گ)

گومبــەتی برایمــی بــایزی: گــۆڕی خوالێخۆشــبوو برایماغــای دزەییــە لــەخوار گــەلی بازارگە.

گاوەرە: گوندێکە سەر بە قەزای مەخموور.

گردی پیرداودی: گردو گۆڕستانێکە لەسەر ڕێگای هەولێرو مەخموور.

گێرەش: سەرە زوورگێکە لەلای هەرمەجەو بیستانەی.

گۆمی گەریلەو مارواشان: دوو گۆمن لەدەشتی قەراج لەگوندی مارواشان.

گەرعە: گوندێکە لەدەشتی قەراج.

گەری سەنگەران: گەڵییەکە لەچیای قەرەچوغ.

گۆکتەپەو گۆمەشین: دوو گوندن سەر بە کۆیە.

گـومی سێقولینجك: دوو گـۆم بـەم نـاوە هەیـە یـەکیان لـە گەرەسـۆرو ئەویتریان لـەنێوان معێجیلەو مشارە.

(ن)

نۆین: سەنگەر، خەندەك.

(م)

مەچـکۆ: چـایخانەیەکی کـۆنی شـاری هـەولێرەو ئێـستا ش مـاوە، خاوەنەکـەی نـاوی (مەجیـد) بـووە، لەبـەر ئـەوەی مرۆڤێکـی روح سـوك بـووە خـەڵك لەخۆشەویـستیان ناویـان ناوە (مەچکۆ).

مامەراغە: ئاغایەکی هۆزی زراری بووە.

مام خاران: گوندێکە لەناوچەی زرارەتی.

معێجیلە: گوندێکە سەر بە ناحیەی گەیارە (القیارە).

مشار: گوندێکە سەر بەقەزای مەخموور.

# چاو پێکەوتنەکان

1- دانیشتنێك لەگەڵ حەیرانبێژ (خدر گردگراوی) شوباتی 1988 لەکۆمەڵگای قەراج.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان:

أ- حەمید حەمەد بەگی.

ب- قادر حەمەد بەگی، لەشاری مەخموور.

3- دانیشتنێك لەگەڵ حەیرانبێژ (پوورە خوجێ) لەڕۆژی 1988/1/29 لەشاری مەخموور.

4- دانیشتنێك لەگەڵ حەیرانبێژ (مامندی شێخ محەممەد) رۆژی 1988/2/22 لەشاری مەخموور.

5- دانیشتنێك لەگەڵ شاعیری میللی (رەفیق راوچی) لەرۆژی 1988/1/28 لەمەخموور.

6- دانیشتنێك لەگەڵ هەردوو حەیرانبێژ (حاجی خولە)و (قادری حاجی عوسمان) لەمەخموور رۆژی 1988/1/20.

ئەمانەو چەندانی تر وابزانم پێویست بەوە ناکات ئەم هەموو ناوە ریزکەم.


# سەرچاوە


1- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د.عزالدین مصطفی رسول.

2- دیوانی حەیرانبێژان، ئەحمەد حەیران.

3- رۆشنبیری نوێ، ژ (110)، لاوك و حەیران لە فۆلکلۆردا، اسعد عدۆ.

4- گۆرانی، کوردی و مەریوانی، بەغدا، 1932.


له بلاوكراوه‌كانی سه‌عدوللا شێخانی ژماره ( ٢٨ )
فۆلكلۆر:
بناری قەرەچوغ
★ غەفوور مەخمووری ★
١٩٩٠

# بناری قەرەچووغ

غەفوور مەخمووری 1990

# چر پەیەك!!

خوێنـــەری خۆشەویـــست: ئـەم بەرهەمـــەی بەردەســتت بریتییـــە لـــە کۆمـــەڵێ هـۆنراوەی فۆلکلـۆریو چـەپکێ حـەیران، ئـەم هـۆنراوەو حەیرانانـەش تایبـەتن بـە دەشــتی قـەراج و مـەخموور... واتـە بنـاری چیای قەرەچـووغ، بۆیـە بەرهەمەکـەش هەر بەناوی (بناری قەرەچووغ)ەوەیە.

هیــوادارم شــتێکم بــە شــتێك کردبێــت و تــوانیبێتم ئــەم هــۆنراوە و حەیرانــە فۆلکلۆرییانە لە فەوتان رزگار بکەم و ئەمن منون!!

**غەفوور مە خمووری**

**زستانی** 1987

# کۆمەڵێ هۆنراوەی فۆلکلۆری

## هە ڕاوە ڕاوە

هە ڕاوە ڕاوە...
هێ برام چ ڕەشە ڕاوە
ئەو شینکەی ناوقەد بارێك
لە نوارلن پاری داوە
درم نەهات چی برێمێ
دەوم لە هەوکی ناوە
هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە بستێ سلماسی[1]
هەسپان زین و لغاو کەن
تاژیان نێچیر نە ناسی
هێ برینانم تیمار کەن
بە دەستێ ناو مەیاسی
هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە چۆم و چۆم بەستان
هەسپان زین و لغاو کەن
تاژییان بگرن لە ڕستان
هێ برینانم تیمار کەن

1 – سلماس: گوندێکە لە دەشتی قەراج.

بەدەستێ کەونە دۆستان
هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە بستێ گەزۆکی[1]
هەسپان زین و لغاو کەن
تاژییان بەردەن چەپۆکی
هێ برینانم تیمار کەن
بەدەستی ناو عەیشۆکی
هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە چۆمێ زمارێ[2]
هەسپان زین و لغاو کەن
تاژییان بەردەنە کارێ[3]
هێ برینانم تیمار کەن
بەدەستی کەونە یارێ
هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لەدەورەی قەرلتێ
هەسپان زین و لغاو کەن
تاژییان نێچیر ناگاتێ
هی برینانم تیمار کەن
بەدەستی پوورە فاتێ

1- گەزۆک: گوندێکە لەدەشتی قەراج.
2- زمارە: گوندێکە سەر بە ناحیەی گوێڕ لەقەزای مەخموور.
3- کار: کارمامز، کارناسك.

# دەلێم گەڕێ

دەلێم گەڕێ لێم گەڕێ
بترازینم کەمبەرێ
بەیانی ڕۆن کردووە
لۆ خۆم زوو بچمە دەرێ
هاتووە لەلای هەندێزێ
بە لیرەی دەکەم ڕێزێ
با لەسەر تۆ بمکوژن
وەک مام سالحی تەورێزێ
چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
هەردێ لەلای گاورکان
ناوێرم ئەو کچەی ماچ کەم
لەبەر منداره وردکان
هاتووە لەلای تەم تەمێ
دوو خاری لەسەر دەمێ
بە قوربانی تۆی دەکەم
گەورەو گچکەی عەجەمێ
بەری عاسمان بە هەورە
سپییە وەکوو بلەورە
بە جدی بابی گەورە
دوونێ کەم ئەو کچە ماچ کرد

جیٚ شویٚنی سمیٚرم چەورە

هاتووە لەلای هەورازی

بە کراسی چیتی غازی

تەگبیریان لە یاریٚ کرد

مەمکی بگرن بە گازی

هاتووە لەلای بیتویٚنیٚ

لیٚم زیزە و نامدویٚنیٚ

بە چاوان چاوم لیٚ کرد

بە برۆیان دەمدویٚنیٚ

هیٚ کچیٚ بینە ماچت کەم

برندیٚ چاو شەهیٚنیٚ

هەموو جەرگم کون کونە

پاکی خین دە دمریٚنیٚ

# ماچ

سبەینەکێ دای بەیانی
کیژان دانان کۆرو کانی
سوبحانەڵلا چەندە جوانی
دەرێێ گورێ ناو باغانی
لەگە توومە لفکە شۆڕێ
بەسملن بە غەزەب بنۆڕێ
بەسملن بنۆڕێ بە غەزەب
ملچەکت لێ دەکەم تەرەب
تەرەب دەکەم لە هی گەردەنێ
تۆقێ دەگۆتنە بەر بەنێ
یەک لە یەکێ ناکەین فەنێ
هەتا رۆژێ پێ مردنێ

## هیٚ کاکە سەریٚ مەن دیٚشی

- 1-

هیٚ کاکە سەریٚ من دیٚشی
دەردیٚ لە درم گرانە
دەچم لۆ عەلی رەشی[1]
جیٚی کیژو کارانە
نەینۆک لەگەر کلٚدانە
بە منی دەدا نیشانە
سوندی دەخوا بە قورعانیٚ
کرپم لە عەتارانە
کانییەکی پیٚ دەزانم
لەسەر لوتکەی شاخانە
وەرە لۆ خۆمان بچین
شک نابەن ئەو خزمانە
دەچوومە سەر کانیٚ
گازم دەکرد حەیرانە
چاو ڕەش بەویٚ دا دەهات
دەمانکرد گەوز گەوزانە
سوسن و هەرارە و بەیبوون
هاتن گەیینە چۆکانە

1-عەلی ڕەش: گوندیٚکە لەدەشتی قەراج.

هێ برام گەلە علجزم
دەچمە ناو عارەبانە
یەغبارم گەلە کت ڕەشە
لۆم نابێ دەغرو دانە
دەچم لە بۆ مەغمووری
هەمووی کۆران کۆرانە
ئەورۆ دێمە مارێنگۆ
جێژنەو رەمەزانە
چاو ڕەش لە مارێ نەبوو
چوو بوو لۆ سەر قەبرانە
کەواکەی گەلە شۆڕە
عەردی ئاگر بارانە
دەیگۆ کۆرەبی چاوم
نەمزانی کوڕ مێوانە
لۆیێ ئەو کچەم خۆش دەوێ
چونکە مارمان جیرانە
لەخۆفی خودای ناوێرم
هیچ بکەم حەرەکانە
نەکو کیژە ناتوانێ
بە من برێ قسانە
دەمنی قەلە باشوکەی
مەیمونی ناو کیژانە

دوو مامز ئەوا دیارن
وا لە عەردیٚ تەهانە
تاژیم بەردەدا غەزالان
دایانگرت بە سەرانە
لە کێیلان لە عاردیدا
لەناو تاقمەی کیژانە
شل و مل و چاو بە کل
کردیان چەپرە کوتانە
بیژی لە چ دەگەڕێی
جەرگم وەرە ئێرانە
ماچ بکە گەردەنیٚ زەرد
بگرە جۆتیٚ مەمکانە

-2-

کاکە سەریٚ من دێشی
دەردیٚ لە درم هەلایە
ئەشقی کیژەکی لیٚ دام
سەر چەنەگەی کوترایە
لە خوار قۆرتی گەردەنیٚ
مامزەکی لیٚ نووسرایە
خەناوکەی حەفت کەر مەرجان
لە گەردەنێی شەتایە

بەینی هەردوو مەمکۆران

ناوێ منی لێ نووسرایە

چاو ڕەش دێ لۆ سراوێ

پێناوی لەگەر دایە

کیژێ لۆ وا عادزی

دەرێ کلم نەمایە

ڕەبی ڕووی داکت ڕەش بی

زوو خەبەری نەدایە

مەمکت کوراگە[1] عەتێرە

لە جۆتە هەریان دایە

دیتم دوو پیارەی گور سۆر

سەرا و قون داندرایە

کوڕ پێی دەرێن مەمکە

ماشەللا چۆن ڕسکایە

دەستت لەسەر هەر ناگرم

کوشتنی خۆم فڕێ دایە

- 3-

کاکە سەرێ من دێشی

ئێبرا لۆ وا مەغدووری

1 – کوارگ: قارچك.

ماریٚ حەیرانێم لێنا
ئاوا دەبوون لە زووری
سینگ و رشماریان هەردا
لەبنەی کاولە مەغمووری
لە بەینی هەردوو داران
دەبڕی گورینگی مافووری
پێم گۆ بینە ماچت کەم
دەیگۆ هێشتا لیٚ دووری
ئەوسار ساریٚ چەند ساران
چاو ڕەش لۆ وا مەغرووری

- 4-

کاکە سەریٚ من دێشی
دەردیٚ لە درم بە ژانیٚ
حەیفم لۆ کەندێناوەی
چۆل بوو پێرار زستانیٚ
دەغرو دانیان لۆ نەهات
مەڕو ماریان بەردانیٚ
هێستر و بارگینیان بار کرد
بەر لە کێلیٚ کیستانیٚ
مزریٚ کۆچێیان دادەنا
لە خوار داریٚ شەکرانیٚ

دەستێ حەیرانێم دەگرت
دەمبرد لۆ سەر دوكانێ
شەدەكم لۆ دەكڕی
بە پێنجەو دوو قڕانێ
دە دینارم پێ دەما
هەقێ گورینگ لێدانێ
ژوانمان شێخەڵلا بی
رۆژی جێژنەی قوربانێ

# هەی مەمان

هەی مەمان مەمان

فاتمۆکێ مەمان

گەردەنت زەردە

کوریکێ گۆگەمان

ئەگەر نەتبینم

بە هەموو دەمان

سێ بووریم نایێ

بە چ عالەمان

هەی میران میران

فاتمۆکێ میران

سینگێ فاتمۆکێ

باخچەی هەنجیران

عەیشۆکم دۆستە

فاتمۆک دەزگیران

لەسەر فاتمۆکێ

لێم دەن بە شیران

# سوسن و هەراران

سوسن و هەراران
دەراویان گیران
سوسن و هەراران
دەراو بەتەنێ
جۆتێ شەمامان
لە خوار گەردەنێ
حەیران هی خۆمە
لۆچی نامدەنێ
سوسن و هەراران
دەراویان دڕی
کۆمەرێ سییان
لە گۆلا فڕی
جۆتێ زەرد مەمکان
کراسیان دڕی
سوسن و هەراران
دەراویان کانی
کۆمەری کیژان
چوونە سەر بانی
تەشی دەڕێسن

بە شلکەی ڕانی

حەیران هی خۆمە

عالەم دەیزانی

سوسن و هەراران

دەراویان ئاوە

گەییمە حەیرانێ

دوونێ رۆژ ئاوە

سەلامم لێکرد

عەلێکەی داوە

چ ئێشت پێمە

هێتیمە لاوە

هەر ئیشی هەبێت

بەسەر ئەو چاوە

# توتی شیرن کەلامە

توتی شیرن کەلامە
لۆم هات لەچیای دوینێ
بەژنت کۆشکی حەماغەی[1]
ئاغەو بەگلەر با بچینێ
گەردن کۆتری هاشمی
دوونێم دیت لە فڕینێ
حەجاج بە دیاری دێنن
لەلای مەککەو مەدینێ
ناتبەمە سەر خەرمانان
لەبەر تۆزێ جۆخینێ
کەپرەکێت لە بۆ دەکەم
لەبەر گەرمای هاوینێ
لێف و دۆشەک و بن سەر
هەمووی لە بن سەرینێ
* * *
توتی شیرن کەلامە
لۆم هات لەلای بەغداییێ
بەژنت داری عەنابی

1 – حەماغە: حەماغەی کۆیێ.

شلکەی دەکا بە بایێ

دوو لیمۆی زەردیان پێوە

بۆنیان بۆنی بیزایێ

روومەتت خۆخێ کورکن

سیس بوو لەبەر گەرمایێ

چەند جاران مەمکم گرتی

چاو ڕەش بە فکرت نایێ

# شایی

لەگەر ڕەویٚ کیژوکاران

شاییەکمان کرد لەلای ماران

لێی هەرکردین تەزرە و باران

ڕێمان بزر کرد چووینە شاران

لەبەر دوکانیٚ باش بەقاران

دمستم دەبرد لۆ هەناران

شەشم هینا بە دوو جاران

لە بۆ نەخۆش و تاداران

# دوعا

نەخۆش نیمە تلی دەگرم
شەو لە رۆژێ خرا ترم
دوعام لۆ بکەن وەز نەمرم
نەخۆشێ مەمکێ خرم
دوعای تۆم لەسەر زارییە
ددان ریزی مرواریە
لێو ئەترەسی فەرەنگییە
چی ئەوهالم نەدیتییە
* * *

# جۆگەی مەغمووری

لەسەر جۆگەی مەغمووری
کیژ دەشۆن دەست و چاوان
roوومەتێ خۆ زەرد دەکەن
لۆ ماچی کورە لاوان
ئەوسار یارێ هەردەگرم
دەچمە دۆرێ خۆشناوان
ئەگەر چایەشمان نەبوو
دەخۆین مێوژ و دۆشاوان

# دیاری

رۆژەک بە ئەمری ڕەبیە
شێرەک لە دەحلێ غەزریە
ڕێی لە ڕێ داران گرتیە
دەستی مەتارێی خواردیە
بە دەستێ دی گێی گرتیە
بەدیاری لۆ شای بردیە
شاهم گۆتی ئەوە چییە
ئەوە کێروشکە کیویە
بەدیاریم لۆ تۆ گرتیە
بمکە گاوانێ گوندیە
ڕەنگێت هی گاوانێ نیە
دەتکەم بە کێخوای گوندیە
شاهم دەیگۆتە کوڕانە
بشکێنن دەرگەو هۆدانە
تێکەر کەن زێرو زیوانە

# قاسیدی گوری باغان

قاسیدی گوری باغانم
سبەی دەڕۆم بەیانی
کارک و گۆریەم لەپێکرد
هەرم کێشایتە ڕانی
دەچمە سەر زێی بادینان
لێم دا بە مەلەوانی
قاقەزی یارێم پێیە
دەچمە دەرکەی سوڵتانی
ئەگەر سوڵتان نەیپرسی
دەچمە ناو گاورستانی

* * *

قاسیدی گوری باغانم
سبەی دەڕۆم گەلەکە
کارک و گۆریەم لە پێکرد
هەرم کێشایتە بەلەکە
دەچمە سەر زێی بادینان
بە گەمێ و بە کەرەکە
خەنەم دەینا بە باران
یارێ نەیگۆ گەلەکە

کلم دەبڕی لە شاران
لە بۆ چاوێ بەرەکە
* * *
قاسیدی گوری باغانم
دەچمە کۆیێ بە دارە
یارێ جوابان دەنێری
هەر دەمەوێ گوارە
وەستا لەو چاوەت کەوی
لێی نەبم شەرمەزارە
* * *
قاسیدی گوری باغانم
دەچم موسرێ دەبینم
گوارەکی بە شۆرابە
لە بۆ زێڕینۆکێ دەینم
هەستە گوارەت لە گێ کە
تێر لە بەژنت رامینم
دنیا مەرگ و مردنە
نەکو بمرم نەت بینم
ئەگەر دەچییە شایێ
لە گێیلان دەشەتینم
لە ناو گەڕێ شایێ
یەک ماچت لێ دەستینم

هەرچی دۆستە پێی خۆشە

دوژمنان دەپسینم

* * *

قاسپەی گوری باغانم

دەچمە کۆیێ و کەرکوکە

یەکەک لەو لای گازی کرد

لۆ دەرۆی بە تالوکە

دەرێن خۆرت وەسەری

زێڕینۆکیان برد بە بوکە

# ئەگەر دەچیە شایێ

ئەگەر دەچیە شایێ
خۆت بەسۆر بغەمرینە[1]
شەدەی بە گورینگ و سیمان
لە ملی خۆت بئارینە
چەند حەجاجی رێی حەجێ
بەرەو ماریان بهینە
چەند دەروێشی تۆبەکار
تۆبەیان پێ بڕەوینە
چەند جولەکەی غەیرە دین
شادەی حەقیان پێ بینە

1 – بغەمرینە: برازێنەوە، نیشان بدە.

# له كیٚم دیٚت

له كیٚم دیت و له كیٚم دیت
هیٚ برا له نوارەی كۆیێ
بینن بۆرەم[1] لۆ زین كەن
دەمەك پیٚش نیورۆیێ
كار مامزەكم چاو پیٚكەت
وا له پەریٚزه جۆیێ
مەمكی چەپەی گۆواینه
لەبەر هەرمی مەرۆیێ
بسك و پەرچەم تیٚكەر بوون
لەگەر ماریٚ برۆیێ
دەریٚی عەسكەری توركه
دارڕژا قشرەی زلخۆیێ
* * *
له كیٚم دیت و له كیٚم دیت
له شینكەی نۆغەرانیێ
كیٚروشكەكم هەردەستاند
جۆته تاژیم بەردەدانیێ
بەسته باریكەی دەگرت

1 – بۆره: ناوی ماینیٚكه.

سەر تخوبی ڕەشوانێ
بە جۆت سەریان لێدەدا
پێیان دەکرد تۆپانێ
هێ سراو لە منێ قەلەندر
کوشتیان لەوێ دووڕیانێ
* * *
لە کێم دیت و لە کێم دیت
لەبن قاناتی بیرێ
مەمکی یارێ گچکۆکە
بە دوو پەنجان ناگیرێ
یارێ بەکێ دەشبێنم
بەو خانزادی هەریرێ
چاو کار مامزێ دوو مانگی
دەڕوا لۆ لای جزیرێ
تیرەکت لە جەرگی دام
بابانت بە قوڕێ گیرێ
گۆتی لە کۆرم گەڕێ
خۆم داوێمە دوڕ بیرێ
* * *
لە کێم دیت و لە کێم دیت
لە بن پێوانێ ڕەزێ
ئاگرەک بەربووە قەراجی

دەیسوتاند کفر و گەزی
با بچینە سوڵتان عەوڵڵای[1]
جێی مەخسودو مرازی
شەدە شلم لە کێ دیت
لەسەر حوسێنی غازی[2]
ڕاموسان لە کێ خۆشە
لەسەر کەندێ شێ قازی

1 – سوڵتان عەبدوڵڵا: چاکێکە لەسەر زێی بچوکو ناوی بێیەکشە. کە چاکەکەی لێیە لە نزیك مەخموور.

2 – حوسێنی غازی: ناوی چاکێکە لەسەر ڕێگای هەولێرو مە خموور لەخوار گەڵی بازارگەو کەوتۆتە بناری قەرەچووغ و نزیکەی (2کم) لەمە خموور دوورەو خەڵکی ناوچەکە بڕوایان پێیەتی و دەچنە زیارەتی.

# کەژێ

هەی کەژێ عەمرم کەژێ
هەر کە دەڕوا دەهەژێ
ئەمن گوارە ئەتوو گێ
ئەمن خڕخار ئەتوو پێ
ئەمن کاروان ئەتوو ڕێ
هەی کەژێ بچینە خەجێ
بەژنت دەرێی نامە
مەمکت دمرێی نارجە
پێم گۆ بینە ماچت کەم
خەرکی دەشتی قەراجە
کاکە ڕێگام دوورە
هاتم لەلای ئەم ژوورە
بە کراسی دەسرێ زەردە
چارۆکەی دەسرۆکەی سوورە
پێم گۆ بینە ماچت کەم
خەرکی قەزای مەغموورە
ئەورۆ سەرم زۆر دێشی
نەختێک یارم لێ دوورە

# کارە گەل

کارە گەلان دەچەلینم
کارە گەلێ وان برباسان[1]
بەرم داینە ناو رێواسان
وەرنە سەیری سەر بە تلسان
کارە گەلان دەچەلینم
کارە گەلێ وان مەنگوڕان[2]
بەرم داینە سەر کۆندڕان
وەرنە سەیری مەمك خڕان

1 – بربا س: بڵباس، هۆزێکی کوردە.
2 – مەنگور: هۆزێکی کوردە.

# لە تەیران

لە تەیران تەیریٚ سپیمە

لە باغان هەر نیشتیمە

لەسەران وەز هەوریمە

عاشقیٚ سینگیٚ سپیمە

* * *

لە تەیران تەیریٚ ڕەشم

لە باغان گوریٚ گەشم

لەسەران وەز مامەشم

عاشقیٚ سینگ بە نەقشم

* * *

لە تەیران وەز کوڕ کوڕم[1]

بە چەنگ و بار دەفڕم

عاشقیٚ مەمکیٚ خڕم

لە بۆ وی دەمرم

* * *

لە تەیران وەز تەیرۆکم

لە باغان گوریٚ کۆکم

لە سەران وەز دەسرۆکم

عاشقی ناو عەیشۆکم

---

1 –کوڕ کوڕ: جۆرە باڵندەیەکە.

# نازدار

نازدارو نازدار نازدارەی داکێ
گەردەنت برند کە بۆتکەم خەناوکێ
ئارەقەی مەمکان ئاوێ فەڕاکێ
نازدارو نازدار نازدارەی شووشە
ئاگرت تێبەردام سووتام وەک پووشە
وەرە مارێمە دەمەک ڕوونیشە
ڕووی داکت ڕەش بێ لێینابڕووشە
نازدارو نازدار نازدارەت کردم
لەو کاوڵە گوندەی بێ مرازت کردم
فرمێسکی چاوان ڕوومەتیان بردم
وەک ڕۆیشتی لۆ چی نەتبردم
نازدارو نازدار نازدارەی بابی
وەکی کۆترۆکەی بار بە شۆرابی
لە درم تاقیقە توو لۆ من نابی

# ئەو سەفەرە

ئەو سەفەرەم سەفەرە
لۆ دیبەگەی[1] بە خێریٚ
یارم ڕەئیسی کیژانە
دانیشت ئەمری دەگێڕیٚ
مەمکت فنجانیٚ قاوەی
سینگت سعاتی زێڕی
خۆ من نەبوومە قاوەچی
لە بۆ هەرگێڕ وەرگێڕی

1 – دیبەگە: ناحیەی دیبەگە سەر بە قەزای مەخموورە (کەندیناوە)شیٚ پیٚ دەڵێن.

# ئەڕۆ دوو ڕۆژە

ئەڕۆ دوو ڕۆژە درم لێم زیزە
لە یاریٚ فکریم ڕەنگی زۆر سیسە
قافرەو بازریگان دەچمە بە تلیسە
لۆ یاریٚ دەکرم بەرگ و ئەلبیسە
مەلم سوند دەخوا بە دینی موسا
دیان سوند دەخوا بە دینی عیسا
ئەو چیتە چاکە هاتیە لە ڕووسە
چەند گەزی دەبڕن زیرەک بنووسە
یارم کوٚترە دائیم لە لیسە
بە کراسی کتان لەسەر پەنجانی
قۆندەرەی مۆدە دەگری پانیانی
سوخمەی گوربانمان لەسەر مەمکانی
زولفی چەند شۆڕن کەوتنە گیرفانی
تاقە گورەکەی خۆم گوریێ بیبانی
لە چەنگم بەربوو قەدرم نەزانی

# مەمانێ و مەمانێ

مەمانێ و مەمانێ

ئەسمەر خەو گرانێ

خۆزیا وەز تیسک بام

لە تیسکێ بەرانێ

خواردنمان لێراو با

لە دارێ قەزوانێ

چاو لە خەوێ شیرن بام

دەست لە ملێ حەیرانێ

خۆزیا وەز تیسک بام

لە تیسکێ کارۆکێ

خواردنمان لێراو با

لە دارێ کروکێ

چاو لە خەوی شیرن بام

دەست لە ملی نۆبۆکێ

خۆزیا وەز تیسک بام

لە تیسکێ مەرەزێ

خواردنمان لێراو با

لەدارێ دارگیزێ

چاو لە خەوێ شیرن بام

دەست لە ملێ مامزێ

# فاتمێ تۆم فاتمی

فاتمێ تۆم فاتمی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

فنجانەی دەست حاکمی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

نەمری و بژی هەر لۆ منی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

* * *

له پشتێ خۆی بەست کەمبەره

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

له جەرگی دام جۆت خەنجەره

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

دیتنی ئاخ و کەسەره

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

ماچیشی حەج و ئەکبەره

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

# چەپکێ حەیران

- 1-

حەیران دەشتێ قەراجی کاکی بە کاکی، سەلام بە بار بی لە بەژنێ باریك لە پیرە داکی، ئیوییێ[1] بەژنێ باریك دانانێم هەتا خەڕەی بێرانم لەسەر سینکی دێ هەتا تەسلیمم دەکەن بە گۆڕو خاکی.

- 2-

حەیران لە دەراوێ شەبەکان، بازم هەر فڕان لە کەر سی و وەردەکان، سەلام بە باربی ئەوسارەکە بوارێ وەکی شۆڕەبوونەوە لە زووری سولتان عەبدوڵلای عارەبی لە لیفکە شۆڕان لە چاو بەرەکان.

- 3-

حەیران خەمان هەرمەگرە چ بە خەمان پێك نایێ، ئەوسار بوارێ وەرە بچینەوە سەر سولتان عەبدوڵلای عارەبی هاوار بکەین غەوسەکەی مار لە بەغدایێ. وەرە ئەمن و توو تۆبەکی بکەین خالیس و موخلیس لەسەر دەستی شێخ عەبدولکەریمەکەی دارە خورمایێ[2].

---

1- ئیوییێ: هیوای- ئومێد.

2- دارە خورما: گوندێکە لە بناری قەرەچووغ.

- 4-

حـەیران لـە خـەلان و بـاوە خـەلان، دەسـت دەوە تفـەنگی خـۆت ئێـواران و سـبەینان لـۆمن وەرەوە ڕاوی سـی و پـۆڕو خەرتـەلان، ئـەمنیش خـۆت لـۆ دەکەمـە بەردیلـەکی بەدامەن و بەرۆک لۆت دێمەوە لەدوای هەموو مێگەلان.

- 5-

حەیران قەراجۆك دێمە، ئەوســار چەند سارە بە چۆڵی لێمە، کیژ دەری: زێرەکم هەیـە مـسقالەك کێمـە[1] نـازانم ئـەوڕۆ بیـانی لـۆت بکەمـە زنجیری سـعاتی نـە لـە بـۆ خـۆ بکەمە گوارەو خەزێمە.

- 6-

حـەیران خـۆخی لـۆ گۆتمـە هـەناری، بـە ژنـی باریـك وەرە ئـەمن و تـوو دەسـتی خـۆ تیکبگـرین بـچینەوە کـەرکی حوسـێنی غـازی بـزانین چـی کردیـە فەسـری بـواری، نـازانم بەژنی باریك لە مانگی نیسانی نە بکەمە داکی لانکی نە بیکەمەوە کابانی ماری.

- 7-

حـەیران رۆژم لـی هـەرات لـە قـەراتی هـەولێری، لـۆم دەدا لـە قەرەچـووغەکەی خۆمـان رۆن دەکـا کونـدەکی دێـری، نـازدار حـەیرانم چـەند شـیرین دەدیـت لـە مەعبـەینی دارە بـازەی تـەونی نـاوەڵلا وەکـی هێـواران مەنجـەری بـەلاملی خـۆدادە دا شـۆڕ دەبیتـەوە لـۆ گەرووی بێری.

---

1-کێمە: کەمە.

## - 8-

حەیران دەرێم: کێژۆرە جوانێ، دەست بە بازنێ مل بە مێروو مەرجانی، مارەبابێ تووو لێنارۆییە خوارێ بە گەریێ عەلی بەگی ئەوجا نەرم نەرم پاش بارێ خۆی دادەنا لە دۆرێ خانێ[1].

## – 9-

حەیران سەرم دێشی درم بە بارێ خەمان دەنارێ، موریدو دەروێش سەرێ دوو سارانە چەند عەبدارن لەدوو بابێ عەبدول کەریمی[2] شێخەکەی کاولە مشاری[3]، بەخۆی ڕۆیشت ئەمشی بەجێهێشت لە خەمو تاری.

## – 10-

حەیران لەمێژە لێم براینە جوابە، هەناوم سووتاینە لە جەرگم دراینە زەردە قولابە. دیتنێ بەژنێ باریك و ناوقەدێ زراوو زەندێ بە بازن لەمن بووینە حەزرەت و کابە.

## – 11-

حەیران لەسەرێ سەفینی لەبرندا پیرە تارینی، بایێ شەمارە شێتەی دەبزێوی دەدا لە شازولفێ حەیرانێ سەبر سەبرۆکە لەپەڕێ خەزێمێ دارینی، ئەوجا ئەمن دەرێم خۆزی بە خۆزی دارن باجگرو باجەستینێ ماچان بام لەسەر پردەکەیا پیرە ڕواندزێ لەشل و مل و چاو بە کل و نێك بەکەمبەران لە خەزێم شۆڕێ خەیلانیان لە یەکە یەکەیێ گەردییان لە پەرچەم سۆرێ خۆشناوان ناوەڵڵا فەسرێ دەرە بواران لەسەر پیرەکەیێ مەحمودی

1 – دۆرێ خانی: دۆڵێکە لەنزیك گەلی عەلی بەگ.

2 – بابێ عەبدول کەریمی: مەبەست شێخ (یوسف سلێمان)ە کە ناسراوە بە کاك مەلا پیاوێکی ئایینی بەناوبانگی دەشتی قەراج و مەخموورو هەولێر بوو.

3 – مشار: گوندێکە لەدەشتی مەخموور.

سەنان[1] لەچاو بەرەکێ دزەییان ناوەڵڵا لە حەیرانەکەی خۆم کە دەمشبهاند بە خاتوونە پەری خوشکێ یەحیا بەگی کە سەرێ چەند ساران ئاشق بوو لە چیایەکەی مەلا زێندینان ناوەڵڵا لە بە کەیفێ دریێ خۆم و برادەران بە جەواهێریێ ئەحمەد بارینی.

– 12-


حەیران لە سپیلکان لە سپیلکێ سەرخانیێ لەگەر کۆمەرەکێ برادەران دەگەڕاین لەڕاوێ کێروشکەکم هەردەستاند لەبن مارە کەبەرەکی جۆتە تاژییەکی گێ بەریشۆرەی چار پەل بەخەنەم بەردەدانێ، سەرەکیان لێ دەدا لە دەشتی پیرە قەراجی خەندەکێ مامە خەلیفەی دەیان هیناوە خوارێ قەرەبۆتك و قەرەبێتکان زووری شێخ سمایلی دەیان هیناوە خوارێ کلکەیێ چارداغی دەوراو پشتی قەراتی پیرە هەولێرێ هێوارە درەنگە لەعاردیان دەدا لەبن گومبەتەکەی مێرەمە دیانێ.

## سەرنج:

هۆنراوەو حەیرانەکانی ئەم کتێبەم لەم بەڕێزانە وەرگرتووە. ئەگەر ناوی بەڕێزێکم لەیادچووبێت ئەوا داوا لێبووردنی لێ دەکەم:

1- مام رەفیق مەلا محەممەد مەلا ئەحمەد چنێرانی، تەمەن (62) ساڵ.
2- مام عیزەدین نادر سفر، تەمەن (70) ساڵ.
3- پوورە خوچێ، تەمەن (100) ساڵ.
4- مامەند سەعید، تەمەن (40) ساڵ.
5- چەند زاتێکی تر...

1- بیری مە حموودی سەنان: کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان هەولێر- مەخموور، لەنزیك گوندی (کەندال)و (گاوەرە).


لە پەنجەرەی ...
شیعرەوە
٣
تیشک
غ . مەخمووری

# سیٚ تیشك لەپەنجەرەی شیعرەوە

غەفوور مەخووری

## چاوپیٚکەوتنی ئەدەبی

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەرە ئەمما
غەواسی دەویٚ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
پڕ دانەیە ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتووك
بەحرم گوتووە نەك وەکو گۆلی مەرەزانە
نالی

## ئەنوەر مەسیفی:

* بینای شیعری جیایە لەگەڵ بینای وتاری سیاسی یان وتاری کۆمەڵایەتی.
* شیعر هێزێکی رۆشنبیریی مەعنەوییە، ماددەیەکی بەرجەستە نییە.
* ئیشکردن لە کەلەپوور لەکاتە ترسناکەکانی شیعر نووسیندا پەیوەندی بە هۆشی مرۆڤایەتییەوە هەیە نەك بە عەشائرچێیتی

## سەباح رەنجدەر:

* هەر واقیعێك زیندەوەری جۆرێك نوێخوازی لەشکرییێتی.
* شیعر پێویستە بۆشایی رۆحی کارەساتەکان داگیربکات نەك پەراوێزی کارەساتەکان لەخۆی بخشێنێ.
* کەلەپوور موچڕکی بەردەوامی جەستەی شیعرە.

## قادر ئیبراهیم مینە:

* حەفتاکان نەیانتوانی شیعری لەواقیع گەورەتر بەرهەمبێنن.
* تەوژم سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە، بەڵام نوێخوازی کۆتایی ناناسێ.
* ئەو شاعیرەی دێرو کۆپلەی فۆلکلۆر دەگوازێتەوە هەرێمی شیعر جاری بێ دەسەڵاتی خۆی دەدا.

# پێش هەموو شتێ

سەدەی نۆزدەهەمو بیستەم بەسەدەی دۆزینەوەو داهێنانو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ناودێر کراون، لەم دوو سەدەیەدا جیهان بزووتنەوەیەکی شارستانی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای بەرپا بوونی هەردوو شەڕە گەورەکە. لەم دوو سەدەیەدا پێشکەوتنێکی خێرا هەموو بوارەکانی ژیانی بەمانا فراوانەکەی داگیر کرد لەجێگای چرا رۆناکی کارەبا دۆزرایەوە ترۆمبێلو فرۆکە شوێنی پیادەڕۆیی و ئەسپ و... یان گرتەوە. لەجیاتی ئەوەی دەوڵەتان بە چەکی کۆن و شیرو تیر بەرەنگاری یەکتر بن پەنا دەبەنە بەر نوێترین جۆرە چەکی تازەی ئەتۆم و جۆرەها چەکی کیمیاوی... بەڵێ جیهان لەبەردەوامی دایەو هەمیشە هەنگاوی بەگوڕ بەرەو پێشەوە دەنێت.

هەر شۆڕشێك سەرەتا کە هەڵدەگیرسێ پێویستی بە پشتگیرییەکی لەڕادەبەدەر هەیە لەلایەن ئەو چینەی کە لەپێناویدا هەڵدەگیرسێ، پێویستە پێش هەڵگیرسان نەخشەو پرۆگرامی لەبار بنەخشێندرێو چەك و تەقەمەنییەکی باش رێکبخاتو رامیارییەکی بنکەیی دەست بخاو راو بۆچوون و ئامانجە سەرەکییەکانی بۆ جەماوەرەکەی روون بکاتەوەو تێی بگەیەنی مەبەستی چییە لەم شۆڕش بەرپا کردنە!

بێگومان ئەم تەکتیکە شیعرییەی ئەم برا شاعیرانەی ئەمڕۆی شیعری کوردیمان لەم جۆرە شۆڕش بەرپا کردنە نزیکە و چەکی شۆڕشەکەی زمانەو بەزمانەکەی خۆی لەجیلی شیعری کوردی پێش خۆی جیاکردۆتەوە.

ئەمەش نوێترین چەکە چەکی بۆچوونەو دەچێتە ریزی چەکە کیمیاوییەکانو پێی بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە!! دوژمنانی نوێخوازی..!!

ئەم سێ دەنگە (ئەنوەر – سەباح – قادر) سێ دەنگی سەربەخۆن لەگۆڕەپانی ئەمڕۆی شیعری کوردیداو تەکانێکیان بەشیعری کوردی داوە کە جیایە لە جیلی

پێش خۆیان. مەبەستی ئەم چاوپێکەوتنەم ئەوەیە کە روئیای ئەو شاعیرانە بگەیەنمە خوێنەر تا لە بۆچوونو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی نێو ئەم چاوپێکەوتنە لەمەبەستو ئامانجیان بگات ئەمە یەك. دووەم کە ئەم تەکنیکە سەریهەڵدا زۆر کەس بەتوندی بەرەنگاریان بووەو نووسینی نابەجێو ناباتییانەی لەروگیرکردن، ئەوانیش تائێستا هەلێکی لەباریان بۆ هەڵنەکەوتووە بەرپەرچیان بدەنەوە.

ئەم چاوپێکەوتنە بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ دوژمنانی ئەم تەکنیکە ئەدەبییەو نەتەوایەتییە پیرۆزە.

جا ئێمەش با بەچاوێکی فراوانو دڵێکی زیندوو و مێشکێکی کراوە بۆچوونەکانیان بخوێنینەوە لەکاتێکدا چۆن شایەنی رێز لێگرتنە بەهەمان شێوەش رووبەری بۆچوونەکانیان جێگای هەموو رەخنەیەکی پیرۆزی لێ دەبێتەوە، فەرموون بۆچوونەکانو سەرنجی بنیاتنەرانەی ئێوە.

**غەفوور مە خمووری**

**مانگی** 1989/6

**هەولێر**

# شیعر لەنێوان حەفتاکان و ئەمڕۆدا

## بۆچی ئــەم تەکنیکــە؟ ئـایــا لــەم هــەنگاوە گلـۆپی ویـستتان داگیرســاوە؟ شیعری کوردی قە پێلکی حەفتاکانی شکاندووە؟

*** ئەنوەر مەسیفی:**

کـە ڕۆشـنیری بەترسـی جوغرافیـا بـوو، کۆمەڵـە هەناسـەیەکی وەکـو ئاسـنە ئیـشارات دەردەپـەڕن و لەشـێوەی بینـای شـیعری نائاسـایی یەکدەگرن و لەپاشـان بینـا شـیعرییەکە دەمەیی.

بـەلام زەمــەنی مـەیینی ئـەو بینــا شــیعرییە دیـار نییــە. هــەموو ئــەو زەمەنــەی کــە دەکەوێتــە نێــوان دەرپــەڕینی ئاسـنە ئیشارەتەکان و مـەیینی بینـا شـیعریە نائاسـاییەکە بەزەمەنی نائاسایی ناودەبردرێ.

بـۆیێ ئەم تەکنیکە چونکە ئـەو بینا شیعرییانەی کـە هـەبوون یـان کـە هەنـە زەمـەنی مـەیینیان لەگـەرمایی بکـەویێ و ساردببنەوەو هێـزی بەرۆحیـشیان لا نـەمینێ کـە بتـوانن فووبدەنـە بـێ هـۆش بـوونی ئـەو ڕۆشـنبیریەی کـە بەترسـی جوغرافیـا بـووە. هـەروەها بـۆیێ ئـەم تەکنیکـە چـونکە ئـەو بینـا شـیعرییانەی کـە هـەبوون یـان کـە هەنـە بـە کەفـەزمانن. کـەفیش زۆر بەتەمــەن نییــە. بــەڵێ بـۆیێ ئـەم تەکنیکــە، ئـەم تەکنیکــەی ئێمـەمانان لـەو ئاسـنە ئیـشارەتانە دروسـت بـووە کـە بـاری نەفسی شـاعیرێتیمان فڕێیـان دەداتــە دەرێ. بـــەڵێ گلـــۆپی ســـیحری ویـــستمان لەبـــەردەوامی ئاســـنە ئیـــشارەتە گەرمەکا نمان پێبووەو زۆر هێزی کەفداریش پێی سارد بووینەوە.

لـە هـیچ لەحزەیـەکی شـیعر نووسـینمدا نەچـوویمە نـاو خـەیاڵی کـارولنی شـیعری پێش خـۆم. هـەموو ئارەقـە کـردنێکم لـەکاتی نووسـیندا ئـەو خەیاڵـە بەهێزەمـە کە چـۆن بتـوانم بـەدوای مـاڵی کردنـی یـاری نەفسی خـۆم بگـەڕێم. تـۆ دەتـەوێ باسـی شـیعری حــەفتاکان بکــەم. مــن ڕای خــۆمم دەربــارەی شـیعری حــەفتاکان لەپێــشەکی کۆمەڵــە شـیعری (جـارێکی تـر خـۆر بـاران) دەربڕیـوە. گوتوومـە: (سـەرەتای حـەفتاکان شــیعری

کوردی رقـاوی بـوو، کۆتا ییەکـەش کەروێـشکەی دەکـرد). لـە هـەردوو حاڵەتـدا شـیعری حەفتاکان بەدەربوو لـەو هێـزە گەرمـەی کـە بتـوانێ بـۆ زەمەنێکی درێژخا یـەن بمێنێتـەوە. هـەر ئـەم دوو تا یبەتییـەی شـیعری حـەفتاکانیش بـوو کـە بـووە هـۆی دروسـتکردنی رەخنەی عەشائر هێز.

هێزی شـاعیر لەوەدانییـە کـە بتـوانێ بـەدوای تێپەڕانـدنی پـێش خـۆی بگـەڕێ، بـەڵکو هێـزی شـاعیر لـەوە دایـە کـە بتـوانێ جوغرافیا بـە ترسەکەی کە گەمارۆی داوە بێنێتـە نـاو باری نەفسی شاعیرێتی خۆی.

شـیعری کـوردی قـەپێلکی حـەفتاکانی شـکاندووە یـان نەیـشکاندووە ئەمـە ئیـشی مـن نییـە. کـام لەرەخنـەگرە عەشـائر هێزەکـان هـەتا ئێـستا توانیویـەتی مـەعا یری هونـەری شـیعری حـەفتاکان لەمـەعا یری هونـەری شـیعری گـۆڕان جیابکاتـەوە! بـۆ خـاتری خـوا بینـای شـیعری جیا یـە لەگـەڵ بینـای وتـاری سیاسـی یـان وتـاری کۆمەڵا یـەتی. ئـەم قـسەیە ئاراستەیە بۆ ئەو قەڵەمە عەشائرانەی کە پڕ دەدەنە بینای شیعری ئاسنە ئیشارات.

### * سەباح رە نجدەر:

هۆکـــارو بنـــەمای بینـــای ئـــەم تەکنیکـــە واقیعـــە! واقیـــع بـــەپێوەری رەگـــەزە هەمەلا یەنەکان:

1) من (الانا).

2) ئەو (هو – هي).

3) منی باڵا (الانا الاعلی).

هـەر واقیعێـك زینـدەوەری جۆرێـك نوێخـوازی لەشـکرییێتی. حاڵەتـەکانی کزانـەوەو سـۆراخکردنی کێـشە نائاسـاییەکانی بەجێـدەهێنن. گوزارشـتی گـشتگیری ئـەم چـینەن واقیعێکـی دژوار پێخوسـتی کـردوون. منـیش زینـدووی هـەمان واقیعـی نائاسـا یی و گەڕاپێچەی پێخوست. مەبەسـتمە هونـەری شـیعر بوەشـێنم و بیگەیەنمـە ئـەو کەوانەیـەی بـای هەمیـشەیی بۆمـاوەیی دەسـتبەرییێتی، –جـاك بریڤـەر– شـاعیرێکی چـرکەیی بـوو

هاوکات تــوانی دووریــەکی هەمیــشەیی لەچــرکەییەکانی بهێڵێتــەوە ئــەم چــرکەییانە خانەییێك لەجەمسەری نادیاری هەمیشەیی سێبەری ئاڵان.

بــەڵێ دوای بریــسکانەوەی چــوار شــیعری هونــەری هەمەلایــەنی دژایــەتییکی ناپێویــست بیننــرا- جلوبــەرگ- جمکــەکان- زێــوان- ئــاژن- ئەوەشــیان خــاڵێکی روون و ئاشکرای نیشانەکانی پێبوو نمانن.

شیعری حەفتاکان وەك دێرو کۆپلەو شیعری تاك حاڵەتی دەگمەنیان بندەستکرد، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتمەندی لەهێزیاندا نەبوو واقیعێکی هونەری باوێنە ناو واقیعی چڕی جوغرافیای حاڵەتەکان لەچەند جولانەوەیەکی باوڕەت نەبوون ئەمباوانەش شاشییەکی گەورەیان لەئەتڵەسی شیعر جێکردەوە.

باری ناهەمواری ئەمڕۆی نەتەوەکەمان گونجاو نییە بۆ ئەدیبێك کە تەنیا کەمەییێکی کەمی ئەم خەڵکە تێبگەن ئەوە جگە لەوەی کە نەیارانی نەتەوە سالانی ساڵە باری ئێمەیان ئاڵۆزو تەمومژاوی کردووەو هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆمانمان بۆ نەدۆزرێتەوە جا راست نییە ئێمەش ئەوەندەیتر جزئیەتی ئەم واقیعە بدۆڕێنین و تەنها جوولانەوە دیارەکانی دەستگیرکەین لەبنەڕەتدا خۆیان دەستگیرن... پێویست نییە هێما لەواقیعی رووکەش بگیرێت پێویستە لەگەڵ واقیعی رووکەش ئاستێکی جیاواز کێشەیان بێ.

من لەگەڵ ئەو وەچەیە هاتووم پێویستە بۆ ئەم وەچەیەش ماندوو بم بەشێوەیەك جزئیەتی باری ژیانیان بەمانا فراوانەکەی بخەملێنم بۆشم نییە بۆ وەچەییێکی تر ماندووبم، دواتر یا پێشتر. هەر سەردەمێك کوڕی فیکرو هونەری خۆی پەروەردە دەکات کەسێکیش پێش یا پاش سەردەمی خۆی نایەت ئەوە شتێکی رەهایە.

مایکۆفسکی: (هەر شاعیرێك راستەوخۆ لەشێوەی کۆن شیعر داڕێژێت پێویستە بە خزمەتکارو بەردەستی نەوەی پێش خۆی ناوببردرێ) سەرهەڵدانی هەر رێبازێك کۆمەڵێك ئەڵقەی لێکگرێدراوی پێش خۆیانن. رۆمانسیەت رەگی کلاسیکیەتی تێدا دەبریسکێتەوە ریالیزم سیماو ئەدگاری جولانەوەی رۆمانسیەتی تێدا پشکفتیە، بەڵام دروستبوون و بەکاربردنی رابردوو لای ئێمە بەجۆرێکی تر لەئاوێنەمان تیشکی تەڕ

کـردو وەك پاڵپـشتێکی رۆشـنبیری بـۆ خۆمـان هێـشتۆتەوە بـە هـیچ جۆرێـك خـاڵێکی هاوبەش لەنێوان دەسکردی ئێمە:

((تێکە
بیرەوەری کەڵی لە دووکەڵ گرت
لەپ
تاڵی توتنی گۆتنی پەرێ
شیشی بەی نامە هێن نەیگوشی
زمانی غوربەتی
تێهەڵکە
کەتنە
با کورێنیم لە بیابانا
داڵی تێرویێن
بێور کچێنیت پەلدەن
خۆپێگرتنێك
ئاوبەردەم
تەڕی تەزیم بێتێ
دیواری کۆڵیتی لەبەردی پێدروست نایێ
پێی ناو
نە ئەدگلرم دەگرتێ
نەبەنتکی رۆحم توڕەدا)

دەسکردی ئەوان:
(ببە ئاسمانێ. ئاسمانی ئەوین
من دە بم بە مانگ
ببە بە دوو چاو.. دوو چاوی شین شین
من بەدەوریانا دەبم بە برژانگ

**ببە بە لێوێ**

**دەبم بە خەندەو پێیەوە دەنووسێم**

**ببە بە کێوێ**

**دەبم بە دارگوێز لەدوندیا دەڕوێم ).**

نادۆزرێتەوە چی وەك شێوە، ناوەڕۆك، بینای درامی، هێڵی دڵەڕاوکێ، پاڵەوان، دروستکردنی حاڵەتی نادیاری و بەرەسکردن و تێکەڵکردنی تێکڕای هەستەکان لە بێدەنگییێکی کامڵدا. شیعر لەجارانی درووشمدار پڕژاتربووە، تروتسکی: (شیعر هەڵچوونە بەر لەوەی مەسئەلەیەکی ئاوەزی بێت) ئەم وتەیە بۆ رۆژگارێکی کورتخایەن گونجا بۆ ئەمڕۆی ئاسن و بۆن پایدۆز، پێشبینی لەئەدەبدا دیاردەیەکی نادروستەو شیعریش بەهەڵچوون بچوێندرێت کەواتە بەس سۆزو رك ئاڵای شیعرن و هەستەکانی دی چش، شیعر بەتاڵکردنی هەڵچوونی چرکەیی نییە زۆر حاڵەتی نائاسایی ئەمڕۆ لەشیعردان و لەناو شیعردا بەدەستهێنراون بەڵام بە گۆڕان و چمکی تەبایی رۆحی و تێکەڵکردنی کەش و نەخشەگرتن و پرۆگرامی خۆ ئامادەکردن و گەشتکردنی رامانی ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەرزبوونەوەی پلەی خودو باری دەروونی شاعیر.

## * قادر ئیبراهیم مینە:

کە ئاووهەوا لەژێر پەستانی چەند هۆیەکی دیارو نادیار شێوەی ئاسایی خۆی بەرداو جوغرافیا دەستەمۆی سێبەری ترس، برسییەتی وەرکەوتن لەجێی بێجێ بوو ئەوا ناچار چەند رایەڵەیەك لە قەپێلك دەردەپەڕن و دەست دەدەنە ماوەڵ لۆشکاندنی بەردی شوورەی مەئلوف و بیناکردنی ئەدەبێکی نائاسایی بەهیوای بەرز کردنەوەی واقیعی نائاسایی ژەنگبەخش.

ئەم تەکنیکە، چونکە ناودالانی دەبدەبە شیعرییەکان جێی کارەساتە فیلەتەنەکانی ئەوڕۆیان تێدا نابێتەوە، دەبدەبەش خۆ دەبەر زەبری ئاووهەوای نائاسایی ناگرێ!.

لەئاکامی وەدەنگ هاتنی چەند دەقێکی دوور لەعەقڵی باو، مۆسیقای لەقوڕێدا چەقیو، چێژی مردوو، زمانی فەرهەنگی، هەست بەدژایەتییەکی بێ تخووب کرا

لەپاش ئەو دژایەتییەش هەندەك لەو برا شاعیرانەی لەخەنجەر سوینندا بەشدار بوون و قەبریان لۆ ئامادەبوونی شیعری خۆیان لێدەدا، هەنووکە لەبەر تیشکی گلۆپی ئەو فۆرمە شیعرییە خەریکی خۆ نوێکردنەوەو کاژداماڵین و بەخۆداچوونەوەن، ئایا ئەمە نیشانەی پێبوونی گلۆپی ویست نییە..؟!

حەفتاکان هاوشان دەگەڵ گۆڕانی ئاووهەوا شیعریش بە جلوبەرگێکی نوێ لەخاکی واقیع هەڵیدا، کۆزی پیرۆزی شیعر ئامێزی بۆ زۆر شتی نوێ کردەوە، بەڵام بەگشتی حەفتایەکان نەیانتوانی شیعری لەواقیع گەورەتر بەرهەمبێنن.

حەفتایەکان -ماچی ڕەزامەندی دەگرمە هەندەك شیعری باش- لەگەڵ ئەو ئیجابییەتەشدا مێگەلی شیعر بەرەو بنێسی چوو، چونکە لەبازنەی لەوەرگەیەکی دیاریکراو دەلەوەڕا.. لەشیعردا پێویستە وشەکان ئاووس بن.

ئەوان شاعیری نەمێرد بوون و زگی شیعریان پێ پڕ نەکرا بارانی چەندایەتی تەڕیکردن، چەپڵەو ڕەزامەندی خەڵك چاوی بۆچوونی ڕاکێشان و هەرێمی شیعریان بەلەشکری (ئازیزەکەم، نەشمیلەکەم، شیرنەکەم، خۆشەویستەکەم، دڵدارەکەم، وڵاتەکەم...) گەمارۆدرا، هەروەها شیعر بەرگی سیاسەتی پۆشی و زمانی ناشیعری لەبن تاوڵی شیعرەکانیاندا لێیداکوتا. بەڵێ زۆربەی شیعری حەفتاکان خوناوی وەسیلەگەری لێ دەتکا -ئەدۆنیس-: (ئەوکاتەی شیعر دەبێتە وەسیلەیەکی سیاسی یان خۆشەویستی ئەوە بەهای خۆی دەدۆڕێنێ) چونکە شیعر خۆی سیاسەتەو خۆی خۆشەویستییە.

بەکورتی لێڕی چری شیعریان بەرەو شاڵی برد، شیعر بووە زمانی بەرژەوەندی، وەسفی ناپێویست، شاعیر ئەمری دەکردو تاری دەپرژاند دەیگۆ: شیعر دەبێ نانی برسییان و گوللەی چەکی ئازادیخوازان بێ و خەڵکی لەسەرمای تووشی زستانێ بپارێزێ. کە ئەمانە هیچیان چالاکی شیعر نین.

چالاکی شیعر چالاکییەکی بەرجەستە نییە، چالاکییەکی ڕۆحی مەعنەوییەو شەقامی خودی مرۆڤ لەپۆخلەواتییەکان پاك دەکاتەوەو پەردە لەسەر شتە نادیارو

شـاردراوەکان لادەدا، شـیعر سـەماو گریـانی رۆحـە. ئەوەیـە گرنگییێتـی و قوسـیەتی شیعر..!!

ئێمـە ئەگـەر توانیمـان خـودی ئـادەم لەپۆخڵەواتییـەکان پـاك بکەینـەوەو نیگـای بگوێزینـەوە سـەر لایەنـە نادیـارو نابەرجەسـتەکان و کلیلـی هەنـدێك سەرچـاوەی بـدەینێ کەواتـە توانیمـان لـە هـەموو بوارێکـەوە تـەکان بـە کۆمـەڵ بـدەین و پەنجەرەیـەکی تـازەی لەڕوودا بکەینـەوە سـبەینێی پـڕ لەبەرهـەم و رەشـبەڵەکی هەڵکشانی مێـژوو و رۆشـنبیری خۆی تێدا بەدی بکات.

لـەم کولانکەیـەوە حەقمـە بڵـێم: شـیعری کـوردی قـەپێلکی حـەفتاکانی شـکاندووەو خەریکـە دەچـێتە بـن کـەپری هـەوری ئەکرۆتیـەت. براگیـان، چـاو مـەدە لێـشاوی ئـەو نووسـینانەی بـەناوی شـیعر لـەگۆڤارو رۆژنامـەکان یەکتەختـە رادەکـشێن و لـەکۆڕە رۆشـنبیرییەکان ملوانکـەی چـەپڵیان لـە مـل دەکرێـت چـونکە ئـەو دەقانـە نـەك هـەر قـەپێلکیان نەشـکاندووە بەشـکەم هـەموویان نیـشتەجێی دڕون بـەرگی سـاقۆی شـاعیرانی حەفتان.

شاعیر دەبێ خۆی کوتەك شکێنی رێگا بێ.

# شیعرو پاشەکشێی خوێنەر

**- چۆن نیگا دەگرنە شیعری دوێنێو ئەمڕۆو پاشەکشێی خوێنەر؟**

*** سەباح رەنجدەر:**

بەڵگە نەویستە شیعری ئەمڕۆ:

**( نێمی باخچان دزرا**
**لاقی مایان بەجێما**
**ئاوەدانی فافۆنی کەون**
**کورکی ناو دڕیان**
**هێسکی بن جادان**
**ماڵێ لە مەمکدانی دەگەڕێ**
**گەرا پیێچە لەناو کاولان**
**تەرمی بادەف خۆیان پینەدەکەن )**

جیاوازییەکی بەردەستەو ئاشکرای هەیە لەگەڵ شیعری دوێنێ:

**( دڵدارەکەم...!**
**تریفەی مانگی بێ گەردی**
**سەر لێوی فێنکی بەفری.. بەهارەکەم.!**
**من ئەمەوێ**
**کۆترێکی چاو شیرین بی**
**لە پەنجەرەی ژوورەکەما**
**بۆم بخوێنی ).**

بەڕووی بابەت – ناوەڕۆک – شێوە – یان زمان – دارشتن – وێنە – کێشەی سەردەم بەجۆرێك نادیار بووە لەتەمی چەوری ئاسن و خزینی جەلاتین و ژەنگی ئاوو کەرووی

خاك داواكراون دەربڕینەكەش لەئاست ئەم رووداوە نادیارو تێكپەڕیوەكانیاندا هاوتەریب بێت پتر نزیك بوونەوەی جیهانی خەونو فەلسەفەی رۆح و ئەفسانەی رامان و مۆسیقای هەستكردنو راوی خودو پێداویستییە نەبیندراوەكان كە باستاییان لەزەمین یەك ئاست نییە. شیعر پێویستە بۆشایی رۆحی كارەساتەكان داگیر بكات نەك پەراوێزی كارەساتەكان لەخۆی بخشێنیٚ چۆكۆفسكی (من هیچ شیعرێكی تۆم نەدیووە لە "قەرەجەكان" كاملتر بێت، هاوڕێی خۆشەویست نیازی چیتە؟ پێم نالێی بەهۆی ئەم پالەوانەتەوە دەتەویٚ چی بسەلمێنی؟ نیشتیمان پێویستی بەوێنەی نموونەیی و بەرزە؟ ئەی ئەگەر پێچەوانە بێت چی لەوە خراپتر) ئەگەر ئەمڕۆ لەدوێنیٚ و دوێنیٚ لە پێریٚ لەبەر سێبەرێك هاوسەنگیان كەین سبەینێش دەستەوەستان و نائاشكرا كەواتە مرۆڤ كە بوونێكی زیندووە لەگەلٚ هەولٚیدا هیچیان لە هیچ كەڵەكەبوونی رۆژانیش لە تەنافی هێلٚێك مایەی رشانەوەی نەخۆشییەكی درمەو مەترسی رووخانی شارستانییەتی لیٚ دەكرێت، بەلێكدانەوەو پێودانگی پەرەسەندنی هەمیشە ئامێز لەبارودۆخە سرووشتییەكاندا تێكڕا جولانەوەكانی ئەم بوونە چاوفراوان و هەنگامەو سەرهەلٚدانە بەرەو گۆڕانی باشو ساغتر دەڕۆن و هەولٚ و هەوالٚی نەهێنی توێژەكانی زەوی و چینەكانی ئاسمان گۆڕانیانە لاریم لەوە نییە جیاوازی و پەنجە هەلٚدەبڕن لەنێوان شیعری دوێنیٚو شیعری ئەمڕۆ نموونە زۆرن من لێرەدا تەنها یەك نموونە فڕێدەدەمە بەرچاو ئەمیش پالەوانە لەشیعردا، پالەوان لەشیعری حەفتاكاندا وەك باوكێك ئامۆژگاری دەنواند ئەوە بكەو ئەمە مەكە كەچی لەشیعری هەشتایەكان ئەم جۆرە راسپاردەیە نابیندریٚ پالەوان مرۆڤێكی كەسادە لە بستێك تێكەلٚ بگرەو بەردەی رۆژگار دەبیٚو لەبستێكی تردا لەم بگرەو بەردەیە دەبێتەوە واتە كەسی دووەم كە خوێنەرە هەست بە پالەوانییەتی خۆی دەكات. شیعری هەمەلایەنی خوێنەری هەمەلایەنی دەوێت خوێنەری هەمەلایەنیش دەگمەنن. خوێنەری شیعری لەئاست دەقدا نین. خوێنەرو دەقی مەزن یەك ئاست نابن.

رەخنەگر پێویستە بەشێوەیەكی شیكاری كیمیاویانە هەلٚسێت لەهۆكارو سروشتی پێكهاتنی و دیاردە تایبەتییەكانی ئەمجۆرە شیعرە بتوێژێتەوە نەك

بەشێوەیەکی هەرزەکارانە پارچە قوماشی کفنی خۆیو نەخۆشییە دەروونییەکانی و نەقسە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەقێکی شیعری سەردەم دابدات بەبیانووی ئەوەی ئەم شیعرە سوریالیزمە سەرووی واقیعە یان سەرووی سروشتە، بۆچوونی ناشیرین پەیوەستە بەهۆشیاریو هەستی جوانناسی کەسەکەوە بۆیە بەلای منەوە رەخنە بەهەردوو دیوەوە سلبی ئیجابی – لیٚ زیاد بوونێك یا داشکاندنێك نییە بۆ سەر کارە ئەدەبییە بنیادنراوەکە. چیخۆف: (رەخنەگر لەو مێشە دەچیٚ کە بەدەوری کلکی ئەسپدا گیزەی دیٚ بۆ ئەوەی وەرسی بکاتو ئارەزووی حیلاندنی تێدا بوروژێنیٚ... چونکە ئەو مێشەش دەیەویٚ بۆ ئەسپەکەی بسەلمێنیٚ کە ئەویش هەیە)، هایمن: (پێویستمان بەو پردە هەیە کە دەبیٚ خوێنەرو دەقە ئەدەبییەکە پێك بگەیەنیٚ).

رەخنە لای ئێمە بەلای یەکەمیان دەکەوێت لای دووەمی بەتاڵ سوریالیزم لەپەنجەی دادایزم نینۆکی لیٚ هاتن توانی بە نینۆکەکانی شوێنێك بۆ کارەکانیان لەدیواری ئاو ببڕی. ئەراگۆن: (زۆر کەس وا لەسوریالیزم گەیشتوون کە حاڵەتێکی حەبەسیانەیەو لەناو خەونو وڕێنەی بێهودەییدا خنکاوە ئێمە "مەبەستی بریتۆن– ئێلوار– ئەراگون... "ە سوریالیزممان وەکو چەکێك دژی بۆرژوازیو شەڕی وێرانکاریو دەستبەسەردا گرتن بەکارهێنا خەباتمان کردو بانگی سوریالیزممان دا بۆ ئەوەی سەربەستی لەچاوی منداڵەکانماندا بمێنیٚ). سوریالیزم راستگۆترین شیعری سەردەمە گوزارش کردنی واقیعە، واقیع بەهەردوو دیویەوە (سپیو ڕەش) نەك وەك ریالیزم واقیعێکی درۆداری سپی ببریسکێتەوە لەکاتێکدا لایەنی رەش بەسەر لایەنی سپی زاڵە لەپێناوی رازیبوونی خوێنەرو فیکری باوو ئاسایی لەهەمان کاتدا ئەم خوێنەرە پێویستییەکانی خۆی بزر کردووەو لەجوزئیەتی واقیعی خۆی نەگەیشتووە تەنها جووڵانەوە دیارو بەرچاوەکان هەست پیٚ دەکات لەو کاتەشدا جووڵانەوە بەرچاوەکان پێویست نییە بخرێنە ناو شیعر چونکیٚ مرۆڤ واقیع دەخوێنێتەوەو هەست بەجووڵانەوە بەرچاوەکان دەکات شاعیری داهێنەر کاری ئەوەیە لەجوزئیەتی واقیعدا پرسیاری لێپرسینەوەی وەڵام بداتەوە.

## * قادر ئیبراهیم مینە :

ئەو ناوبڕیکردنە لۆ شیعر لە کن زۆریەی نووسەران بوویتە باو، هەندەك کەس واتێدەگەن کە گوترا شیعری دوێنێ واتە شیعری کەونو لەکار کەوتوو، بەلام من کە وشەی دوێنێم بەسەر زاردا دێ مەبەستم بە کەلەپوور بوونی نییە رۆشنایی ئەوەش نابەخشم کە دەگەلّ رەتبوونی بارودۆخی ئەو کات شیعرەکانیش رەتبوونەو تەنها بەها یەکی مێژوویی دەبەخشنو بەس، نەخێر چونکە شیعر لەلای بابا تایەر- جەزیری- نالی وەشاندنی هونەر بوو، سیحری وشە دەبیندرا، تائێستا کێ پیاسە یەکی تەواوی بەکۆلانی شیعرەکانیاندا کردووەو گەمارۆی شیعرییەتی دەقاکانی داون لەتێڕوانینی دەرەوەی دەق زیتر..؟! "نالی" بەم شێوەیە دەنگ هەلدەبڕێ:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە

دلّ وەختە بێ بە ئاوو بە چاووما بکا عوبوور

ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە

یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور

زۆر شیعریش هەنە ئێستا دەنووسرێنو بۆ رازیکردنی زەوقی خەلّکیو ناودەرکردن پڕ دەکرێن لەرەمزی وەك -دار بەڕوو، چیا، هەلۆ، کاوە، گیڤارا... بێگومان ئەمجۆرە شیعرانە چەپلّەو رەزامەندی خەلّك زامندەکەن، بەلام لەڕووی هونەرییەوە هیچ بایەخێکی شیعرییان نییەو لەگەلّ رۆیشتنی "ظروف" عیزرائیل سواری ملیان دەبێت، کە ناوی شیعری ئەمڕۆم بەسەر زاردا دێ ئەوانە مەبەستدار نین. جیاوازی لەنێوان شیعری ئەمڕۆو دوێنێ جیاوازی ئەو زەمەنە قورسو نائاساییەیە دەگەلّ ئەو زەمەنەی ئەوان تەمەنیان تێدا ڕژا. ئەوان هەر ئامادەن.

بەلام ئامادەبوونیشیان نەبوویتە هۆی دەستدەچۆك وەرینانی شاعیرانی ئێستا، چونکە لەم سالانەی دوایی ژیانی خۆی لۆ بارانی چەند گۆڕانێکی نابووت راێخستو کێشەکان ئالۆزو ئالۆزتر خۆیان پیشانداو مۆسیقای دەرەکی ئاگری گرت.

نوێخوازی لەخاکی واقیعی ئەم پەنجەنمایەی ژۆردا خولْقا نوێخوازی هەرچەندە زەمەنێك، زەمەنی بۆن و بەرەژووبوون خولْقاندی، بەلاّم لەقەپوچكەی ئەو زەمەنە ئارام ناگرێو تەنكە سێبەری ئایدیۆلۆژییەت دەبڕێتو بەرەو بێ سنووری و كۆتایی نەهاتن هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەڵێ؛ نوێخوازی هەموو زەمەنەكان لەناو خۆدا كۆدەكاتەوەو لەم سەردەمەو هەموو ئەو سەردەمانەی دادێن زەنگی ئامادەبوونی خۆی لێدەدات.

دەڵێن كە پێغەمبەر(د.خ) (وحی) لۆ دەهات لەساردترین رۆژی زستاندا ئارەقەیێكی زۆری دەكردو رەنگی ئاسایی خۆی بەردەدا كە قامكی پێغەمبەرایەتیشی هەڵبڕی و دەستی بە بلاّوكردنەوەی قورئان كرد خەڵك بە شێتیان چواندو بەرەنگاری بۆچوونەكانی بوونەوە، چونكە پێیان ناخۆش بوو ئایینێك بێ جێ بە ئایینو بیرو باوەڕەكانیان لەق بكا. پێغەمبەر(د.خ) بۆ بلاّوكردنەوەی قورئان گەلەك كارەساتی دژواری دیو زۆر لەلایەنگرانیشی لەو ڕێیەدا گیانیان لەدەستدا..!!

ئەمەش ئایینی شیعرە..!! -ئایینێك بە بەردەبوون ناناسێ- ژانی شیعر نووسین لەو ئایینەدا نزیكە لەژانی داباریینی (وحی) لۆ پێغەمبەر.

بلاّوكردنەوەی ئەو ئایینە شیعرییەو -نسخ- كردنەوەی ئایین و بیرو باوەڕە شیعرییەكانی دی باجبەخشینی دەوێ، شیعر خەون بینینە، پێشبینی كردنە، دەرچوونە لەهۆدەی بەرتەنگی بەئاگایی و هەناسە دان و چێژوەرگرتنە دەنێو دونیای تخوبیری بێ ئاگاییو بە كیمیا بوونی زمانە. شیعر تەنها بۆ رازیكردنی زەوقی باوی خەڵك نانووسرێ، ئەمرۆ گەڕانو پشكنین خاڵی دیاری شیعرن تێگەیشتنو چێژ وەرگرتنی جەماوەریش لەشیعر بەندە بەڕۆشنبیری خۆیانەوە (ئەدۆنیس) ئەو رۆشنبیرییەش نەك شیعر بەڵكو نیزامیی پەروەردەو فێركردن دەیخوڵقێنێ، بوونی ئەو رۆشنبیرییەش مەرجی سەرەكییە بۆ تێگەیشتنی شیعرو هونەر بەشێوەیەكی گشتی.

ئەوانەی لەمەڕ ئەو ئایینە شیعرییە دەنووسن دەچن زەنگی دەرگای ماڵی سیاسەت، ئابووری، كۆمەلاّیەتی لێدەدەن و تەرازووەكەیان بە ئەمانەت لێ وەردەگرن

تـا شـیعری پـێ بکێـشن. براینـه، شـیعر بـەو تەرازوانـه ناکێـشرێت تـەرازووی تایبـەتی خۆی هەیه وەك چۆن گەرما، سەرما، کارەبا، ئاو، هەوا پێوەری تایبەتی خۆیان هەیه.

ئەوانـەی دژی ئـەو فۆرمـه وەدەنـگ هـاتن لـەدوورەوە بـەتێڕوانینێکی بەسەرچـوو نیگـای بۆچـوونیان تێگـرت، بێگومـان تـا خـودان ئـەو عـەقڵ و ڕۆشـنبیرییه سـنووردارە چەقیوەشـبن کلیلـی دەرگـەی حەوشێـشیان پـێ نادیترێتـەوە نـەك کلیلـی هـۆدە لـەژمارە نەهاتووەکانی ناوەوەی ساختمانی شیعر.

شیعر پـڕە لـه نهێنـی هـەر نهێنییـەو مۆسیقای تایبـەتی خـۆی هەیـه مۆسـیقای شـیعر نابیسترێ دەبێ لەپاڵ گردی پەیڤەکان بدۆزرێتەوە!!

گومـانم لـەوە نییـه کـه شـیعر ئامـانجی مـەزنترو گرنگێتییێکـی زۆرتـری هەیـه لـەوەی لۆیفرێدەدرێت، ئـەو شـاعیرەی بـاس لەتـەنیایی و بـێ جێی و بـێ دەرامـەتی خـۆی دەکـات ئـەو باسـکردنه بـه لایەنـه گـشتییەکەدا دەشـکێتەوە –مایکۆفـسکی– (کـه گـوتم مـن واتـه مرۆڤایەتی بەگشتی و ڕوسیا ش بەتایبەتی).

خوێنەری شیعری کوردی تەمبەڵە، تەمبەڵییەکەشی دەگەڕێتەوە لۆ:

1– ڕووکەشـی و خـۆ بەدەسـتەوە دانـی ئـەو دەقـه شـیعریانەی بەپێـشی وەرکـراون و فرچکی پێوە گرتوون.

2– ئـەو فۆرمـە شـیعرییه بـارانی هەمەلایـەنی تـەڕی دەکـا –ئێلیـوت–: (شـیعر چڕکردنەوەی تێکـڕای زانیارییـه مرۆڤایەتییەکانـه) لـه جنسەوە بگـرە تـا دەگاتـه فیزیـا، کیمیـا، دەروونناسـی، ئـایین، ئەفسانه.. هتـد خوێنـەری کـوردیش دەیـەوێ کـار نـەکاو بخـوا ئـەم هاوکێـشەیه بەسـەر شـیعری کـاتی و ئاسـیاییدا دەسـەپێ، بـەڵام لەبەرامبـەر فـۆرمی گـران و ئـایینی شـیعر دەپووکێتـەوە بۆیـه پێویـسته خوێنـەر ڕۆشـنبیرییەکی مەوسوعی پەیـدا بکـات تـا بتـوانێ لـەدەرگای ئـەو جـۆرە هونـەر وەشـاندنه بـدات و پـەی بـه نهێنییـەکانی نـاوەوەی ببـات، پێویـستمان بـه خوێنـەری هەمەلایـەنی و گـشتگیری و زیرەك هەیه.

نـەك خوێنـەر بگـرە زۆربـەی شـاعیرو نووسـەرەکانیش هێـشتا نـازانن چـۆن ئـەو تەکنیکه شیعرییه دەخوێننـەوە هـەر بۆیـەش وایلۆدەچـن کەڵەکـه کردنـی وشـەیه بەسـەر

یەکەوەو پێشانگای پێشاندانی وشە بریقەدارەکانەو بەس..!! گومانم لەوە نییە کەوا ئەو فۆرمە پێشانگایە بەڵام کام پێشانگا؟! پەیڤەکانی زمانی ئیشارەتن و وێنەکان زمانی رووداوی پڕ رووداو..!!

زۆر جار لەحاڵەتی شێتبوون (مەبەست کاتی شیعر نووسینە) دەگەڕێمەوە گوندەکەم ئەو گوندەی منداڵیم تێدا زەرد کرد، لەناو کاولان دەست دەکەم بە وشە خڕکردنەوە ئەو وشانەی لۆ فەرهەنگان ماڵی نەبووینەو، ئەو وشانەی بۆنی منداڵی و گوندەکەمیان لێدێ.

لەهاوکاری ژمارە (1077)ی 1989/5/22دا گوتم: (شیعری ئەم بەرادەرە نوێخوازانەمان رووبارێ بەلرفەو هاژەو هەڕەشەی بێ پردن و ئەوەی بیەوێ لەشیعرەکانیان تێ بگاو چێژیان لێ وەربگرێ دەبێ مەلەوان بێت.. هەڵبەت ئەوەی هەر لە "پرد"یش راهاتبێ پێویستە خۆی فێرە مەلە بکات..!!

رەنگە زۆر براگرژی دایانبگرێ و بڵێن چۆن رەوایە گەنجێك کە هێشتا بۆنی شیری لەزاری دێت و دەقێکی بڵاو نەکردۆتەوە بێت و "تصریحات"ی وابدات..!!

شیعر بە تەمەن ناپیورێ.

لۆتریامۆن: لەتەمەنی هەرزەکاریدا (سروودەکانی مالدۆرۆری) وەشاند رامبۆ: لەتەمەنی حەڤدە ساڵی (بەلەمە سەرخۆشەکە)و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیشدا (وەرزێك لەدۆزەخدا)ی نووسی. ئەم دوو هەرزەکارەی ئەدەبی فەرەنسی (لۆتریامۆن–رامبۆ) گیانێکی تازەیان بە شیعر بەخشی و توندوتیژترین هێرشیشیان کردە سەر شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم، لەڕوانگەیەکی تازەو چاوەڕوان نەکراوەوە تیری ئیشارەتیان گرتە کێشەکان. ئەدی لۆتاوانبێت لەم دواداوای سەدەی بیستەمەو لەواقیعێکی هەژاوو کەمێمبەخشدا گەنجێکی کورد بێت و بڵێ: شیعرە ئاساییەکان بۆشایی رۆحم پڕ ناکەنەوەو ئاگری گڵپە سەندووی ناوەوەم نامرێننەوە.. تۆ بڵێی گوتن لەمەڕ شیعر تەنها لۆ ئەو کەسانە بێ کە یەك دوو (شیعر..) یان بڵاوکردۆتەوەو لە (گازینۆ)یان باسی (پڕۆژە) نەنووسراوە خەیاڵییەکانی خۆیان دەکەن؟ یان ئەوانەی بە (طن) شیعریان بڵاوکردۆتەوەو تائێستا دێرە شیعرێکیشیان نەگووتووە؟!

*** ئەنوەر مەسیفی:**

شیعر هەر شیعرە ئەگەر بینای هونەری هەبێ. بەڵام ئەو شیعرەی کە چێژی رەشە خوێنەرەکە لەناودەبا ئەمەیان شیعرترە. پاشەکشەی خوێنەر بەرامبەر بە شیعر ئەگەر هەبێ ئەوا دوو هۆ هەن: یەکەمیان یا ئەوەتا وەکو لەسەرەتای وەڵامی پرسیاری یەکەم باسمان کرد بینای لەکەفەزمان پێکهاتووە. دووەمیشیان یان بیناکەی لە ئاسنە ئیشارات دروست بووە.

لەهەردوو حاڵەتدا گلەیی لەخوێنەر ناکرێ. چونکە شیعر هێزێکی رۆشنبیری مەعنەوییە. ماددەیەکی بەرجەستە نییە!

من نازانم بۆ فیتەرێ ناچار بکرێ لەبینای شیعری ئاسنە ئیشارات بگا؟!

لەهەمان کاتیشدا بۆلاوێکی رۆشنبیری فەلسەفە ویست ناچار بکرێت گوێ لە شیعری کەفە زمان بگرێ؟!

# ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان

**- نوێخوازی تەوژمە؟ تێڕوانینــان بــۆ ڕێبــازە ئــەدەبی و هونەرییــەکان؟ بــۆ کەلەپوور؟**

*** قادر ئیبراهیم مینە :**

نوێخــوازی تەقینــەوەی بورکــانی ســندمکراوی نــاوەوەی مرۆڤــە، دۆزینــەوەی زمانــە لەنێو زمانــدا، ڕەتکردنــەوەی واقیعــە چــونکە ڕازیبــوون بــە واقیــع گەیــشتنە بەویــستگەی خەسان..!! تەوژم سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە. بەڵام نوێخوازی کۆتایی ناناسێ.

تــا دڵــی کــەون تریــەی بــێ بــای گــۆڕان لــەڕووی سرووشــت دەدا گۆڕانێــك لەســەر ڕووی دەســەڵاتی مــرۆڤ، کۆتــایی هــاتنی نوێخــوازی یەکــسانە بــەدیماهی هــاتنی دونیــا..! هــەر ڕێبــازێکی ئــەدەبی یــان هونــەری ئــەدگارو خاســیەتی تایبــەتی خــۆی هەیــەو واقیعێــك دەریــدەدات، تێڕوانینمــان بــۆ ڕێبــازە ئــەدەبی و هونەرییــەکان تێڕوانینێکــی هونــەری و جوانیلۆژییە.

ئــەو زەمەنــەی ئــەو فۆرمــە قورســە شــیری تێــدا هەڵکێــشا جوڵانەوەیــەکی تەشــکیلی گەورەشــی خوڵقانــدو شــانۆی لەقاوغــە تەســکە مەئلوفەکــە قوتــار کــردو دڵنیــام کــە مۆســیقا ش بــەرەو حاڵــەتی تــەعبیر کــردن لــەڕۆح دەڕوا، میگــەلی دەیــان ڕۆمــانی چــاکیش چاوەڕێی ئەوەن کە بە پاوانی مێشکی خوێنەر وەربن پیرۆزە..!!

گەڕانــەوە بــەرەو دنیــای دوور لەدووکــەڵی فۆلکلــۆر، ئەفــسانە، طــەقــسی ئــایینی کارێکی شیاوو پێویستە ئەگەر گەڕانەوەکە بە عەقڵێکی نوێ و تێڕوانینێکی نوێبێ.

ئــەو شــاعیرەی دێــڕو کۆپلــەی فۆلکلــۆر دەگوازێتــەوە هــەرێمی شــیعر جــاڕی بــێ دەسەڵاتی خۆی دەدا.

شاعیری هونەرمەند رۆحی سرکی دەق یان ساتێکی ئێشێنەرو ئازار گەیەنەری دەق دەستەمۆ دەکات و قەپێلك بەجێدێڵن، کەلەپوور لەقاوغێکی نوێ و بۆ مەبەستێکی نوێ بەکاردێنێت و دەیەوێ هونەر بوەشێنێ.

## * ئەنوەر مەسیفی :

نوێخوازی لەشیعردا تەکنیکێکی نوێیە لەناو باری نەفسی شاعیر گەشە دەکا، گەشەکردنێکی یەکسان بەزەمەنی نائاسایی.

زەمەنی نائاساییش لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی چەند باروдۆخێکی لێکگرێدراو دروست دەبێ.

هەر بۆیەشە شاعیری نوێخواز پەنا دەباتە بەر رۆشنبیرییەکی تێر بۆ ئەوەی بتوانێ هێزی زمان بتەقێنێتەوە، هەتا تەقینەوەی زمانە شیعرییەکەی یەکسان بێت بە زەمەنە نائاساییەکە. واتە هەوڵەدا دەقە شیعرییەکەی خۆی وەها بتەقێنێتەوە کە بەئاسانی لەگەرمایی نەکەوێ و زووش نەمەیێ.

من پێکەنینم بەو شاعیرە دێ کە فەرهەنگی شیعری شاعیرانی پێش خۆی لەبن هەنگڵ ناوەو هاواری نوێخوازیش دەکا! رێبازی ئەدەبی و هونەری کۆتاییان نایێ، هەتا لەمابەینی مرۆڤ (قاسم مشترك) مابێ. ئەوانەی دەڵێن سەردەمی رێبازی ئەدەبی و هونەری نەماوەو ئەو چەند هێزە ئەدەبی و هونەرییەی کە ئێستا لەناو هەندێ میللەتانی غەیرە ئەوروپایی هەیە چاولێکردنەوەی رێبازە ئەدەبی و هونەرییەکانی سەردەمی نێوان هەردوو شەڕە گەورەکەیە. بەڕای من ئەم رایە قسەیەکی موعەلەبە، چونکە ئێستاش لەئەورووپاو ئەمریکا رێبازی ئەدەبی و هونەری لەئارادان. بەڵام ئەوە هەیە کە ئەوان واتە ئەوروپاییەکان پێشی میللەتانی تر توانای تیۆردانان و لەیەك گەیشتنیان بەهێزتر بووە وەك چۆن هەر ئەوان پێشی میللەتانی تر شۆڕشی پیشەسازییان بەرپا کرد. بەقسەی قەڵەمە موعەلەبەکان بێت نابێ هیچ میللەتێکی

تری غەیرە ئەوروپایی داریْ لەسەر بەرد دابنیْ، ئیدی میْژووی میللەتانی تر کۆتایی هات.

دەبیْ فەرهاد لاسایی بنجمالیۆنی کردبێتەوە! ئەی نیتچە بۆ پەنای بردە بەر زەردەشت؟ هێرمان هیسە بۆ موحتاجی بوودابوو پاوندی شاعیر چ پالّی پێوە نا بەرەو ئاوو هەوای چین بڕوا؟ ئەدی بە (قاسم مشترك)ی نێوان نالیو سالم و کوردی چ دەلّێن! پڕ بەدلْ پیرۆزبایی لە ئەزموونگەرانی ئێستای شانۆی کوردی دەکەم. پڕ بەدلْ پیرۆزبایی لەهونەرمەندە تەشکیلییە نوێدارەکان دەکەم. لەگەلْ ئەوەی کە شانۆو تەشکیل دوو هونەری مەکانینو شیعریش هونەرێکی زەمانییە، بەلاّم سەرهەلّدانی ئەم تەکانە سیْ قۆلّییە لەمێژووی ئێمەدا لەئانو ساتێکی نزیك لەیەکتر مانای چییە؟

لای من کەلەپوور لە جێی ئەو قولّغەیە کە منی لیْ هاتووم هەزاران سالّە منی لێوە بەڕێکەوتووم. بەلاّم مانای ئەوەش نییە کە بەهەمان چەكو تفاقی (صلاح الدين) دیسان بەرەنگاری خاچ پەرستەکان ببمەوە. هەروەها لەگەلْ ئەو تەمبەلاّنەش نیم کە کەلەپوور لەناو شیعرەکانیان وەکو کەلو پەل دادەنێن. ئەگەر شاعیریْ نەیتوانی کەلەپوور بگوازێتەوە بۆ حالّەتێکی شارستانی خۆی بخنکێنیْ باشترە نەوەکو دەست بۆ کەلەپوور درێژ بکا، چونکە ئیشکردن لەکەلەپوور لەکاتە ترسناکەکانی شیعر نووسیندا پەیوەندی بەهۆشی مرۆڤایەتییەوە هەیە نەك عشائرچێتی. رۆژو زەوی و مرۆڤ لەگەلْ ئەوەی کە وەکو پەیدا بوون کە لەپوورن بەلاّم هێشتا نەکەوتوون و هێشتا زەمەنی مەبینیان دیار نییە.

## * سەباح رەنجدەر:

هەر تەوژمێك بنەڕەت و دنیای بالاّبڕی خۆی لەگەلْ خۆیدا هەلّگرتووەو واقیعێك دەسپێشخەریەتی و دەبێتە بنچینەی دروستبوونی، بەلّیْ خالّی هاودەنگ هاوڕەنگە

لەنێوان دروستبوونی تەوژمی رەمزییەتی فەرەنسی -هیرۆدیاد- شیعری فراوانی - مالارمێ- بەشێوەیەکی رەمزی ناڕاستەوخۆ لەدووریێکی نادیارەوە بۆ دووریێکی دیار بووە هێزو پاڵپشتی ئەستووری سوریالییەکان هەروەها -سروودەکانی مالدۆرۆر-ی (لوترایامۆن)یش- جلوبەرگ- زێوان- دیاریکردنی سیمای فیکری ئەم تەوژمەن و هێزێکی فرە بالای کاریگەرن بۆ سەلماندنی، ئەم تەوژمەی ئێمەش لەڕووی رەتکردنەوەی لای جەماوەر هاوڕەگەزن کە کۆمەڵە شیعری -گوڵە بەدەکان-ی -بۆدلێر- دەرچوو چینە رۆشنبیرەکەی فەرەنسا بوونە دوو چینەوە:

1- چینێك بەرگری.

2- چینێك بەرپەرچ.

شاعیری گەورەی فەرەنسا -رامبۆ- فەرمووی (بێگومان) -ڤێرلین- شاعیرێکی گەورەیە بەڵام هیچ دوودڵیەك لەوەدا نییە -بۆدلێر- بالاترین شاعیرە، یان: "ڤیکتۆر هیگۆ"ی رۆماننووس و شاعیر بەجۆرێکیتر چاوی سەرسامی گێڕاو پەنجەی دڵنیایی لەچاوە رژدەکان هاوێشت و فەرمووی: (بۆدلێر- لەرزەیەکی تازەو موچرکەییێکی نەبینراوی خستۆتە ئەدەبی فەرەنسییەوە) کەچی چینە پەراوێزە ئەدەبییەکان بەمجۆرە ئەم شاعیرە دڵگرو هەستگەییوەیان نرخاند.

(ئەم کتێبە "واتە گوڵەبەدەکان" بریتییە لە نەخۆشخانەیەکی دەروازە والای گشت ئاژاوەییێکی فیکری -گۆستاف بۆردین-) کەچی خۆشی -بۆدلێر- لەنامەیەکدا کە بۆ دایکی نووسیوە فەرموویەتی: (ئەم هێرش و شالاوەی کە کردیانە سەر دیوانە شیعرەکەم باشترین بەڵگەیە بۆ سەرکەوتن و نرخە راستەقینەکەی) جا دژایەتییەکە هەمان دژایەتییە کە ئەمڕۆ ئێمە دەئێشێنێ و چینە رۆشنبیرەکەی کوردیش بوونەتە دوو کەرەتەوە: کەرتێك ئەوانەی لەنەهێنی ئەستێرەو جوغرافیای بنبالی شیعر گەیشتوون لایەنگری ئەم تەوژمەن چینە پەراوێزە ئەدەبییەکەش بەجۆرێکیتر کەوتوون ئەوان دڵنیان ناتوانن لەگەڵ واقیع هاوشان بن و لەکێشوەری ئەدەبدا

بەتاڵبوونـە ئـەمجۆرە بـەر پێنەگرتنـەش بەلایانـەوە ڕەوایـە! بـۆ؟ تـا نەقسی خۆیـان پـڕ بکەنەوە.

جووڵانـەوەییێکی زۆر ئاسـاییەو پێویستیـشە ئەوانـەی دوای ئێمـە دێـن نـەتوانن لـەم هەوایـە بمـژن کـە سـییەکانی ئێمـەی پێڕاهـاتوون بەختیاریـشم کـە لای چـینە پـەراوێزە ئەدەبییەکـە ڕەتەکرێمـەوە دیـارە لەبازنـەی لەبارچـووی چێژی ئـەم پـەراوێزە ئەدەبییانـە دەرچـوویمەو لەبینینیانـدا بوویمـە خـاڵێکی دوورو لێکدانـەوەیان بەرامبـەر ئـەم حاڵـە دوورە بۆ ناکری دووبارە بەختیارترم.

کەلـەپوور لەشـیعردا خـاڵی سـەرەتاو کۆتـایی نییـە بەقـەد ئـەوەی چـۆنییەتی وەشاندنی هونەرییەکەی لەپێشترە.

–ئـەلیوت– لـە (وێرانـە خـاک)دا 81 سەرچـاوەی موتوریـەی فیکـری خـۆیکردو ئـەوکات هێڵکـاری وێرانـە خـاکی کێـشا (سـان جـۆن بێـرس) تێکـڕا ئەفسانەی دەریـای لـەرۆخی گەشـتەکانی بەردەسـتکردو ئاوێنـەی چـەنگاڵی چـاوی کـردن و ئـەوکات ڕەنگـی دەریای ڕەنگڕێژی (ئەناباز) کرد.

دادایـزم لـەئاژاوەی شـەڕی جیهـانی یەکەمـدا لەسویـسرا لەشاری (زوریـخ) دروسـتبوو "ئێلـوار" ئەفـسانەی کەلـەپووری بـەرهواژی بـەکارهێنا داهێنـانی تێـدا بـەرپا کـردو تـا لـەرێزی دادایـزم مـابوو هێـزی داهێنـانی لەگـەڵ خۆیـدا هـەڵگرتبوو دوای ئـەوەی لـەم ڕێبـازە لا یـدا شـیعری بـەتاڵ و ڕۆژانـەی نووسـی و هەناسـەی شـاعیرییێتی دۆڕانـد، لەئەفسانەدا (خدری زیندە) نامرێت و ئاوی نەمری خواردۆتەوە:

(گرمۆڵە بوون ژوورێکی لاپەڕی دێیە

گۆڕی خدری زیندەیە

لەتاسانی دووریانێکدا چووە بەر ئاوێنە

پێنجی رۆحی هەڵقەنا)

من دوو شێوە بەکار بردن لە کەلەپوور دەبینم جۆری یەکەم:–

رووداوو هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکــە دەقــاودەق دەگوازێتــەوە بــێ لێزیــاد بــوون ئــەوە دەچێتە خانەی دووژمنداری کەلەپوور.


جۆری دووەم: —

جۆرێکــە هونــەری لێزیــاد بــوون دەخاتــە تــەوەری رووداوەکــانو بەشــێوەیەکی دەستەمۆ نەبوو رووداوەکە لەتەوەرییێکیتردا دەسورێنێتەوە.

کەلەپوور موچڕکی بەردەوامی جەستەی شیعرە. شیعر بەخشندەی چەرخەکان.

تــەکنیکفراوانی بیــنین و بیــستن ئــازاد دەکــا : جوانخــوازی وشــیاری ســیحر چــەمکی وروژاوی دووری لەچــرکەی رەهــا هەڵا یــسان ســەقامگیر دەکــا شــاعیری بەخــشندە ئــەم ئەنجامدانەی دەستگیرئارا دەبێ.

## ئەنوەر حوسێن حەسەن -مەسیفی-



* لەدایکبوون: 1952 کۆیێ.

* چاپکراو:

1- خۆربــاران- شــیعر- 1978، چاپخانەی صــلاح الدین- هەولێر.

2- جــارێکی تــر خۆربــاران- شــیعر- 1984، چاپخانەی شەفیق- بەغدا.

3- جــل و بــەرگ و جمکــەکان- شــیعر- 1990، چاپخانەی الحوادث- بەغدا.

## سەباح سابیر حەسەن -رەنجدەر-



* لەدایکبوون: 1965 هەولێر

* چاپکراو:

1- زێوان- چامە- چاپخانەی حسام 1988 بغدا.

2- ئاژن- چامە- چاپخانەی الحوادث 1990 بەغدا.

3- گرێــزینگ- چــامە- چــاپخانەی گــەل 1991 شەقلاوە.

# قادر ئیبراهیم مینە



* لەدایکبوون: 1971 وەرتێ.
* هەوڵو کۆششی لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان نواندووە.

# شیعرو هەڵوەستەیەك



# شیعر و هەڵوێستەیەک

[illegible]

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

# شیعرو هەڵوەستەیەک[1]

**غەفوور مەخمووری 1991**

ئـەدەب بەشـێوەیەکی گـشتی رووی دیـاری بەخشـشی پێـشکەوتن و پاشـکەوتنی شارستانی و بوونەوەری ئامادەبووی نەتەوایەتی بۆ دوورو نەورووبەر دەسلمێنێ!!

شـیعریش لکێکـی زینـدووی سەرسـامییە!! ئەلبەتـە دوورووی بـەخورد بوونـەوەی لکـاوە، رووی یەکـەم، رووی دووەم، پێـشکەوتن، پاشـکەوتن، لـەم روانینـەین لـەم بارودۆخـە پێویـستیەدا ئـەزموونی بەرجەسـتە نـەبووی ئـەم هۆکارانـە بەرجەسـتە بکـەین بۆتـە تـەوەری بنـچینەیی پێـشکەوتن و پاشـکەوتن و تایبە تمەنـدی دۆزینـەوەو سـیماو خاسـیەتی جیـایی کـەش و ئاووهـەوای بـاری خـودی و بابـەتی تیرێـژی کـەمۆ نـە بـووی شەپۆلی شیعری ئیمڕۆی تازەخوازی نەتەوایەتیمان!!

1- خاڵی لەبیر رووتی رۆمانسییانەی دەسەڵات کەم مەودا..!!؟

2- گولستنەوەی جولانـەوەی واقیعـی راسـتەوخۆی دوورەدەسـت لەهونـەری لـێ زیاد بوون...!!؟

3- سۆزی گەرم و گەف و کوڵی پەیدەستی نیشتووەوەی کاتی..!!؟

---

1- ئـەم وتـارە لـەژمارە (6)ی تـەموزی 1991ی گۆڤـاری (قـەڵا) بڵاوبۆتـەوە، کـە لـە روانـدز دەردەچوو.

لــەم سروشــتە گونجــاوە وشــیارییەی شــاعیرانی گــەل ویــستو شــۆڕش نوێنمــان (ئــەنوەر مەســیفی –ســەباح رەنجــدەر–قــادر ئیــبراهیم مینــە) خــاوەنی ئــەزموونێکی گشتگیرو جیاوازن لەشێوە باوەکەدا.

هــەر لــەم گۆشــەی ئەزموونەیانــدا نــەینۆکی ئــەوەیان بــە ژن نومایــە بــە ئەندێــشەی درەوشاوەی شیعری گەورەمەندی فۆڕم گرانی ناوەڕۆك خولقێن دابچۆڕین!!

**( تەمبوور قوڕ**

**لەبەر بارانی کەون**

**سیبەکانی**

**لەدێریٚ دانا )** ئەنوەر مەسیفی

**( دەندە پرچی کەمان**

**ئاوریشمی لم مۆسیقای شانی تارمایی**

**شیٚ هەتاوی بیست**

**بەردی پێپلیکانیٚ دەنگی بینی )** سەباح رەنجدەر

**( شەقام**

**پشتییە قەبری بیرەوەری**

**لە**

**پشت )** قادر ئیبراهیم مینە

بــەر لــە گەشــەکردنی ئــەم ســیٚ شمــشالە لــە کرۆکــی بــاڵی بــەڕوو راچــەنیوە ســەردەم خــوازە شــیعری کوردیمــان رەگــی هونــەری و شــێوەی بێگانــەو هاوســێکانمانی بەخۆیــەوە گرێدابوو.

بــەڵام دەتــوانین دروست بــوونی ئــەم ســیٚ دەنگــە بــە بنکــەی مشتو ماڵکردنی شــیعری خۆمــاڵی لــەڕووی گــشتییەوە جێنــشین بکــەینو پێداویــستییەکانی ئالوســکاوی هەمــە چەشنەی خەونو ئارەزووی بەرفراوان ئەم کارەی وا شیاو ئەنجام داوە.

(شـــیعر نمایـــشی نهێنییـــە... نهێنـــی نـــاوەوەی ســـوڵتانی هەســـت و رووداوە نـــا ئاشـــکراکانی دەرەوەی مەرگـــە دوو لایەنییـــەکان، جووڵانـــەوەکانی دەرەوە لـــەناوەوە مووتوریە دەکاو جووڵانەوەکانی ناوەوە لەدەرەوە بەجێ دەهێنێ).

بـەو پێودانگـە بۆیـان لـەڕووە پـەیامی مـەزنی شـیعر بانگـەواز بـدەن، دەنگدانەوەشـی پێداویـستییەکانی کاردانـــەوەی فەرهەنگـــەکانی کۆتـــایی ســـەردەمی ژەهـــرو ئـــەتۆمی بیستەم بن.

هـــەردوو لکـــی شـــیعر (نـــاوەڕۆك، شـــێوە) گـــەلای هەمیـــشە ســـەوزی بـــە بـــالآی دا دەلەرێتـــەوە، شـیعری ئـەم دواییـــەش داسـتان و کەلـەپووری بەرچـاوی بەشـێوەی لاسـایی کردنـەوەی رووت دوور لـەخۆی پاراسـتووە بـەڵکو خـۆی لەناوخۆیانـدا دەمامـك و درامـاو دوانـدن و خۆدوانـدن و پرسـیارو وەڵامـی ئەفسانەیی مرۆڤـی بەدرێـژایی مێـژوو تا یبـەت بـەباری دەروونـی شـاعیرو شـیتەلکردنی زەمـــەنی هەمەلا یـەنی بـەرپا کـردووەو گەشـە کردنێکـی چـونایەتیان بەشـیعر پێـشکەش کـردووە. هاوشـانی ئـەم شمـشاڵە خۆماڵیانـە ئـەم بوونانـە ش ما یـەی لـیٚ زیـاد بـوونی شـیعرن (سـامان درەیـی، محەممـەد حەسـەن باوەکر، ئـازاد ئەحمـەد، ئەحمـەدی مـەلا، بـەهات قـەرەداغی، فـاتیح عیـزەدین) ئـەم فـۆرم و جـۆرە هونەرییـە لەسـێبەری پەلکەزێڕینـەی بـیرو پەنجـەی هێمنـی ئـەم سـیٚ شمـشاڵە پـڕ دەنگـەدا بەدیهێنـــدراوەو کەوتـە نـاو هەسـتی هونـەر داوایـانی موچـرك گـەرم و کڵپـەوە شێن.

بەهـــەمان شـــێوەش ئـــەم ناوەڕۆکـــە کـــەویکراوە کـــە بەبـــەردەوامی رامـــان بەدەســـت دەهێندریٚ!!


پێویـستە شـیعر لەئاسـت ئـەم رووداوە تیژڕۆیانـەی بەسـەر کۆمـەڵی کـورد هـاتووەو دێـت یـەك ئاسـت خـۆ بنوێـنیٚ و کـورت نـەهێنیٚ، رووداوەکـانی میللەت هێنـدە بنـچینەیین پێویـستە ئەدەبەکـەش لەکەللەسـەری ئـەم رووداوانـە دەستنیـشانی پەرەسـەندنی بکـات تائێـستا لەجەمـسەری سـەرو تـا خـوارووی هـیچ نەتەوەیـەك خـەباتی درێژخایـەنی و ئازارەکانی بەقـەد ئێمـە ژەهـراوی نین کەچـی ئـەدەبیان لەئێمـە بـالآترو دیـارتر کـەوتووە. بـەلآم لەئـەنجامی تـیٚ وردبوونـەوەم گەیـشتوومەتە ئـەو راسـتییە ئێمـەی کۆتـایی سـەدەی

بیستەمی تەکنەلۆژیاو گۆڕانی خێرا ئەدیبی گەورەی هەمەلایەنیمان هەیە، بەلام ئەو هۆکارانە چین بوونەتە دیارنەکەوتنیان سروشتی هەلومەرج و زەمینەیەکی وای بۆ نەرەخساوە ئەو تۆیە سەوزەی لایەنی بیوەشێنێ ئەم سێ دەنگە ئاواتیانە دەنگدانەوەیان لەئاست ئەم پێویستیەدا بڕواو ئەم زەمینە ڕێکبخەن بۆ خۆیان و نەوەی دادێ و لەهەمان کاتیشدا بڕوایان لەوەدایە ئەو نەوەیەی دوای ئەوان بەکاری شیعر هەڵدەستن نەتوانن لەم فەرهەنگەدا وشە ئارایی بکەن کە ئەوان شیعری خۆیان پێ ڕەنگرێژ کردووە. بەڵکو ئەوان لەسەریانەو پێویستیشە بیناییەکی باشتر لەجوولانەوەی هێماو هێڵە پەنهانەکانی کەسێتی و پێکهاتەکانی ڕۆنان لەڕوومەتی سامالی ئێوارەو هەمیشە تەنیایی غوربەتی و نیگەرانی شاعیردا بنیات بنێن لەوەی ئەوانی پێش خۆیان بنیادیان ناوە!!

شیعری کوردی کاریگەریەتی لەگۆڕانی شیعری جیهانی بەشێوەیەکی سەرەکی بینیوە. بەپێی هاوسەنگی ئەم هاوکێشەیە (خەیام) سوودێکی لەرادە بەدەری لە (بابەتاهیر) بینیوە، (ئەزرا پاوەند) بەجۆرێك سەرچاوەی (خەیامی) مژیووە، تا کوڕەکەی خۆی بە (خەیام) ناودێر کردووە. (پاوەند) مامۆستاو ڕابەری (ئەلیوت) بووە (وێرانە خاك)ی (ئەلیوت) بە مۆنتاژی (پاوەند) بۆتە تەوەرەی دیاری شیعری جیهانی کەواتە لەبنەڕەتدا شیعری جیهانی بەتەوژم و جوولانەوەی ئەم هاوکێشەیەی پەنجەمان بۆ برد دەموچاوی کوردانەی تێدا دەبریسکێتەوە. ئەوەش هۆشمەندی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێ!!

(مەسیفی، ڕەنجدەر، قادر) گروتێنێکی جۆشداریان بە شیعر بەخشیووەو کراسیان بەژنی گرفتەکانی کورد بڕیوە.

پیرۆزە... مایەی تێڕامان و هەڵوەستەی هێمنە.


حەیران
چەمك . ناوەڕۆك . سەرهەڵدان

# حەیران
# چەمك - ناوەڕۆك - سەرهەڵدان

**غەفوور مەخووری**

# پێشەکی

**بەدران ئەحمەد**

حەیران جۆرێکە لەئاوازی کوردی، بەدەنگ هەڵکردن و ئای ئایەکی پڕ لەگەرووەوە دەگوترێ و لەچەند رستەیەکی کورت پێك دێ کە تیایدا هەست بەئەوینێکی گەرم و پڕ لە کوڵ دەکرێ. حەیران، یان هەستی عاشق (کە زۆر جار حەیرانبێژەکە خۆیەتی) بەرامبەر ئەویندارەکەی دەردەبڕێ یان باس لەڕووداوو بەسەرهاتێك دەکات. حەیران، زۆر لەکورتی دەبڕێتەوە، هەستێکی بروسکە ئاسا بەدەمارەکانی مرۆڤی گوێگردا سەر دەکات و دەیهەژێنێ.

زۆر کەس لەوانەی لە حەیران دواون، هەروەها گوێگرانی حەیرانیش، حەیران بەئاوازێکی فۆلکلۆری تێ دەگەن. وا دەزانم ئەمە زۆر راست نییە لەبەر ئەوەی هەر حەیرانبێژێك حەیرانی خۆی هەیەو بەنازداری خۆیدا هەڵدەڵێ، یان باسی رووداوو بەسەرهاتێك دەکات کە بەسەر خۆی هاتووە یان بۆیان گێڕاوەتەوە. لەوانەیە هەندێك لەحەیرانبێژان حەیران لە ئەوانیتر وەربگرن و بیڵێنەوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حەیران لەو جۆرە ئاوازانەیە کە وەکو دەق دەماودەم ناکەن و لەنەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر ناگوازرێتەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی پێناسەی فۆلکلۆرە کە دەماودەم دەکات و لەزارێکەوە دەپەڕێتە سەر زارێکی تر. هەر حەیرانێکیش باس و بەسەرهاتی ناوچەی حەیرانبێژەکە خۆیەتی کە تیایدا ژیاوە یان پیایدا تێ پەڕیوە. واتە لەناوچەیەکیشەوە ناپەڕێتەوە بۆ ناوچەگەلی تر. گۆرانی و ئاوازی تری کوردەواری زۆربەی زۆریان هەر نازانرێ لەکوێ سەریان هەڵداوە. گۆرانیی هەڵپەرکێ و بەزم و گۆڤەند، یان لاوك "کە لەکرمانجیی ژووروودا (کلام)ی پێ دەگوترێ" لەسەرتاسەری ناوچەکاندا دێن و دەچن و لەهەر شوێنێکدا مۆرکی شێوەزمان و ئاخاوتنی ناوچەیی بەسەریاندا زاڵەو جیاواز دەبنەوە لەیەکتر، بەڵام زێدی سەرهەڵدانیان

دەست نیشان ناکرێ مەگەر مێژوو پێمان بڵێ ئەو رووداوە لەفلانە شوێن روویداوە، بۆیە بەبۆچوونی من دەبێ حەیران بچێتە خانەی ئەو جۆرە سامانە گەلێرییەوە کە پێی دەگوترێ "میللی". ئەمەش هەر سامانێکی نەتەوایەتییەو دەوڵەمەندیی کەلەپووری کورد نیشان دەدات.

حەیران لەبنەڕەتی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەرمیان و کوێستان کردنی مەڕداران. بەتایبەتی ئەوانەی لەژیانی نیوەکۆچەری و نیوە دێمانی "گوندنشینی و مانەوە لەدێ"دا دەژیان. لەنیوەی بەهارێوە لەدەشتە گەرمێنەکانەوە بەخۆیان و پەزو مەڕو ماڵاتیان لەگەڵ هەڵکشانی وەرزی بەهاردا ئەوانیش بەرەو ژوور، بەرەو چیاوو لەوەرگەو زەنوێرەکانی ژووروو هەڵدەکشان و پێ بەپێ لەگەڵی دەڕۆیشتن هەتا بەهاریان لەهەموو شوێنێکدا تەواو دەکرد، ئەوجا لەناوەندی هاوین بەدواوە بەرەو ژێر دەگەڕانەوەو دەستیان لەژیانی کۆچەرایەتی و رەشماڵ نشینی هەڵدەگرت و پایزو زستانی داهاتوویان بەنیشتەجێیی لەخانوو و گوندەکان بەسەر دەبرد.

سەرنج دەدرێ کە حەیران خۆشی دوو جۆرە، جۆرێکیان کە ناوی نراوە (سەرچیایی)، لەمەیاندا حەیرانبێژ بەهەموو فرەوانیی گەرووی تێ هەڵدەکاو بانگ رادەهێڵێ، بۆ ئەوەی کاتێك کە بەڕێوەن و لەکۆچدان دەنگی بگات بەگوێی خەڵکەکە، یان لە هۆبەو رەشماڵەکاندا کە دوور لەیەکتر هەڵدەدران و خەڵکەکە پەرت و بڵاوو لەیەك دوور کاریان دەکرد یان پشوویان دەدا. دیارە ئەمەیان لەکۆچ و کۆچباری کوێستان و گەرمیان کردندا گوتراوە. دوور نییە زۆربەی ئەوینە گەرم و گوڕەکان لەمەیاندا هاتبنە سەر زار. شوان و مەڕلەوەڕێن، ئەوانەی حەیرانیان دەچڕی و، بەتەنیا بەدەشت و کەژانەوە دەمانەوەو گڕی ئەوینی گراوییەکانیان، بەحەیرانی (سەرچیایی)و دەنگ هەڵبڕین و هاوارو ناڵەیەکەوە دەردەهێنا.

جۆرەکەی تری کە ناویان ناوە (مەجلیسی)، ئەمەیان لەماڵان و کۆڕو کۆبوونەوەی پیاوان و ماقوولان یان لەدیوەخانی ئاغاو بەگاندا بەدەنگێکی نەرمو هێور گوتراوە، هەڵبەتە حەیرانبێژان کە دەنگیان خۆشە، گەروویان گونجاوە بۆ گوتنی هەردوو جۆرە ئاوازەکە بەلام لەوانەشە هەندێکیان هەر جۆری (مەجلیسی)یان بەلاوە پەسندو گونجاو بوو بێ بەتایبەتی هەندێك لەو حەیرانبێژانە کە پیاوی ناوسەرەو ماقووڵ بوونەو شایەنی ئەوە بوونە لەمجڤات و ناو پیاواندا دانیشن و گەرمیی ژیان و ئەوین و بەسەرهات و رووداوە کۆمەڵایەتی و قارەمانەتییەکان بەردەنە ناو دڵی دانیشتووان و دەروونیان بەجۆش بێنن.

هەڵبەتە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە حەیران تەنیا پاوانی پیاوان نەبووە، زۆر ئافرەتیش هەن حەیرانیان گوتووە، بەتایبەتی لەپرسەو تازیماندا کە بەکۆچکردووانیاندا هەڵداوەو بەحەیران شینیان بۆ گێڕاون و، کۆڕی گریان و فرمێسك باراندنیان بۆ گەرم کردوون.

بەبۆچوونی من، مەفتەن و شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بۆ دەشتی هەولێرو بەتایبەتیش ناوچەکانی کەندیناوەو قەراج دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی کۆچی سەرداران و هەوارگواستنەوەیان بۆ کوێستانان لەوێوە دەستی پێکردووە. هەرچەندە دەشتەکانی ئەو ناوچانە هەتا بڵێی بە پیتن و بڕیاری دەغڵ و دانیان لەوپەڕیدایە، بەلام لەماوەی سەدەکانی رابردوودا مەڕداری بڕبڕەی پشتی ژیانیان بووە. ئەو ناوچانە لەچاو ناوچەکانی سەرەوەتر، گەرمن، بەهار زوو دێو زووش بەجێیان دەهێڵێ. ئیتر تا بەهار هەڵدەکشا لەوەڕگەکانیش کەم دەبوونەوە بەتایبەتیش کە هەموو ئەو دەشتانە دەچێندران و شوێنی لەوەڕی مەڕو ماڵات نەدەما، بۆیە روویان لەبەرپاڵی چیاکان و زەنوێرەکانی کوێستان دەکرد. هەتا بەهار بە بەرەوە دەچوو و دنیا گەرمتر دادەهات ئەوانیش پێ بەپێ سەرەو ژوورتر دەبوون و ئەوجا لەو سەرەوە کە بەهار لە هیچ شوێنێ نەدەما

ئـەوانیش دەسـتیان بەگەڕانـەوە دەکـرد، لـەم جێگـۆڕێ و هـەوار گواسـتنەوەیەدا، داوو نـەریت و هونەرەکانیـشیان جێگۆڕێ دەکـردو، شـەقڵ و مـۆرکی خۆیـان بەسـەر خـەڵکی ناوچـەو ڕێپێڵگەکانـەوە بـەجێ دەهێـشت. بۆیـە دەبینـرێ کـە حـەیران لەناوچەکانی قـەراج و کەنـدیناوە دەسـت پـێ دەکـات و لەناوچـەی موکریـان بـەکۆتا دێـت. ئەمـەش ڕێگـەی کـۆچ و کوێـستان و گـەرمیان کردنـی مەڕدارانـە. لـەم کـۆچ و هـەوار گواستنەوەیەشـدا مـەڕدارەکان دوو ڕێگـەیان گرتووەتـە پـێش یەکـەمیان لەقـەراج و کەنـدیناوەوە دەسـت پێـدەکات و بـەرەو سـەفین و ڕەوانـدزو لەوێـشەوە بەرەو ئـەودیو. ئـەویتریان لەقـەراج و کەنـدیناوە یـان دەشـتەکانی خـوارووی هـەولێر بەگـشتییەوە بـەرەو کۆیـەو ناوچـەکانی بیتـوێن و پـشدەر ئینجـا ئـەودیو، واتـە ناوچەی موکریان.

ڕێگـەی یەکـەمیان سـەرەکیتر بـووە لـەوەی دووەم لەبـەر ئـەوەی کۆچـەرەکان بەماوەیـەکی کـەمتر گەیـشتوونەتە چـیاو ناوچـەی زۆزان و کوێـستانەکان. هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە سـەرنج دەدرێ حـەیران لـەم ڕێگەیـەدا جـۆرێکی ڕەسـەنترە. هـەروەها زیـاتریش بـاوەو ژمـارەی حەیرانبێژەکانیـشی زیـاترو بـەرفرەوانترن. بەڵگەیـەکی تـرم بـۆ ئـەم بۆچـوونە ئەوەیـە، لەحـەیرانی حەیرانبێـژەکانی ناوچـەی هەولێردا بـەردەوام ئـەم ناوانـە بـەرگوێ دەکـەون: دەشـتی کاولـە قـەراجی، جۆگـەی مـەخمووری، بازاڕگـەی خۆمـان، کـەڵکی حوسـێنی غـازی، زوورگـەزراوی خۆمـان، قـەلاتی پـیرە هـەولێرێ، سـەربەن و داری شـەکران، سـەرێ سـەفینی، چـیای بنـی هەریرێ، زینەتیرو پردی ڕواندزێ و... هتد.

کۆمەڵـە حـەیرانێکی حەیرانبێـژی نـاودار (حەسـەن حـەیران) هەیـە، ڕوودواو بەسـەرهات و پێداگوتنـەکانی لەسەرتاسـەری ئـەم ناوچـانە دێـن و دەچـن. هەڵبەتـە وەك لەپێـشەوە گـوتم ئەمـە ڕێپێڵگـەی ماڵـە کۆچـەرو کوێـستان و گـەرمیان کـەرەکانی دەشـتی هـەولێر بـووە. لەبـەری ڕۆژئـاوای ئـەم ڕێگـەی کۆچـەرییەدا حـەیران نییـە لەبـەر ئـەوەی خەڵکەکـەی بـەزاراوەی کرمـانجیی سـەروو دەدوێـن.

لەبەری رۆژهەلاتی، حەیران هەیە بەلام وەك گوتمان تۆزێك كالترەو ئەو گەرمو گوڕییەی نییە.

ژمارەیەكی زۆر لەحەیرانە كۆنەكان، ئەوانەی تۆمار كراون باسی كۆچو باری وەرزی بەهارانو بەرەو كوێستان رۆیشتن دەكەن بەلام هەندێك حەیرانیش هەن باسی گەڕانەوە لەكوێستان دەكەن.

نابێ خوێنەر لەم قسانەی سەرەوە وا تێ بگات كە حەیران تەنیا باس لەكوێستانو گەرمیان كردن دەكات. نەخێر مەبەستم ئەوە نییە هەرچەندە ناوەڕۆكی بەشێك لەحەیرانەكان ئەم باسانەن. بگرە مەبەستم ئەوەیە كە زێدی سەرهەلدانی حەیران لەدەشتی خوارووی هەولێر بووە بەتایبەتی كەندیناوەو قەراج، پاشانیش بەهۆی مال گواستنەوەو كوێستان كردن، بەرەو ناوچەكانی سەروو رۆیشتووەو لەو ناوچانە بلاوبووەتەوە، بەلام وەك گوتمان بەشێوەیەكی كەمترو كالتر.

حەیران بەرهەمو زادەی ژیانێكی گوندەكییانەو كۆچەرییانە بووە. زۆربەی فۆلكلۆرو سامانی زارەكیی نەتەوایەتیمان هەر وایە بەلام حەیران جیاوازییەكی هەیە ئەویش ئەوەیە كە بەباشی لەگەل ژیانی شاراندا هەلی نەكرد. بەشێوەیەكی گشتی حەیران دوای نەمانی ئەو جۆرە ژیانەو كوێربوونەوەی گوندەكانی دەشتی هەولێر، ئەویش بەرەو نەمانو فەوتان ملی نا. هەرچەندە (رەسوول بێزار گەردی) زۆر حەیرانی خۆشی گوتووە بەلام دوای ئەو هونەرەكە بە یەكجاری فەوتا. هەندێ لەگەنجە گۆرانیبێژەكانی وەك (عارەب عوسمان) تاكو تەرا حەیرانیان گوتووە، بەلام وەك گوتم حەیران لەگەل ژیانی شاراندا هەلی نەكردو ئەو بایەخەی جارانی نەما. هەلبەتە زۆر جۆری سامانی زارەكی لە لاوكو قەتارو ئەللا وەیسیو... هتد، ئەمانەش هەر بەرەو فەوتان دەڕۆن. رەنگە لەمەدا گلەیی لەدەنگخۆشانو مۆشیقاژەنانی كورد بكرێ كە روویان دایە جۆرە ئاسانەكانی گۆرانیو پشتیان لەم هونەرە رەسەنانە كرد كە سەرەوەتو سامانێكی گەورەی نەتەوایەتیمانن.

لەبارەی مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم هونەرە زارەکییە لەناو کوردەواری، ناتوانرێ شتێکی بڕاوەو یەکجارەکی بگوترێ. وەك گوتم حەیرانبێژان هەریەکەو حەیرانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، حەیرانبێژان تەنیا هونەرەکەیان لەیەکترو پشتاوپشت وەرگرتووە ئەگینا حەیرانی حەیرانبێژانی کۆن هەمووی ون بووەو لەگەڵ خۆیاندا چووەتە ژێر گڵ. پیشەی نووسین و خوێندەواری و رۆشنبیریی نەتەوەیی زۆر درەنگ لەناو کورددا بڵاوبووەوە، بەشی هەرە زۆری سامانی زارەکی و زمانمان فەوتاو، نووسین و گۆڤارو کتێب تەنیا بە بنکرێکی راگەیشتن، حەیرانیش لەسامانە فەوتاوەکانەو کەمێکی لەم دووا دووایيانە نووسراوەتەوە یان تۆمارکراوەتە سەر کاسێت.

بەبڕوای من، مێژووی لەدایکبوونی ئەم هونەرە زۆر کۆن نییەو رەنگە بۆ 200-250 ساڵێك لەمەوبەر بگەڕێتەوە. بۆ ئەمەش ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە بەبەڵگە دەهێنمەوە.

زستانی 1976 لەمانگی شوبات، ئەوکاتە کە قوتابیی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، شەوێکیان گۆڤارێکی (رۆشنبیری نوێ)م بەدەستەوە بوو. باپیرم میوانی ئێمە بوو، گوتی ئەم گۆڤارە چیی تێیدا نووسراوە، منیش هەندێك سەرباس و باسەکانی ناو گۆڤارەکەم بۆی خوێندەوە، یەکێك لەوانە وتارێك بوو لەبارەی حەیران، بەیرم نایە کێ نووسیبووی بەڵام بابەتی نووسینەکەی ئەوە بوو ئاخۆ حەیران لەکەندیناوە سەری هەڵداوەو چووە بۆ موکریان یان بەپێچەوانەوە. لەم بارەیەوە باپیرم شتێکی گێڕایەوە -کە دوای ئەوە بەدوو هەفتە یان کەمتر کۆچی دوایی کردو چووە بەردلۆڤانیی خودا- پوختەی قسەکانی ئەمانە بوون:

مام برایم هەبوو لەگوندی ئێمە، گوندەکەمان ناوی دوشیوان و لەکەندیناوە بوو، ئێستە ئەو گوندە نەماوەو کوێر کراوەتەوە. من خۆشم (مام برایم)م دیبوو، ئەوکاتە پێش ساڵی 1970 تەمەنی گەیشتبووە سەرووی سەد ساڵ، خەڵك

وایـان دەگـوت. ئـەم مـام برایمـە یـەکێك بـوو لەمێـژووزانو بـیرەوەری گێڕەوەکـانو بیرێکـی یـەکجار تیـژی هـەبوو، دەنگوبـاسو بەسـەرهاتو رەگـو رەچـەڵەکی رەنگـە 200-300 سـاڵی خـەڵکی ئـەو ناوچـەیەی زانـیبێ. زۆر رووداوی مێـژوویی و بەسـەرهاتی کۆمەڵایـەتیی دەگێڕایـەوە، یـان خـەڵکی دەبـردەوە سـەر بنەچـەکەو بناوانیـان. وادیـارە خـەڵکی تـریش هـەبوون لـەجۆری مـام بـرایمو پێـشی ئـەو ژیـابوونو قسەکانیان جێـی متمانـە بـوو، چـونکە هەنـدێك لـە بەسـەرهاتو رووداوو قسەکانی خـۆی دەخـستە پـاڵ خـەڵکانی تـر کـە لێـی بیـستبوون، هەڵبەتـە ئـەو خەڵکانـەش پیـاوی بیرتیـژو لێـزانو جـێ بـاوەڕ بـوون، ئەمانـە مێـژووزانو رەچەڵەکناسـی سـەردەمی خۆیـان بوونو کـۆڕو دیوەخـانی گونـدانیان بـەم بـاسو بەسەرهاتانە گەرم دادێنا. جا با بێینەوە سەر مەبەست.

لـەبارەی پەیـدابوونی حـەیرانو جێگـەی سـەرهەڵدانیەوە، مـام بـرایم گوتبـووی لەفڵانەکەسـم بیـستووە (کـە بەدڵخـەوە مـن نـاوی ئەمـەیانم لـەبیر نـەماوە) یەکـەمین حەیرانبێـژ کـە حـەیرانی داهێنـاوە یـەکێك بـووە بـەنوی (حەمـەد حـەیران)و شـوانی گونـدی گـاوەرە بـووە. ئـەم حەمـەد حەیرانـە شـوانە، مێگـەلی خـۆی لـەبناری قەرەچـووغو لەداوێنـەکانی گونـدی مـەلاکاغاو گردەشـینە لەوەرانـدووەو دوای رۆژئـاوابوونو دەمـەدەمی شـێوان مێگەلەکـەی بـەرەو گوندەکـەی گەڕاندووەتـەوە. لـەو کاتانـەدا تێـی هەڵکردووەتـە حـەیرانو دەنگێکـی هێنـدە پـڕی هـەبووە کـە لەگوندی نووشیوان خەڵك گوێیان لێ بووە.

مـام بـرایم گوتبووی: ئـەم حەمـەد حەیرانـە یەکـەمین کـەس بـووە کـە حـەیرانی گوتـووەو ئـەم هونـەرەی هێناوەتـە ئـەم ناوچـەیە، بـەڵام زیـاترووا پـێ دەچـێ خـۆی داهێنەری ئـەم هونـەرە بـووبێ، بەقـسەی مـام بـرایم ئەمـە یەکـەمین کـەس بـووە کـە حەیرانی گوتووە.

قـسەکانی مـام بـرایمیش زۆر جێگـەی بـاوەڕ بـوون، ئـەم مێـژووزانو رەچەڵەکناسـی سـەردەمی خـۆی بـوو. وادیـارە ئـەو کاتـەش پرسـیار هـەبووە ئـاخۆ

کێ یەکەمین جارو لەکوێ حەیرانی گوتووە. مایەوە ئەوەش بڵێم کە گوندی (گاوەرە) لە زۆر حەیراندا ناوی دێو گوندێکی ناسراوە، دوورنییە کە ئەمەش هەر بۆ یەکەمین حەیرانبێژ بگەڕێتەوە کە خۆی خەڵکی ئەوێ بووەو لە زۆر حەیراندا ناوی گوندەکەی هێناوەو لەوانەیە دڵبەرو "حەیران"ەکەی لەوێ بووبێ.

هەندێك بۆچوونی تر ماوە لەبارەی ئەم هونەرە زارەکییە. چەند جارێك ئەم بۆچوونانەی خۆم لەلای بەڕێزان مامۆستا شوکور مستەفاو د.کوردستان موکریانیو کاك غەفوور مەخمووریو هونەرمەند کاك خەلیل لۆقا باس کردووە. هەموویان پەسندیان کردووەو هانیان داوم کە بیانووسم. سوپاس بۆ کاك غەفوور مەخمووری کە لەپێشەکی ئەم نامیلکەیەدا دەراوو دەلیڤەیەکی بۆ رەخساندم ئەگینا لەوانەبوو هەرگیز نەیاننووسمەوە.

ئەو هێڵەی لەقەراجەوە دەست پێدەکاتو بەرەو کەندیناوەو دەشتی هەولێرو سەفینو دەشتی هەریرو خۆشناوەتیو تادەگاتە رەواندزو ئینجا کوردستانی ئەودیو واتە بەری موکریان، وەك گوتمان حەیران بەم هێڵەدا لەگەڵ کوێستانو گەرمیان کردنی کۆچەریو مەڕداران سەرو خواری کردووە، هەروەها هێڵەکەی تریش کە دەچێتەوە دەشتی کۆیەو هەیبەت سوڵتانو پشدەرو بیتووێنو ئینجا ئەودیو، ئەم دوو هێڵە بریتین لەهێڵی گەواڵەی بارانی بەهاران کە ئەوکاتانە خەڵکەکە لەکۆچدا دەبوون یان لەتاوڵو رەشماڵاندا دەژیانو مەڕیان دەلەوەڕاند. ئەگەر گوێ لەحەیرانەکان بگرین گەلێك جار گەواڵەیەك لەئاسمانی قەراجەوە دەیهێنێو بازارگەو کەڵکی حوسێنی غازی دەگرێتەوە (کە گۆڕی پیاوچاکێکە لەو شوێنەو مەزارگەی نیازگرتنەوەی عاشقان بووە). ئەم گەواڵەیە هەندێك جار لەدەشتەکانی ئەم دیوەی زوورگەزراو دەیڕژێنێو هەندێك جاریش لەبناری سەفین یان لەبەنی هەریر یان لەزینەتیر (کە کلکەی چیای بەنی هەریرەو لەوێوەوە کۆچەرەکان بەرەو دۆڵی بالیسان

ئاودیو دەبوون)و هەندێك جاریش گەواڵەکە بەرەو ئەودیو بردیووییەتی و لەوێ بارانەکەی باراندووە.

بۆ هێڵەکەی تریش هەر وایە. هەڵبەتە گەواڵەی بەهار ڕووداوێکی فیزیایی و جوگرافییەو ئەم هەورە ئاوسانە بەباران بەهۆی (با)وە لەباشوورەوە بەرەو باکوورو باکووری ڕۆژهەڵات ملیان دەنا.

هێڵی گەواڵەی باران هەمان هێڵی بڵاوبوونەوەی حەیرانە. گەواڵەکان لەخوارەوە بەرەو ژوور دەڕۆن، حەیرانەکەش هەروا بووە. سەیرە، لەم ڕێکەوتە جوانەی سروشتو کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە یەکەمجار بەدی بکرێتو ئاوها تێك بکاتەوە.

گوێگری حەیران سەرنج ئەدات، حەیرانبێژ زۆر جار کتومت وەك گەواڵەی هەوری بەهاران چۆن لەجێگەیەك شریخەو گرمەی لێ هەڵدەستێ و دەست پێدەکاتو بەرێوە بەرەو باکوور نەمەبارانێك دەبارێنێ، بەلام رەهێڵەو رێژنە بەخوڕو تاوەکە لەشوێنێکی زۆر دوور دەبارێت. هەندێك جار حەیرانبێژیش وادەکات، دەسپێکی قسەکانی لەشوێنێکەو، دەڕوا هەتا لەشوێنێکی دوور، مەبەست دەسپێکی کە ئەمە خۆشیو بەزەو سەرسامییەك بەگوێگرەکە دەبەخشێ و گەلێك جار لەکۆڕو دانیشتنان (ئوو...)ەکی دوورو درێژ لەدەمی گوێگر دێتە دەرەوە، ئەم هونەرەی حەیرانبێژیش شان بەشانی هونەرو ڕووداوە سەیرەکەی سروشتە.

**هەولێر:** 18 **نیسان** 2001

# پێشەکی

نەتـەوەی کـورد وەك هـەر نەتەوەیـەکی تـری سـەر رووی زەمـین خـاوەن فۆلکلـۆرێکی زینـدوو و رەسـەنەو، یەکێکـە لەنەتـەوە دەوڵەمەنـدەکانی جیهـان لـەفۆلکلۆرداو، بـەهۆی ئـەو فۆلکلـۆرە رەسـەنە شارسـتانیێتی و دابونـەریت و مێـژوو و کلتـووری خـۆی پاراستووە.

فۆلکلـۆر بـەردی بناغـەی ئـەدەبیاتی هـەر نەتەوەیەکـە (بناغـەی ئـەدەب لـەفۆلکلۆر دایـە، فۆلکلـۆر کەرەسـەیەکی خـاوی مەزنـەو سەرچـاوەیە بـۆ هونـەرو بوێـژان، ئەگـەر بەباشـی لـەرابردوو بگـەین، بەرهـەمی ئـەمڕۆمان زۆر رەنگـین دەبـێو ئینجـا زۆر بـەوردی لەگرنگی فۆلکلۆر دەگەین – گۆرکی).

گـۆرکی مـەزن بـەم شـێوەیە چـاوی سەرسـامی دەداتـە فۆلکلـۆرو مـەزنی فۆلکلـۆر دەنـرخێنێ، ئێمـەش بـۆ ئـەوەی لـەڕابردوومان بگـەینو بەرهـەمی ئـەمڕۆمان رەنگـین بکەین پێویستە لەفۆلکلۆری نەتەوەکەمان بکۆڵینەوە.

(حـەیران) کـە بەشـێکی هێـژای ئـەم فۆلکلۆرەیـە، تائێـستا زۆر کـەمی لەسـەر نووسـراوەو بایـەخێکی ئـەوتۆی پـێ نـەدراوە، کـە لەڕاسـتیدا بابـەتێکی وادەبـوا تائێـستا چـەندین لێکۆڵینـەوەی زانـستی لـەبارەوە بکرابووایـە، بـەڵام بەداخـەوە جگـە لەهەنـدێ هەوڵ لـەبواری کۆکردنـەوەو چـەند هـەوڵێکی سـەرەتایی بـۆ لێکۆڵینـەوە شـتێکی تـر شك نابـەین. ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە گـەورەیی و پـیرۆزی حـەیران وایـان کـرد کـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـۆ ئـەم بابەتـە ئـەنجام بـدەم. لێکۆڵینەوەکـەم دابەشـی سـەر سـێ فەسـڵ کردووە:

فەسـڵی یەکـەم: لـە سـێ بـەش پێکهـاتووە، لەبەشـی یەکەمـدا وشـەی (حـەیران)م لێکداوەتـەوەو پێناسـەم کـردووە، لەبەشـی دووەمـدا تائێـستا چـی لـەبارەی حـەیران نووسرابێ وەبەرچاوم خستووە، لەبەشی سێیەمدا باسی جۆرەکانی حەیرانم کردووە.

فەســڵی دووەم: لــەدوو بــەش پێکهــاتووە، لەبەشــی یەکەمــدا لــەفۆڕمی حــەیران و لەبەشی دووەمدا لەناوەڕۆکی حەیران دواوم.

فەسـڵی سـێیەم: کـە ئـەویش لـەدوو بـەش پێکهـاتووە، لەبەشـی یەکەمـدا لەسـەردەمی ســـەرهەڵدانی حـــەیران و لەبەشـــی دووەمـــدا لەمەڵبەنـــدی ســـەرهەڵدانی حـــەیرانم کۆڵیوەتەوە.

ئومێــد دەخــوازم بــەم کورتــە لێکۆڵینەوەیــەم ســوالەیەکم خــستبێتە ســەر گیــشەو گەلاوێــژی ئــەدەبی فۆلکلــۆری کــوردی و چــەند روبەیــەکم لەڕاســتە رەوســەی حــەیران دەورکردبێتەوە.

**غەفوور مەخمووری**

**هەولێر** 1995/5/15

# فەسڵی یەکەم

## بەشی یەکەم

## پێناسەی حەیران

وشـــەی حـــەیران وەك دانەیـــەكی فەرهـــەنگی مانـــای (سەرســـوڕماو، ســـەرگەردان، بـەڵاگێڕ) دەگەیـەنێت، جگـە لـەوەش واتـای جـۆرە مـەقامێكی كـوردی دەبەخـشێت كـە لەسەر مەقامی بەیات دەگوترێت.

لـەزمانی عەرەبیـشدا (حـەیران) لـە (الحـیرة)ەوە هـاتووە كـە كەسـێك لەكارێكیـدا یـا لەهەڵوێـستێكیدا دووچـاری وڕیو گێـژی بێـت و سـەری لـێ بـشێوێ ئـەو كەسـە (حـائر) یان (حەیران)ی پێدەڵێن.

هــەردوو وشــەی (حــەیران)ی كــوردی و عــەرەبی هەریەكــەیان دانەیــەكی فەرهــەنگی زمانەكـەی خۆیـانن و بەنـدن بەزمانەكـەوە، جـۆرە لێكـچوونێك لـەنێوان هــەردوو وشــەكە هەیـە، ئـــەویش زۆر جـار حەیرانبێـــژ لـەدووری خۆشەویـستەكەیدا وڕو گێـــژ دەبـێ و ئاگری ئـەڤینی گراوەكـەی سـەری لێدەشـێوێنێ، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێ كـە هـەردوو وشـەكە یـەكن، لەبـەر ئـەوەی (حـەیران)ە كوردییەكـە كوردییـەو لای كـورد بۆتـە نـاوی مـەقامێك و چـەمكێكی تایبـەتی هەیـەو ئـەوەی لای عـەرەبیش ئـەوا تایبەتـە بەعـەرەب و لەفەرهەنگی عەرەبیدا واتای خۆی هەیە كە لەسەرەوە باسمان كرد.

تائێـستا زۆر كــەم لـەبارەی (حـەیران)ەوە نووسـراوە، بۆیـە پێناسـەكردنی حـەیران بەپێی ئەو سەرچاوەو نووسینانە دەكەین كە تائێستا بڵاوكراونەتەوە.

(د.مـارف خەزنـەدار) بـەم شـێوەیە لەحـەیران دەدوێ: (وشـەی "حـەیران" بـۆ ئـەم بابەتـە شـیعرە بــەكار دەهێنــرێ كــە بەشــێوەی كرمــانجی خــواروو "ســۆرانی"

هەڵدەبەســـتریٚ، وە زیـــاتر لەناوچـــەکانی هـــەولێرو کۆیـــەو رەوانـــدزو مـــەهابادو ســـنە، بەتایبەتی لەناو خێڵەکاندا باوە)[1].

(د.مـارف خەزنـەدار) تـەنها لـەڕووی دەرەوە سـەیری حـەیرانی کـردووە لەبـەر ئـەوەی باس لـەکێش و قافیـەی حـەیران نەکا لەکتێبەکەیـدا (کـێش و قافیـە لەشـیعری کوردیـدا) بۆیـە بـاس لـەناوەڕۆکی حـەیران ناکـات، جگـە لەمـەش (حـەیران)ی بـە بابـەتێکی شـیعر دانـاوە، کـە ئەمـەش پێـچەوانەی رای زۆربـەی زۆری لێکۆڵـەرەوانی حەیرانـە، زۆربـەی زۆری لێکۆڵـەرەوانی حـەیران حـەیرانیان بـە (پەخـشانە شـیعر) دانـاوە. (لەبەشـی یەکـەمی فەسـڵی دووەمـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـەوردی بـاس لـەم بابەتـە کـراوە) (خالـد جوتیـار) دەڵـێ: (حـەیران پارچـە پەخـشانێکی پـاراوو ناسـکە، بـەزمانێکی سـادەی خۆمانـە نووسـراوە دەشـێ "پەخـشانە شـیعری" پـێ بگـوترێ و دەسـتوورو ئاکـاری تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئەگـەر سـەربەندو دوابەنـدی یـەك نەگرنـەوە بەحـەیران دانانرێـت، حـەیرانیش بەشـی زۆری دڵـداری و وەسـفە لـەم دواییەشـدا هەسـتی نەتەوایـەتی و مەسـەلەی شـەڕو کارەساتەکانی لەئامێزی خۆی گرتووە)[2].

هـەروەها (رزگـار خۆشـناو) بـەم شـێوەیە حـەیران دەناسـێنێ: (تایبەتـە بەناوچـەی "سـۆران" بەتایبـەتی لـەم هەرێمانـەدا بنـچی خـۆی داکوتـاوەو بـووە بـەزمانحاڵی خـەڵك: "دەشتی هەولێر- بەشێك لەخۆشناوەتی- بەشێك لەهەرێمی پشدەر")[3].

هـەروەها دەڵـێ: (رسـتەکانی حـەیران رەوتـی شـیعری تـەواوی نییـە، لەمـەدا بـاس لەدڵـداری و وەسـف و جـوانی و شـۆخ و شـەنگی ئـافرەت و سروشـت و کەلـچەری نەتـەوەی کـورد دەکـات، هـەروەها بەشـێوەیەکی گـشتی و لـەقالبێکی تـەرزو پـڕ لەسـۆزی خـەیاڵی و دڵگیری کە بەتەواوی گوێگر دەخاتە دەریای خۆشەویستی و ژیانێکی نوێوە)[4].

1- مـەعروف خەزنـەدار- کـێش و قافیـە لەشـیعری کوردیـدا- لوفـاء- بغـدا- 1962- ل38-39.

2- خالد جوتیار- کورتە سەرەتایەك- حەیران، رۆشنبیری نوێ- ژ (63)- ل42.

3- رزگار خۆشناو- مەقامە تایبەتەکانی کورد، رۆشنبیری نوێ- ژ (81)- ل40.

4- سەرچاوەی پێشوو... ل41.

(ئەسعەد عەدۆ)ش لەپێناسەی حەیراندا دەڵێ: (حەیران جۆرە مەقامو ئاوازێکی تایبەتە، ئاوازی شمشاڵی شوانەکانی دەشت و دۆڵو پاڵ شاخەکانی کوردستانە، ئەو دەنگە زولالە رەسەنی کوردە، ئەو پەخشانە رازاوەی سەرو بن گرێدراوەیە، ئەو دەنگەی کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنتەوە جیهانی بەرفرەوان و رەسەنی نەتەوەی کوردو بەئاسمانی کوردستان باڵە فڕکێ دەکا...)[1-2].

(ئەحمەد حەیران)یش لە(دیوانی حەیران بێژان)دا دەڵێ: (جۆرێکە لەجۆرەکانی مەقام، تایبەتە بە نەتەوەی کورد، جۆرە ئاوازو هەڵبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەلادێوە سەری هەڵداوە، شێوەی داڕشتنی زیاتر دەچێتەوە سەر پەخشانە هۆزان، چونکە هەموو دوا بەندەکانی بەیەك قافیە کۆتایی دێت، بەزۆری باسی جوانی ئافرەتو، دڵداریو، وەسفی سروشت و کەمێکیش ستایش و پیاهەڵدان دەکات)[3].

سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی کە ئەویش یەکێکە لەوانەی بایەخ بەم بوارە دەدا دەڵێ: (لەنێو دەریای هونەری گۆرانی کوردی حەیران شەقڵێکی تایبەتی هەیە لەپاڵ مۆرکێکی رەسەنانەی کوردیدا هەردەم گۆشکراوی خەم و پەژارە بووە)[4].

(نامق هاوکار)یش وا لەحەیران گەیشتووە: (حەیران ئەم وشە ناسك و پاراوانە، ئەم وشە پڕ جۆش و خرۆشانەی، ئەم وشە سادەو دەروون تەزێنانەیە کە حەیرانبێژ لەسەر بەندو دوابەند لێکی دەداتەوەو بەسەروایەکی وەکو یەك دەستی پێدەکاو کۆتایی دێنێت)[5].

ئەم پێناسانەی سەرەوە، تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە لەحەیرانیان کۆڵیوەتەوە، دیارە چێژ وەرگرتن و تێگەیشتن لەلای هەر خوێنەرو نووسەرێك بەشێوەیەکەو

1- ئەسعەد عەدۆ- لاوك و حەیران لەفۆلکلۆردا، رۆشنبیری نوێ- ژ (110)- ل152.
2- ئەسعەد عەدۆ- لیرەیەك لەگەنجینەی نەتەوەی کورد- علاء- بەغدا- 1984- ل13.
3- ئەحمەد حەیران- دیوانی حەیران بێژان- ئەسعەد- بەغدا- 1988- ل5.
4- سەعدوڵڵا شێخانی و خالد جوتیار- حەیران و مەرگی غەریبان- الحوادث- بەغدا- 1990- ل6.
5- هەمان سەرچاوە- ل47

چـەمك‌و دەلالـەتی خـۆی هەیـە، هـەر بۆیەشـە هـەر یـەك لـەو نووسـەرانە بـەجۆرێك لەحـەیران گەیـشتوون. هێنانـەوەی ئـەم پێناسـانە ش بـۆ ئەوەیـە کـە خوێنـەر بـەوردی سەرنجیان بدات‌و لەمەوە لەچەمکی حەیران بگات.

بـەلای منـەوە حـەیران ئـەو ئـاوازە بەسـۆزەیە کـەوا لەگـەرووی شمـشاڵی شـوانەکانی کوردسـتان دێتـە دەرەوەو بـەڕۆژگارێکی ترمـان ئاشـنا دەکـات ئـەویش رۆژگـاری رابـردووە، باسـی ژیـانی سـادەو سـاکاری کۆمـەڵی کـوردەواری‌و جـوانی و ناسـکی ئـافرەت و خۆشەویـستی نێـوان کوڕەتیمـە حـەیران و کـچەتیمە حـەیران‌و جـوانی و رازاوەیـی سروشـتی کوردسـتان و راوو راوشـکارمان بـۆ دەکـات و، سـۆزی پـەنگ خواردووی ناوەوەی کوڕەتیمە حەیرانەو دەکوڵێ‌و هەڵدەچێ!!

تۆماری ئەڤینـەو بـاس لەبـەمراد نەگەیـشتن و بـێ وەفـایی ماڵـە بـابی نـازدار حـەیرانێ لەبەرامبـەر خۆشەویـستی و وەفـاداری کـچەتیمە حـەیران و کوڕەتیمـە حـەیرانێ دەکـات، هەناسـەیەکە بـۆن کـروزی دووری‌و سـۆزداری‌و توانـەوەو هەڵقرچـان‌و فـەنا بـوونی لێدێ!!

هەنـدێ جـاریش خۆشـی‌و ناخۆشـی نەتـەوەو کارەسـات‌و رووداوو نەهامەتییـەکان لەئامێز دەگرێ.

## بەشی دووەم

## لەهەگبەی حەیراندا

سەرەڕای دەوڵەمەنـدی حـەیران لـەفۆلکلۆری کوردیـدا تائێـستا شـتێکی ئـەوتۆ نـەکراوە بـۆ سـاغکردنەوەو لێکۆڵینـەوەی حـەیران و لـەبواری کۆکردنەوەشـدا ئـەوا شـتێکی زۆر کـەم کـراوە، بۆیـە کـە لێکۆڵـەرەوەی کـورد بیـەوێ لـەم بابەتـە بکۆڵێتـەوە تووشی هیلاکـی دێـت لەبەر ئەوەی سەرچـاوە بۆ ئـەم باسە زۆر کەمەو ئـەوەی کـە هەشـە زیاتر تۆمارکردنی دەقی (حەیران)ە بێ لێدوان و لێکۆڵینەوە.

دوای گـەڕان بـەدوای سەرچـاوەو نووسین بـۆ ئـەم باسـە، چـەند سەرچـاوەیەکم کەوتـە دەست ئەگـەر تایبـەتیش نـەبن بـە حـەیران، ئـەوا بـەکورتی باسـیان لەحـەیران کـردووە، پێویـستە ئـەو سەرچـاوانە تۆمـار بکـرێن، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر یـەکێك ویـستی لـەبارەی (حەیران) بنووسێ بگەڕێتەوە سەریان، ئەوەی تائێستا وەچنگم کەوتبێ ئەمانەن:

1- کوردی - مەریوانی - گۆرانی، أیتام - بەغدا - 1932:

ئەم کتێبە دەقی (8) حەیرانی گرتۆتە خۆ بەبێ هیچ لێدوانێك.

2- رەسـوول بێـزار گـەردی - بـزر - دار المعرفـة - بەغـدا - 1957 دەقـی (50) حـەیران، بێ لێدوان.

3- رەسـوول بێـزار گـەردی - گوڵـە مێلاقـەی کوردسـتان، النجـاح - بەغـدا - 1960 دەقـی (43) حەیران بێ لێدوان.

4- د.مـارف خەزنـەدار - کـێش و قافیـە لەشـیعری کوردیـدا، الوفـاء - بەغـدا - 1962 دەقی (2) حەیران بڵاوکردۆتەوەو لەڕووی قافیەوە لێیدواوە.

5- محەممەی مەلا کەریم - کۆمەڵێك لاوك و حەیران - الشفیق - بەغدا - 1968.

دەقی (95) حـەیران، بـێ لێـدوان، ئـەوەی شـیاوی باسـە دەقـی حەیرانـەکانی نێـو ئـەم کتێبـە هەڵـەی زۆریـان تێدایـە، بـەبڕوای مـن کاکـە حەمـەی مـەلا کـەریم خـۆی دایڕشتوونەتەوە، بۆیە ئەو هەموو هەڵەی تێکەوتووە.

6- محەممەد کەریم شەریف- فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری- الحوادث- بەغدا- 1986. دەقی (4) حەیران، بێ لێدوان.

7- مەحموود زامدار- دەروازەیەک بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی. الحریة- بەغدا- 1980 لەلاپەڕە (120) تەنها دەقی (1) حەیرانی بڵاوکردۆتەوە.

8- ئەسعەد عەدۆ- لیرەیەک لەگەنجینەی نەتەوەی کوردی- علاء- بەغدا- 1984، دەقی (6) حەیران، لەگەڵ کورتە باسێک بەناوی (ئاوڕدانەوەیەک لەحەیران...) لەم کتێبەدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام هەمان زانیاری دووبارە بەکەمێک فراوانتر لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ- ژمارە (110)ی ساڵی 1986دا بڵاوبۆتەوە.

9- ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی- فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا، الأدیب البغدادیة- بەغدا- 1984، لەم کتێبەدا دەقی (3) حەیران لەگەڵ سەرەتایەکی چەند وشەیی بڵاوبۆتەوە.

10- ئەحمەد حەیران- دیوانی حەیرانبێژان، ئەسعەد- بەغدا- 1988، ئەم کتێبە بریتییە لەپێشەکییەکی کورت لەبارەی حەیران لەگەڵ ژیان و بەرهەمی (3) حەیرانبێژی کورد (مستەفا کوڕ- عوسمان حەیران- خدر حەیران). دەقی (108) حەیرانی گرتۆتە خۆ کتێبێکی تایبەت بەحەیرانە.

11- سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی- سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد. ئەسعەد- بەغدا- 1988، ئەم کتێبە سەرەڕای پێشەکییەکی کورت، ژیان و بەرهەمی (30) حەیرانبێژی گرتۆتە خۆ، ئەم کتێبەش زیاتر دەچێتە قاڵبی کۆکردنەوە.

12- غەفوور مەخمووری- سەرەتایەک بۆ حەیران و کورتەیەک لەژیانی حەمەدبەگی- الحوادث- بەغدا= 1989. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی حەیران، ئەوەندەی ئاگادار بم تاکە کتێبە کە سەربەخۆ لەحەیرانی کۆڵیبێتەوە، وەکو نموونەی حەیرانبێژێکی سەرکەوتووش باس لە (حەمەدبەگی) کراوە.

13- سەعدوڵلا شیخانی- خالد جوتیار- حەیران و مەرگی غەریبان- الحوادث- بەغدا- 1990. ئەم کتێبەش تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی حەیران و چوار بابەتی

گرتۆتــە خــۆ کــە بەپێنووســی فۆلکلۆریــستان (ســەعدوڵڵا شــێخانی و خالــد جوتیــارو نامق هاوکار)و مۆسیقاژەن (ئامانج غازی) نووسراون.

14- غــەفوور مــەخمووری- بنــاری قەرەچــووغ- الأمــة- بەغــدا- 1990. دەقــی (12) حەیران و لێکدانەوەی وشەکانی نێو حەیرانەکانی گرتۆتە خۆ.

جگــە لــەم کتێبانــەی ســەرەوە لەرۆژنامــەو گۆڤــارە کوردییەکانیــشدا چــەند هــەوڵێکی ســەرەتایی دراوە بــۆ باســکردنی حــەیران چ بەتایبــەت چ لەگــەڵ بابــەتێکی تــردا، چــەند نووسەرێك لەحەیران دواون، ئەوەی تائێستا ئاگادارم ئەمانەن:

1-کورتــە ســـەرەتایەك- حــەیران- خالــد جوتیــار، رۆشــنبیری نــوێ- ژمــارە (63) ئەیلول و تشرینی یەکەم- 1977- ل(40-43).

2- حەیران- خالد جوتیار. بەیان ژمارە (48)- ئادار و نیسان- 1978 ل(72-73).

3- مەقامــە تایبەتــەکانی کــورد- رزگــار خۆشــناو. رۆشــنبیری نــوێ- ژمــارە (81) حوزەیران- تەمموزی 1980- ل(40-41).

4- ئاشــناییەك لەگــەڵ لاوك و حەیرانــدا- ئەحمــەد حــەیران. کــاروان- ژمــارە- (21)- حوزەیران- 1984- ل(80-81).

5- لاوك و حــەیران لــەفۆلکلۆردا- ئەســعەد عــەدۆ. رۆشــنبیری نــوێ- ژمارە (110) ســاڵی 1986- ل(152-158).

6- گومبــەتی برایمــی بــایزی- غــەفوور مــەخمووری- کــاروان- ژمــارە (79) ئــەیلول 1989- ل(105-106).

7- چــەپکێ حــەیران و وتەیــەکی پێویــست- غــەفوور مــە خمووری. ئۆتۆنــۆمی- ژمــارە (60) ساڵی 1989- ل103-104.

8- هونەرمەندی میللی خدر گردگراوی- غەفوور مە خمووری. هاوکاری (1011).

9- حەیرانبێــژو بەندبێــژ مــەولود شــۆڕەزەرتکەیی- غــەفوور مــە خمووری. هاوکــاری (1088)- 1989/6/29.

10- حەیرانبێــژ ســەعید بــاداوەیی- غــەفوور مــەخمووری. رەنگــین- ژمــارە (21)- تەمموزی 1989- ل(15).

11 – فۆلکلۆرپەروەر (سەعدوڵلا شێخانی) زۆربەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی (سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد)ی لەرۆژنامەی هاوکاری دا بەچەند بەشێك بڵاوکردۆتەوە.

جێی باسە ئەو سەرچاوانەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن بەتایبەت کتێبەکان زیاتریان تۆمارکردنی دەقی حەیرانن بەبێ لێکۆڵینەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ تائێستا بەوردی لەحەیران نەکۆڵراوەتەوەو لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی لەسەر نییە. بۆ نووسینی نێو گۆڤارو رۆژنامەکانیش: ئەوا هەر هەوڵی سەرەتاییین و لێکۆڵینەوەی فراوان نین. لەم لێکۆڵینەوەیەشدا ئاماژە بەناوەڕۆکی زۆربەی ئەو نووسینانە کراوە، بەلام دوان لەیەك بەیەکی ناوەڕۆکی ئەم نووسینانە، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی گەرەکە.

# بەشی سێیەم

## جۆرەكانی حەیران

بۆ دیاریكردنی جۆرەكانی حەیران تائێستا دوو را هەیە:

1- دابەشكردن بەپێی ئەو ئاوازەی حەیرانی پێ دەگوترێ (بەرزیو نزمی).

2- دابەشكردن بەپێی ناوچە. رزگار خۆشناو دەڵێ: (بۆمان هەیە حەیران بكەین بە "3" بەشەوە:

**یەكەم:** سەرچاییو "ناوچەی تیرەو هۆزی خۆشناوەتی" كە شەقلاوەو هیرانو هەریرو سەلاحەددین دەگرێتەوە.

**دووەم:** پشدەری "ناوچەی كۆیەو رانیەو قەلادزێ" دەگرێتەوە.

**سێیەم:** حەیرانی دەشتی هەولێر "كە تایبەتە بە تیرەو هۆزی" "گەردیو دزەیی")[1].

رزگار خۆشناو: جۆرەكانی حەیرانی بەپێی ناوچە دیاركردووە، بەبڕوای من حەیران بەپێی ناوچە دیار ناكرێ بەڵكو بەپێی شێوەی گوتنەكە دیاری دەكرێ لەبەر ئەوەی حەیرانی ئەو ناوچانەی ناوبراو ناوی بردوون لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆكەوە جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییەو شێوازی گوتنیش لەڕووی بەرزیو نزمی دەنگی حەیرانبێژ دیاری دەكات.

(ئەحمەد حەیران)یش هەمان رای (رزگار خۆشناو)ی هەیەو دەڵێ: (بەلای منەوە جۆرەكانی حەیران ناگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاوازەی حەیرانی پێ دەڵێن چونكە حەیران هەر لەسەرەتای بوونیەوە بەیەك نزم دەگوترێ كەس ناتوانێ دەسكاری بكات. بەلام دەتوانین بڵێین جۆرەكانی حەیران دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ناوچەكانو سروشتو ئاوو هەوای ئەم هەرێمەی حەیرانبێژەكەی لێ پەروەردە بووە حەیرانیش دەبێ بە سێ جۆرەوە كە ئەمانەن:

---

1- رزگار خۆشناو- مەقامە تایبەتەكانی كورد. رۆشنبیری نوێ- ژ(81)- ل41.

1- حەیرانی سەرچیایی: ئەمیش ئەوەیە کە حەیرانبێژ سەرەتاکەی بەدەنگێکی بەرز هەڵدەداو هەتا کۆتایی واتە دوابەندی حەیرانەکە ئەم هەڵدانە نا پسێنێتەوە.

2- حەیرانی پشدەری: ئەم جۆرە حەیرانەش لەناوچەی کۆیەو رانیەو قەڵادزێ هەیە.

3- حەیرانی دەشتی هەولێر: کە ناوچەی قەراجو کەندیناوەو مرکیە دەگرێتەوە، تایبەتە بە هۆزی دزەیی)[1].

وەك لەوەڵامی (رزگار خۆشناو)دا روونمان کردەوە، ئەم جۆرە دابەشکردنە راست نییە، لەبەر ئەوەی سەرەرای لەیەك نزیکی فۆرمو ناوەرۆکی حەیرانەکان وشەو زاراوەکانی نێو تێکستی حەیرانەکانیش تارادەیەکی زۆر لەیەکتری نزیکن.

بەرای من جۆرەکانی حەیران بەپێی ئەو ئاوازەی حەیرانی پێدەگوترێ دیار دەکرێ، لەبەر ئەوەی دوای ورد بوونەوەم لەحەیران بۆم دەرکەوت کە حەیران بەدوو جۆر دەگوترێ:

أ- سەرچیایی.

ب- مەجلیسی.

ئەم دوو جۆرە گوتنەش لەتەواوی ناوچەکاندا هەن.

حەیرانبێژی ناوچەی خۆشناوەتی یا دەشتی قەراج یا پشدەر بەم دوو جۆرە حەیران دەڵێن. زووتریش لەم بارەیەوە رام وابووە (بەرای هەندێ لە فۆلکلۆرپەروەران حەیران سێ جۆرە: "سەرچیایی- مەجلیسی- پشترێ یی" بەرای من حەیران هەر حەیرانە!! بەڵام سروشتی دەنگی حەیرانبێژەکە وادەکات کەوا حەیران دابەشی دوو جۆر بکەین:

أ- سەرچیایی: ئەم جۆرە حەیرانە بەهەوایەکی بەرز دەگوترێت و دەبێت چینەکانی دەنگی حەیرانبێژەکە بەهێز بن و بەدەنگێکی بەرز حەیرانەکە هەڵبدات، باشترین حەیرانبێژ لەم مەیدانەدا خوالێخۆشبوون (عومەر گاوەرەیی و حەمەدەبەگی)ین. ئەگەر گوێ بدەینە کاسێتە تۆمارکراوەکانیان بۆمان دەردەکەوێت کەوا تا چ رادەیەك سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

1- ئەحمەد حەیران- ئاشناییەك لەگەڵ لاوك و حەیراندا- کاروان- ژمارە (21)- ل80.

ب–مەجلیسی: ئەم جۆرە حەیرانە تایبەتە بە مەجلیس و دانیشتنی نێو دیوەخان و کۆچك و سەرای پیاو ماقولان و بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ دەگوترێت، تەنها دانیشتوانی نێو مەجلیسەکە گوێیان لێ دەبێت باشترین حەیرانبێژی ئەم بوارەش مام "خدر خەرابەدراوی"یە[1].

(سەعدوڵلا شێخانی)یش هەمان رای هەیە کەوا حەیران دوو جۆرەو بەپێی شێوازی گوتن دابەش دەکرێ و دەڵێ:

(دوای لێکدانەوەو باری سەرنجی خۆشم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە حەیران دوو جۆری هەیە:


1–حەیرانی کۆچك و مەجلیس "مەجریسی".

2–حەیرانی سەرچیایی "هەڵدان–هەوایی–سواری"[2].

(ئەحمەد حەیران)یش لە(دیوانی حەیران بێژان)ی دا لەم رایەی پێشووی پاشگەز بۆتەوەو دەڵێ: (تائێستا جۆرەکانی بەگوێرەی ناوچەکان دانراوە، بەلام بەرای من ئەم جۆرە دابەشە هەڵەیە، هەرچەندە خۆشم لەژمارە "21"ی کاروان ولم کردووە)[3].

ورد بوونەوە لەم بۆچوونانە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە حەیران بەپێی ئەو ئاوازەی حەیرانی پێدەگوترێ دابەش دەکرێ و دوو جۆرە (سەرچیایی و مەجلیسی).

بۆ زیاتر روونکردنەوەو دیارکردنی هەردوو جۆری حەیران سەیری ئەم دوو هێڵکارییە بکە:




سەرچیایی

1–غەفوور مەخمووری–سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی. الحوادث–بەغدا–1989–ل9–10.

2–سەعدوڵلا شێخانی و خالد جوتیار–حەیران و مەرگی غەریبان. الحوادث–بەغدا–1990–ل19.

3–ئەحمەد حەیران–دیوانی حەیرانبێژان. ئەسعەد–بەغدا 1988–ل6.

حەیرانبێـــژ ســـەرەتای حەیرانەکـــەی بـــەدەنگێکی بـــەرز دەســـت پێـــدەکات و بەهـــەمان بەرزییش وردە وردە تـا دوابەندەکـەی دێنێتـەوە، بـەڵام لەکۆتاییـدا کـەمێك دەنگـی خـاو دەکاتەوە، کە کەم کەس هەست بەم خاو بوونەوەیە دەکات.



مەجلیسی

حەیرانبێـــژ ســـەرەتا بـەدەنگێکی نـــزم دەســـت بـــەگوتنی حەیرانەکـــەی دەکـــات، وردە وردە دەنگـی بـــەرز دەکاتـــەوەو نـــزم دەکاتـــەوە، دواتـــر وەکـــو ســـەرەتاکە دەنگـــی نـــزم دەکاتەوە تا دەگاتە دوابەند.

بێگومـــان هـــەر حەیرانبێـــژەو تایبەتمەنـــدێتی خـــۆی هەیـــە لـــەگوتن و داڕشـــتنی وشـــەکاندا بۆیـــە نـــاتوانین ئـــەم هێڵکارییانـــە بەتـــەواوی لەســـەر تـــەواوی حەیرانبێـــژان دابنـــێین، بـــەڵام بەشـــێوەی گـــشتی هـــەردوو جـــۆرە حەیرانەکـــە (سەرچـیایی و مەجلیـسی) لەم هێڵکارییانەدا خۆیان دەنوێنن.

# فەسڵی دووەم

## بەشی یەکە م

## حەیران لەڕووی فۆڕمەوە

تائێستا زۆر کەم لەم لایەنەی حەیران کۆڵراوەتەوە، ئەگەر باسیش کرابێ ئەوا بەشێوەیەکی لاوەکی بووەو لەبابەتێکی سەربەخۆدا نەبووە، ئەگەر وەکو تێکستێکی فۆلکلۆری سەیری حەیران بکەین جگە لەناوەڕۆکەکەی خاوەن فۆڕمێکی تایبەت بەخۆشیەتی، زیاتر لەفۆڕمی پەخشانە شیعر نزیک دەبێتەوەو دەتوانین بە پەخشانە شیعریشی دابنێین. (شێوەی داڕشتنی زیاتر دەچێتەوە سەر پەخشانە هۆزان)[1].

ئەمە رای (ئەحمەد حەیران)ە، (خالد جوتیار)یش لەم بارەیەوە وای بۆ دەچێ: (حەیران پارچە پەخشانێکی پاراوو ناسکە، بەزمانێکی سادەی خۆمانە نووسراوە دەشێ "پەخشانە شیعری" پێ بگوترێ)[2].

هەر بۆ ئەم مەبەستە (رزگار خۆشناو) دەڵێ: (رستەکانی حەیران رەوتی شیعری تەواو نییە)[3].

هەروەها (غەفوور مەخمووری) لەم بارەیەوە دەڵێ: (لەڕاستیدا حەیران شیعر نییە بەڵکو پەخشانە شیعرە. حەیرانیش بەپێی شوێن و ناوچە شێوە زمانەکەی دەگۆڕێت)[4].

1- ئەحمەد حەیران- دیوانی حەیران بێژان. ئەسعەد- بەغدا- 1988- ل5.

2- خالد جوتیار- کورتە سەرەتایەك حەیران. رۆشنبیری نوێ- ژمارە (63)- ل42.

3- رزگار خۆشناو- مەقامە تایبەتەکانی کورد. رۆشنبیری نوێ- ژمارە (81)- ل41.

4- غەفوور مەخمووری- سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی. الحوادث- بەغدا- 1989- ل8.

تێکڕای ئـەو رایانـەی سـەرەوە لەگـەڵ ئەوەدان کـە (حـەیران پەخـشانە شـیعرە). ئـەم پەخـشانە شـیعرە لـەڕووی داڕشـتنی وشـەکانەوە تاڕادەیـەکی زۆر رسـتەکان بەیەکـەوە بەسـتراون و زیـاتریش وشـەو زاراوەی ناوچـەیی و شـێوازی قـسە کردنـی رۆژانـە تێیـدا زاڵە، لەڕووی قافیەوە حەیران سێ قافیەی هەیە:

أ- سەربەند.

ب- ناوبەند.

ج- دوابەند.

**( حەیران خۆخێ لۆ گۆتمە هـەناری، بـەژنێ بـاریك وەرە ئـەمن و تـوو دەسـتێ خـۆ تێـك بگـرین بـچینەوە کـەرکێ حوسـێنی غـازی بـزانین چـی کردیـە فەسـرێ بـواری، نـازانم بـەژنێ باریـك لەمانگی نیسانێ نە بکەمە داکێ لاتکێ نە بیکەمەوە کابانی ماڕێ )**[1].

ئەگـەر بـە وردی سـەرنج بدەینـە دەقـی ئـەم حەیرانـەی سـەرەوە، هـەر سـێ قافیەکـە (سەربەند- ناوبەند- دوابەند) دەبینین کە بریتین لە (هەناری، بواری، ماری).

دوای ورد بوونـەوەم لـەو سەرچاوانەی کـە لەبەر دەسـتدان بـۆم دەرکـەوت کـە هیـچیان بـەوردی باسـی ئـەم سـێ قافیەیـەیان نـەکردووەو هـی واش هەیـە کـە بەلایـەوە تـەنها سـەربەندو دوابەنـد لەحەیرانـدا هەیـە (ئەگـەر سـەربەندو دوابەنـدی یـەك نەگرنـەوە بەحەیران دانانرێت)[2].

ئەمـە رای (خالـد جوتیـار)ە، (ئەحمـەد حـەیران)یـش تـەنها بـاس لەدوابەنـدی حـەیران دەکاو دەڵێ: (هەموو دوابەندەکانی بە یەك قافیە کۆتاییان دێت)[3].

بـەلام دوای ورد بوونـەوەی تـەواوم لەکۆمـەڵێ تێکـستی حـەیران گەیـشتمە ئـەو بڕوایـەی کـە دەبـێ حـەیرانی تـەواو (سـەربەندو ناوبەنـدو دوابەنـد)ی هـەبێت ئەگـەر نـا حەیرانێکی ناتەواوە.


---

1- غەفوور مە خمووری- بناری قەرەچووغ- الأمة- بەغدا- 1990- ل41.

2- خالد جوتیار- کورتە سەرەتایەك حەیران. رۆشنبیری نوێ- ژمارە (63)- ل42.

3- ئەحمەد حەیران- دیوانی حەیران بێژان. ئەسعەد- بەغدا- 1988- ل5.

دەتوانین وردتـر بـه هێلکارییـەك ئـەم قافیانـە دەسـت نیـشان بکـەین، بـۆ ئـەوەی باشـتر ئاماژە بە خاڵی قافیەکان بکەین ئەم سێ هێڵە دەکێشین:




بـۆ رسـتەی نێـوان قافیـەکان، ئـەوا بـەگوێرەی کـورتیو درێـژی تێکـستی حەیرانەکـە دەگۆڕێــت، لەوانەیــە هەنــدێ جــار حەیرانبێــژ بەهەناســەکی کــورت کۆتــایی بــە حەیرانەکــەی بهێنــی و هەنــدێ جــاریش هەناســەکەی درێــژ بکاتــەوەو رووبــەری حەیرانەکـەی بـەرفراوان بکـات. بـەڵام ئـەم بـەرفراوان کردنـەی رووبـەری حـەیران کـار ناکاتــە ســەر قافیــەکانی. حــەیران لــەڕووی وێنــەی هونەریــشەوە، وێنــەی زۆر جــوانی تێدایـەو، واهەسـت دەکـەیت کـە شـاعیرێکی بـە ئـەزموون ئـەم وێنەیـەی بەوشـە کێـشاوە، کـاتێ بـەژن بـە (شـترە نمام) و مـەمك بـە(زەوردە لیمـۆ)و روومـەت بـە (تـۆپێ گـوری)و یـا (شـاملێ بـە کـەزی) (گـەردەنێ زەرد)و (بـەژنێ باریـك)و (دەسـتێ بـە بـازن)و (مـل و خەناوکەی چل و چار گەزی)و... تد.

بـۆ نموونـە بـا سەیری تێکستی ئـەم حەیرانە بکـەین بـزانین حەیرانبێـژ چـۆن وێنـەی خۆشەویستەکەی دەگرێ:

**(لەبانی بانیان لە بانێ کۆیێ، کیژ دەبا بـەژنت لـە بـۆمـن بمـینێ بەشـترە نمامـەکانی شـین دەبـی لـەوراتی خـالیس ومەنـدەلی لەسـەران دەگـرن نارنجـە لـەبنان دەگـرن زەردە لیمـۆیێ،**

وەڵاهــی ئەگـــەر ســێ ماچــان وەرگــرم لــە گــەردەنێ زەرد خــۆم نــادەم بــە خودای بــە حــاکمی زاخۆیی)[1].

با بە تی چاوێ سەیری ئەم وێنە ناسکە ش بکەین:

(حەیران دەرێم: مە خموور لە من بەنزمە بایە،
چاوی گەلە ڕەشە، بسکی بادایە،
ئەگەر حەیرانی کاکی خۆتان ناناسن
بەژنی گەلە باریکە، پشتێ دەستی و
چەرخا ڕوومەتی کوترایە،
ئەمن بە خراپی خۆم شك نایێ
ئەوڕۆ دانی هێوارێ بەژنێ باریکەرانە
لۆچی دری لە من دامایە.)[2].

1- ســەعدوڵڵا ئیــسماعیل شــێخانی- ســەربرەی کۆمەڵــە حــەیران بێــژێکی کــورد. ئەســعەد- بەغدا- 1988- ل22.

2- غەفوور مە خمووری- چەپکێ حەیران و تەیەکی پێویست. ئۆتۆنۆمی ژ(60) ل104.

# بەشی دووەم

## حەیران لەڕووی ناوەڕۆکەوە

دوای گوێ گرتنم لەحەیرانبێژان و وردبوونەوەم لەتێکستی ئەو حەیرانانەی کە بڵاوبوونەتەوە یا بەدەستنووسی لەبەردەستدان گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە حەیران لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەبێ بکرێ بەدوو بابەت:

أ- سەرەکی

ب- لاوەکی

ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکییەکان بریتین لە(دڵداری- سۆزدان- ئایینی- وەسف- دەردی دووری) و ناوەڕۆکی بابەتە لاوەکیەکانیش بریتین لە(مێژوو- دڵدانەوە- بەزم و رابواردن- سێکس- پیاهەڵدانی منداڵان- دەردی پیری- وەسیەت و راسپاردە- شیوەن...).

ئەوانەی لەحەیرانیشیان کۆڵیوەتەوە هەریەکە رایەکی هەیە، بەڵام ئەم وردبوونەوەیەم ئەوە ناگەیەنێ کە من رایەکانی پێشووم رەتکردۆتەوە. سەعدوڵڵا شێخانی لەڕووی ناوەڕۆکەوە حەیرانی دابەشی سەر ئەم بابەتانە کردووە (دڵداری- غەریبایەتی و دابڕان- ئایینی- یەختیاری و پیری- مێژوویی- دڵدانەوەو یادکردنەوە- پیاهەڵدانی منداڵان)[1].

(سەعدوڵڵا شێخانی) بابەتەکانی بە (سەرەکی و لاوەکی)یەوە تێکەڵاو کردووە، نووسەرانی تریش هەمان شتیان کردووە. ئەوەتا (ئەسعەد عەدۆ)یش ناوەڕۆکی حەیرانی بەم جۆرە دابەشکردووە (دڵداری- ئایین و شیوەن- خۆزگە- جوگرافیا)[2].

---

1- سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی- سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد. ئەسعەد- بەغدا- 1988- ل6، 7، 8، 9.

2- ئەسعەد عەدۆ- لاوك و حەیران لەفۆلکلۆردا، رۆشنبیری نوێ- ژ (110) ساڵی 1986- ل156.

مـن بـۆ ئـەوەی کـە جوگرافیـا بکـرێ بـە نـاوەڕۆك بـۆ حـەیران لەگـەڵ ئـەوەدا نـیم هەرچەندە خۆشم لەدابەشـکردنی نـاوەڕۆکی حەیرانـدا جوگرافیـام دانـاوەو بـەم شـێوەیە دابەشـم کـردووە (مێـژوو – دڵـداری – جوگرافیـا – ئـایین – داشـۆرین "بـەزم و رابـواردن – سێکس")[1].

لەبەرئـەوەی حەیرانبێـژ لـەپاڵ گـەڕان بـەدوای ماڵـە هـەواری کـچەتیمە حـەیران ئـەو ناوچە جوگرافیانـە دەگـەڕێ، ئەگـەر سـەیری بکـەین دەبیـنین لەتێکستی هـەر حەیرانێکدا ناوی چـەند شـوێنێك هـاتووە، بـەڵام بـۆ مەبەسـتی تایبەت، یـا ئـەوەتا ماڵـە بـابی کـچەتیمە حـەیران هۆیـەو هـەواریان لـەو ناوچـەیە خـستووە، یـا کانییەکـە نـازدار حـەیران ئـاوی لێدێنی یا چاکێکە گـەردەن زەرد دەچێ مرازی لێدەخوازێ!! یا هەندێ جار حەیرانبێـژ بـاس لەگـەوارە بارانێـك دەکـاو کۆمـەڵێ شـوێن دەگـەڕێ‌و لـەناکاو لەشـوێنێکدا سـەرو پەرچەمی نازدار حەیرانی تەڕ دەکاتەوە.

(ئەحمەد حەیران)یـش لەمـەڕ نـاوەڕۆکی حەیرانـەوە دەڵـێ: (بـەزۆری باسـی ئافرەت و دڵداری‌و، وەسفی سروشت و کەمێکیش ستایش و پیاهەڵدان دەکات)[2].

هـەر لـەم بارەیـەوە (رزگـار خۆشناو)یـش دەڵێ: (باس لەدڵـداری و وەسـف و جـوانی و شۆخ و شەنگی ئافرەت و سروشت و کەلچەری نەتەوەیی کورد دەکات)[3].

ئـەم بۆچـوونانەی سـەرەوە تاڕادەیـەکی باش لەیەکەوە نـزیکن و کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە حـەیران ناوەڕۆکەکـەی بـەزۆری باسـی (دڵـداری – سـۆزدان – ئـایینی – وەسـف – دووری)و هەندێ بابەتی لاوەکی تر (مێژوو – دڵدانەوە – خۆزگە... تد) دەکات.

بـۆ زیـاتر ئاشـنا بـوون بـەناوەڕۆکی حـەیران لـە هـەردوو لـق (سـەرەکی و لاوەکـی) دەدوێین.

---

1 – غـەفوور مـەخمووری – سـەرەتایەك بـۆ حـەیران و کورتیـەك لـەژیانی حەمەدبـەگی. الحـوادث – بەغدا – 1989 – ل12-16.

2 – ئەحمەد حەیران – دیوانی حەیران بێژان. ئەسعەد – بەغدا – 1988 – ل5.

3 – رزگـار خۆشـناو – مەقامـە تایبەتـەکانی کـورد. رۆشـنبیری نـوێ – ژمـارە (81) حـوزەیران – تەموز – 1980 ل40.

## أ- بابەتە سەرەکییەکان:

مەبەستمان لەبابەتە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی حەیران ئەو بابەتانەن کە بوونەتە وێردی سەر زمانی حەیرانبێژان و زۆربەی زۆری تێکستی حەیران لەم بابەتانە بێ بەش نین (دڵداری- وەسف- دەردی دووری-سۆزدان-ئایینی).

## دڵداری

باس لەخۆشەویستی نێوان کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیران دەکات و بابەتی سەرەکی ناوەڕۆکی حەیرانە. حەیرانبێژ هەوڵ دەدا بەجوانترین شێوە باس لەخۆشەویستەکەی بکات و داخوازی خۆی پێڕابگەیەنێ و جێ ژوان دیاری بکات. کوڕەتیمە حەیران لەعەشقی نازدار حەیراندا دەتوێتەوە. یا باس لە بەیەك گەیشتن دەکات بۆ ئەوەی بە کەیفی دڵی خۆی گەردەنی زەرد بۆن بکا و جۆتە شەمامەی باغەڵێ بگرێ:

**(حەیران بەچاوێ من تەماشا بکەن ڕووێ مامزان تێکەر بووە مەمزەکەی من دابڕا بەتاقی تەنێ، ڕاوچی مە لەڕاوێ دەستم هەروەشاند دارکەرێ لەداران تۆزك هێروەهەرقەنێ، توخوا گەردەنت برنە کە درێ هەردووکمان کەسادین بگرمەوە شەمامەکانی باغەرێ تێر بۆن بکەم خارێ گەردەنێ)**(1).

## وەسف

حەیرانبێژانمان زۆر وەستایانەو لێزانانە وەسفی زۆر شتی جوانیان کردووەو هونەرکارییەکی وایان لەنێو حەیرانەکانیاندا کردووە کە جێی تێڕامان و وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەیە. خەناوکەو کراس و کەواو کورتەکی وایان بۆ کچەتیمە حەیران بەدیاری هێناوە لە عەقل بەدەرە (خەناوکەی چل و چار گەزی- کراسی لە باڵە مێش و کەوای

1- غەفوور مەخمووری- حەیران بێژ سەعید باداوەیی. ڕەنگین- ژ (21) تەموزی 1989- ل15.

دروستکراو لەجۆرەها گوڵ و شتی سەیرسەیرو... تد) یا کەپری وایان بۆ بەژنیٚ باریك دروست کردووە هەر ماشەڵڵای پێدەوێت:

( دەگۆ: برام ئەوڕۆکە بەوێی ئێواریٚ چەندم گازدەکرد

دیسان دەرێم: لە ئازی کەندیٚ بندیانان.

بابە شەرتە لە بەینی منو بەژنیٚ باریك، ئەوسارەکە کە پرەکی لە بۆ وی بکەم دەرێم لەسەریٚ قەرەچووغی بناغەییٚ کەپریٚ دادەنێم لەسۆتکەی دیواری دەکەم بە قەنەفریٚ کاریتەی داوێمیٚ لەداری سۆرگوریٚ هەراشی دکەم بەرەشە رحانیٚ سواقی دەدەم بە خەنەی مار نجی دەکەم بە خاسەرەنگیٚ دەیڕشێنم بە بۆنیٚ گوراووڕەشە رحانان،

دەوجە دەمگۆتە برادەران خەویٚ کەپریٚ کەینیٚ خۆشە لەگە ناسك بەدەن وروو بەخلرو چاو بە دەرمانان ئەوەل مانگی پایزیٚ وەختی مار لە دەرێن لەبەر شەوبای شەویٚ کزییٚ شەماری برجی ئەستێران مانگی لەچاردەی لەگەر ئەو زالم بابەی گەلە خەمگیرە دەمگۆ: شەو لە سیٚ باری نیوەشەویٚ لەسەرکە پریٚ خەو گەلە خۆشە لە بە بۆنی قەنەفرو مەرحەمان تکە تکەی گوراویٚ دەنگی ماچان ئەدی نەم دەگۆ بڕوا بەسەرمارە بیگانان )[1].

## دەردی دووری

حەیرانبێژ ئەو کاتەی لە شوێن و مەڵبەندی ژیانی دوورکەوتۆتەوەو بەرەو ناوچەیەکی تری کوردستان کۆچ و کۆچباری تێکناوەو لەقەراج و مەخموورەوە بۆ مەڕداری و کارو کاسبی چۆتە ناوچەی خۆشناوەتی هەستی بەدووری و غەریبی کردووەو تێی هەڵکردووەو بەستی بە بستی شوێنەزاو کاولە مەفتەنی بەسەر کردۆتەوەو کزەی لەجەرگی ئەڤیندارلن هێناوە. لەهەمان کاتدا کە لەو دوورییە بیری گراوەکەی دەکات و دەستی نایگاتیٚ لەهەمێزی گریٚ و تێر تێر رایموسیٚ و هەر هیچ نەبیٚ یەك دوو جار (جۆتە شەمامەی رۆستەم بەگی) بگوشیٚ! ئەوا دنیای لیٚ وەیەك دێتەوەو هانا وەبەر شێخ و مشایەخ و (چاکە گچکەرەی بەرماران) دەبات و، بۆ گەیشتن

1 – غەفوور مە خمووری – بناری قەرەچووغ – بەرگی دووەم – دەستنووس – ل70.

بـە کـچەتیمە حــەیران لەبــەریان دەپاڕێتــەوەو داوا لــەدارو بــەردو شــاخ و دۆڵ دەکــات خۆیان نەوی بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر دوور بەدووریش بێت کچەتیمە حەیران ببینیّ:

(بابە چەندم گۆتە قەراجی ماریژگەت وێران بی ئەورۆ هێواریّ نەمدەگۆ: لە گەرم یار با،

دەوجە قەرەچووغ ڕەبی کاول بی دەتوو سەریّ خۆنەوی کە دەبا مەفتەن دیار با،

ئــەریّ براینــە وەی برادرینــە دەوجــە نەمــدەگۆ دیتنــی دوور بــە دووری لەگــە عــاشــقان یــاخوا بەژمەری ماربا)[1].

یـان کـاتیّ حەیرانبێــژ بـۆ ماوەیـەکی درێــژ لەئەڤیندارەکـەی دوور دەکەوێتــەوەو هــیچ هــەواڵێکی نــازانیّ ئــەوا بــەجاریّ دەســووتیّ و بینینــی کــچەتیمە حــەیران لای دەبێتــە (حەزرەت و کابە):

(حەیران لە مێژە لێم بڕاینە جوابە،

هەناوم سووتاینە لە جەرگم دراینە زەردە قولایە،

دیتنیّ بەژنیّ باریك و ناوقەدیّ زراوو زەنەیّ بە بازن لە من بووینە حەزرەت و کابە)[2].

## سۆزدان

ئــــەم بابەتــــە زۆر بــــەزەقی لــــەناوەڕۆکی زۆربــــەی حەیرانەکانــــدا بەدەردەکــــەویّ، حەیرانبێــژ ســۆز دەداتــە خۆشەویــستەکەیو ســوێندی بــۆ دەخــوا کــە لــەپاش وی چ دۆســتی تــر نــاگریّو دنیــا لــەخۆی حــەرام دەکـات. تائێــستا کــەس ئــاوڕی لــەم لایەنــە نەداوەتەوە ئـەوا بـۆ یەکـەم جار تیـشکی دەخرێتـە سـەر، با بـزانین مـام ڕەسـووڵ گـەردی چۆن سۆز دەدا:

(حەیران هەمینە،

گەردەنی گەلە زەردە، مەمکی هەنگوینە،

ڕوومەتی گوڵە، سینگی سپینە،

1- ئەحمەد حەیران- دیوانی حەیران بێژان. ئەسعەد- بەغدا- 1988- ل22.

2- غەفوور مە خمووری- بناری قەرەچووغ- الأمة- بەغدا- 1990- ل42.

برایینه،
برادەرینه،
ئەمن سوندەکم خواردیه به هەموو چاك و پیران
ئەمن پاش بەژنێ باریك وزەنندێی به بازن
قامکەکی به ئەنگوستیله،
نێکەکی بەکەمبەرە، سەرەکی به لاسەرە،
ئەمن چی دۆست و چی گراوی دیم نینه )[1].

## ئایین

ئــەم بابەتــه حەیرانــه ناوەرۆکەکــەی بریتییــه لــه ستایــشی خــواو پێغەمبــەر(د.خ)و شێخ و سـەیدو ناودارانی ئـایینی ئیـسلام و لەکۆڕی زیکـرو خواپەرسـتیو بۆنـەی ئـایینی بـەئاوازێکی پــڕ ســۆزو رێــك دەگــوترێ و زۆر جــاریش بــاس لــه جــێ نزرگــەو گــۆڕی پیاوچاکانو شـوێنه ئایینییـەکان دەکـات. باشـترین حەیرانبێــژ لــەم بـوارەدا (دەروێــش ئیـبراهیم)ه، کـه بـه (دەروێـش برایمــی لهێبـان) ناســراوه، لـه زۆربــەی بۆنـه ئایینییەکانـدا ئـەم حەیرانبێــژه کــۆڕی زیکـر گـەرم دەکـاو بەدەنگەکـەی ئامـاده بـووان سەرسـام دەکـات. ئەمەش نموونەیەکە لەحەیرانەکانی بۆ ئەم لایەنه:

(بابی خۆم و دەروێشان مردم هەندی ئاخت لۆ هەرینم،

ئــەورۆ بــەوێ پــایزێ نەخۆشــەکی گەلــه گــرا نم لــه بــۆ رەزامەنــدی خــودای کەرەمکــه دەمــەکێ ورەســەرینم، ئــەی گــەلی موســلمانان بــا هــەرگــرین دەفــەوعەلــەمانو تــه پری و بەیــداغان شۆڕبینەوە لۆ شاری مەدینەی لەخزمەت حەزرەتی رەسوڵڵا عەزیزو خۆشەویستان ببینم )[2].

---

1 – رەسوول بێزار گەردی –گوڵە مێلاقەی کوردستان. النجاح – بەغدا – 1960 – ل81.

2 – سـەعدوڵڵا ئیـسماعیل شـێخانی – سـەربردەی کۆمەڵـه حـەیران بێـژێکی کـورد. ئەســعد – بەغدا – 1988 – ل80.

## ب- بابەتە لاوەکییەکان

گەلێ بابەت هەن کە بەشێوەیەکی لاوەکی ناوەڕۆکی حەیران دەگرنەوە، بابەتی سەرەکی نین جارجار حەیرانبێژ (لۆ کەیفی دڵ) بڕادەران) ئەم جۆرە بابەتانە دەچڕێ، بەڵام کە بوونیان هەبێ پێویستیان بە باس کردنە، بەکورتی تیشك دەخەینە سەر ئەم بابەتانەش لەبەرئەوەی تائێستا شتێکی ئەوتۆیان لەبارە نەنووسراوە.

## مێژوو

لەبەرئەوەی حەیران بوارەکەی زۆر فراوان نییە، ناتوانێ وەکو (لاوك) بەدرێژی باس لەرووداوێ بکاتو بەوردی بیگێڕێتەوە. بەڵام بەکورتی زۆر رووداوو کارەساتی مێژوویی بۆ تۆمار کردووین. زیاتریش باس لەئازایەتی و شەڕو شۆڕی نێوان هۆزەکانی دەکات:

(بەستۆرەی بەستۆڕەی گۆرانان لە من لە بەربیانێ، ئەسمەری کابایزی قاوەی دەگێڕا لەگەر فنجانێ، کاکل ئاغای گەردی جوابان دەنێرێ لە بۆ مەولودی حەسەناغەی دەیگۆ: لە روحێ داکێ منت کەوی ئەوا لەشکری دزەییان هاتە خوارێ بەسەرقەراتێ پیرەهەولێرێ دەرێن: مە حموودی کاکەخانیە بەویێ سبیانێ دەوری بەحرکەی رەنگینی بزر کردیە لەبەر تۆزی میراتێ تالیعەو پیرە کلرخانێ)[1].

## وەسیەتو راسپاردە

حەیرانبێژ کە دەچێتە سەفەرێکی درێژ ئەوا لای کچەتیمە حەیرانێ وەسیەتی خۆی دەکات، وەسیەت کردنیش پێش مردن یا چونە سەفەرێکی دوور لەنێو کورددا شتێکی ئاسایی بووە (هەندێ کەس تائێستا پێڕەوی دەکەن)، جاران ئەگەر یەکێك نەخۆش بکەوتایە لەچاکبوونەوە بێ ئومێد بووایە ئەوا ماڵو خزمو کەسوکاری

1- سەرچاوەی پێشوو... ل8.

کـۆدەکردەوەو وەســیەتی خـۆی دەکـرد، یــان ئەگــەر بــچووبووایە ســەفەرێکی دوورو ماوەیــەکی زۆری پێبــچووبووایە دیــسان وەســیەت و راســپاردەی خــۆی جێدەهێــشت و داوای گەردن ئازاد بوونی دەکرد.

حەیرانبێـژیش کە ترسی مردنـی بۆ هـاتووە هانای وەبـەر نازدار حـەیرانی بـردووەو وەسـیەتی لـەلا کـردووە کـەوا پـاش ئـەو خـۆی تەسـلیم بـە کـەس نـەکات و خیانــەتی لەگەڵـدا نـەکات و خـاوەن بـەڵێن و وەفـاداری خـۆی بێـت، یـان کـە چـۆتە سـەفەرێك دیـسان بەهـەمان شـێوە ئاگـاداری کردۆتــەوە کـەوا جۆتــە شـەمامەی باغـەڵی لەدەسـت کەسـی تـر نەنی:

(براینە برادەرینە دەرێم: ئـەورۆ هێـواری چـەندم گـاز کـردی لـە سـەربەنی، ئـەتوو پەرچـەمت گەلە زەردە تـو خـوا مـەیان نـی لـە خـەنی، دەرێـم: بـەژنی باریـك و زەنـدی بـە بـازن و دوو چـاوی رەشکۆکە ئەو سارەکە بەوی زستانی دەچمە دەری لەکاولـە وراتـی ئۆبـاری منـت بـەملی بـی پـاش مـن جۆتـە شەمامەی باغەری لەدەست کەسی دی مەنی)[1].

## شێوەن

ئـەم حەیرانە زیاتر بـۆ مردنـی پیـاو چاکێك یـا کەسایەتییەکی ناسـراو دەگوترێـت. هەنـدێ جـار حەیرانبێــژ بەسـۆزێکی وا حەیرانەکـە دەچـڕێ کـەم کـەس هەیـە گـوێی لـێ بێ و فرمێسکی نەیەتە خوار.

باسـی چـاکەو وەفـاداری و مێرخاسـی و پـاکی و جـوانی و کردەوەکـانی مردووەکـە دەکـات. (پـوورە خوچـێ) باشـترین حەیرانبێــژی ئـەم بوارەیـە، لـەمردنی کـاك مـەلا، کـە شـێخێکی بـەناوبانگی دەشــتی هـەولێر بـوو، لەگونـدی (مــشار)ی دەشــتی مــەخموور دادەنیـشت. دوو سـاڵ پـاش کۆچـی دوایـی ئـەم زاتـە (پـوورە خۆچـێ) بـەم جـۆرە دەنگ هەڵدێنێ:

(حەیران سەرم دێشی دەرم بەباری خەمان دەناری،

1- غەفوور مەخمووری- بناری قەرەچووغ- بەرگی دووەم- دەستنووس- ل74.

**موریدو دەروێـش سـەرێ دوو سـارانە چـەند عەبـدارن لـە دوو بـابێ عەبدولکـەریمی شـێخەکەی کاولە مشاری، بەخۆی رۆیشت ئەمەشی بەجێ هێشت لە خەم و تاری )**[1].

زیـاتر ئافرەتـە حەیرانبێــژەکا نمان لـەم بـوارەدا رۆڵــی خۆیـان دەبیــنن و لەپرسـەکاندا هاوشانی (لاواندنەوەو سەردوولکە) حەیران دەڵێن.

## بێ ئومێدی

زۆر جـار کـچەتیمە حـەیران و کورەتیمـە حـەیران بـۆ یـەك نـابن و تووشـی بـێ ئومێدی دەبــن و دابونــەریتی کۆمەڵا یــەتی ئــەم کارەســاتەیان بەســەر دێــنێ کــچەو کــورەش سوێندیان بۆ یەکتر خواردووە یا بۆ یەك بن یا بۆ خاك!

کۆمـەڵی ئەوسـای کـوردەواریش کانگـەی پـاکی و راسـتی و وەفـاداری بـووە بۆیـە بـە نائومێدی ماونەتەوەو روو لەچارەنووسێکی نادیار ژیاون.

**( دارە خورمــا بــە هــوردە بــەردە، قۆنــدەرەی زەردی زرۆقــە چــارۆگەی زەردە، کیــژ دەرێ: گــورە حەیران بەرانبەر بە حەوامێ گوندێ کەتمـە بـن بـارەکی لۆمـان یـان بمخـوازە بـەماری دنیــایێ یـان لەدنیایێ دستم لێ بەردە )**[2].

## پیاهەڵدانی منداڵ

بـاس لــەپاکی و روح سـوکی منــداڵ دەکـات بەخوورەوشــتی بــاش و ئازایــەتی و تۆڵەســەندنەوەو راســتی وتــن و دەروونو دەســت و دامــێن پــاکی لـــەداهاتووداو پـەروەردەیان دەکـات، حەیرانبێــژ ئومێـد دەخـوازێ منداڵەکـە زوو گـەورە بـێ و دایـك و باوکی بەخێو بکات:

1 – غەفوور مە خمووری – بناری قەرەچووغ – الأمة – بەغدا – 1990 – ل4.

2 – ئەحمەد حەیران – دیوانی حەیران بێژان – ئەسعەد – بەغدا – 1988 – ل42.

**( حەیـــران حەیرانـــە خوایـــە لـێم نەستینی ئـەو منــــدارە، ئـازاورەشـیدو چـالاك گەلـە ئەهلی**

**~~کلرە، هەندەروح سـوكو شـیرنە داك و بـابی ئـەختیار~~**

**یارەبی بەخێویان دەکا ئەو مندارە )**[1].

## دەردی پیری

باس لەپیری دەکاو خۆزگە دەخوازێ بگەڕێتەوە سەردەمی گەنجێتی و وەکو جاران کـوڕینی بکـات. بـەدەنگێکی نـەرم و لەسـەرخۆ بـەگوێرەی توانـاو هێـزی دەنگـی حەیرانبێـژە پیرەکـە دەگـوترێ. بێـزاری لەدەسـت دەردە پـیری دەردەبـڕێ و ترسـی مردنێی دەگاتێ:

**( حـەیران حەیرانـە مـاری وێـرا نم پـیر بوومـە هاتیمـە رێـزی ئێختیـاران، ئەوەنـدەی دەکـەم و دەکرێنم نـابێمەوە سەر قرێرو قـامـەتی جـاران، سـوندی دەخـۆم بەغەوسـی مـار لەبەغـدایێ برێنـە نـازدار حەیرانێ هەتـا کیژ بی لەمارە بـابـان لە پاش چاوی تو نەگرم چ دۆست و یاران )**[2].

## بەزمو رابواردن

ئـەم حەیرانـە، بـۆ پێکـەنین و کـات بردنـە سـەرەو لـەکاتی شـەوی درێـژی زسـتانان جاحێلانی گونـد کۆدەبوونـەوەو دەسـتیان دەکـرد بەگـەڕەلاوژەو هـەر یەکـە حـەیرانێکی دەگـوت بـۆ ئـەوەی شـەوەکە بەخۆشـی ببەنـە سـەر، بـەزۆری بـاس لـەژیانو کـارو پیـشەی ساکاری گوند دەکات:

**( حـەیران لەکەنـدێناوێ، بـە فکـرت نـاییێ وەکـی دەچـووینە راوێ قـەتێمان دەگـرت بـەداوێ، لێمان دەنا بە پراوێ ئەوجا لۆ خۆمان لەسەرمان دەکردەوە ماستاوێ)**[3].

---

1 – سـەعدوڵڵا ئیـسماعیل شـێخانی – سـەربردەی کۆمەڵـە حـەیران بێـژێکی کـورد. ئەسـعەد – بەغدا – 1988 – ل9.

2 – هەمان سەرچاوە – ل8.

## زایەند (سێکس)

ئەگەر بێت و بەتەواوی گوێ لە حەیران بگرین و لەسەری بوەستین بەزەقی ئەم لایەنەمان بۆ دەردەکەوێت، کێ بێ باسی سینگ و مەمك و جۆتە شەمامەی رۆستەم بەگی و سێوی لاسوورو گەردنی زەردو ماچ و موچی کیژۆڵان و بێوەژن و گەورە کیژان و شەوژوانی (بن کوندەرانی)ی لەزاری حەیرانبێژ نەبیستبی؟!

شەوانی دوورو درێژی زستانان کورەتیمە حەیران دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری دەشکێنێ و بە هەر شێوەیەك بێت خۆی دەگەیەنێتە کچەتیمە حەیران و تا رۆژهەلات و بەهەناسەی یەکتر خۆیان گەرم دەکەنەوەو بەم شێوەیە شەو بەرێ دەکەن.

**(حەیران لە پەنا سەرگینی، ئەوجا ئەمن دەڵێم: وەرە خۆمان مات کەین کەس نەمان بینی، ئەتوو سینگێ خۆت لۆم وارا کە مەمکت لە بۆم بکە بالیف هەتا سبەینێ دەوت لەناو دوی نێم و بگرم مەمکێ دیکەت؛ ئۆخەی دەڵێی هەرمییە لەسەر ئەوێ سینگێ توو بە جۆت خەومان لێبکەوی کەس هەرمان نەستینی)**[1].

بەلام زۆر جار حەیرانبێژ لە کاری ماچ و موچ و گەوز گەوزانێ و مەمك گرتنی تێپەڕاندووە:

**(حەیران لە گەردان لە گردی داندۆکان، کیژ لەسەر پشتێ کور لەسەر چۆکان، گۆتمێ نازدار حەیران لە کێندرت راکەم گوتی: ئەدی ئەمن ناڕێم لە بنی میتکۆکان)**[2].

---

1- غەفوور مەخمووری – سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی. الحوادث – بغدا – 1989 – ل15.

2- غەفوور مەخمووری – سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی. الحوادث – بەغدا – 1989 – ل16.

3- سەعدوڵڵا شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، ئەسعەد، بەغدا، 1988، ل127.

# فەسڵی سێیەم

## بەشی یەکەم

## سەردەمی سەرهەڵدانی حەیران

پەیدابوونی حەیران و گەڕاندنەوەی بۆ سەردەمێك لەسەردەمەکانی مێژوو کارێکی هەروا ئاسان نییە، لەبەرئەوەی تائێستا سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە کە پشتی پێ ببەسترێت، سەرەڕای ئەوەش پێویستە لەم لایەنە بکۆڵرێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی ناتەواویش بێ لەبەرئەوەی هەموو بابەتێك سەرەتای لێکۆڵینەوەکەی بەشێوەیەکی سەرەتایی بووەو دواتر بۆتە مایەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زیاتر.

دوای گەڕانێکی زۆر لەنێو ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان تەنها ئەم چەند وشەیەی (ئەحمەد حەیران)م دۆزییەوە بۆ ئەم بابەتە دەست بدات کە ئەویش لەپێناسەی حەیراندا دەڵێ: (وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەم شێوە ژیان و بەندو باوەی کێشاوە کە لەڕۆژگاری خۆیا باو بووە بەتایبەتی رۆژگاری دەرەبەگایەتی و کۆڕو کۆبوونەوەی ناو دیوان و دیوەخان)[1].

بەڕای منیش حەیران ئەگەر پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی سەرەتایی سەری هەڵدابێ ئەوا لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا بەتەواوی گەشەی سەندووەو خەمڵیوە، لەبەرئەوەی حەیران لەدیوەخانی ئاغاکاندا بایەخی پێدراوەو حەیرانبێژان لەوێ کۆبوونەتەوەو حەیرانییان چڕیوە، هەرچەندە زۆر کەم رێك دەکەوێ حەیرانبێژان بەشان و باڵی ئاغایاندا هەڵگوتبێ! بەڵام بەحوکمی ئەوەی لەکۆمەڵی کوردەواریدا شوێنی گشتی بۆ کۆبوونەوەی خەڵك دیوەخان بووە ئەمە وای کردووە هەر ئاغایەو بایەخ بەدیوەخانەی خۆی بداتو هەوڵ بدا شەو دانیشتنی دیوەخان تەنها قسەو

---

1 – ئەحمەد حەیران – دیوانی حەیران بێژان – ئەسعەد – بەغدا – 1988 – ل7.

دانیشتن نەبێ بەڵکو هەقایەت گێڕانەوەو گەڕەلاوژەو خوێندنەوەی شیعری میللی و باسی کاروباری رۆژانەو ئەم بابەتانە بێ.

چ لەمیانی گەڕەلاوژەو چ لەکۆڕو دانیشتنی تایبەت بەحەیران بێت حەیرانبێژان رۆڵی خۆیان بینیوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەگەر لەناوەڕۆکی حەیرانەکان ورد ببینەوە دەبینین زۆربەیان باس لەژیانی ئەو سەردەم دەکەن و بەیەک ئەگەیشتنی کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانیش ئەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی ئاغاو چەوساوەیی ئەڤینداران. زۆر جار وا رێک دەکەوێ کە کچەکە کچی ئاغا دەبێ و کوڕەش یا شوان یا کوڕە جوتیارو سەرکاری گوند دەبێ، لەکۆنەوە تائێستاش ئاغا کچی خۆیان زۆر بە کەمی دەدەنە کوڕێکی تر کە کوڕە ئاغا یا کوێخا نەبێ.

زۆر جار حەیرانبێژ بۆ مەرامی خۆی پەنا دەباتە بەر ئاغاو نیازی دڵی خۆی پێدەڵێ:

(حەیران دیبەگە لەبن زووری،
کاغەزەکم لە بۆ بنووسە لۆ برایماغەی
لە کاولە مە خمووری،
ئەوسار سەرێ چەند سارانە
بە تەمامە بەژنێ باریکەرانە هەرگرم
لۆ خۆ بچمەوە سەرێ سنووری )[1].

جگە لەمانە هەر دیوەخانەو حەیرانبێژێ یا زیاتری تایبەت بەخۆی هەبووە. لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین حەیران لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا گەشەی سەندووەو بایەخی خۆی پێدراوەو هەر لەو سەردەمەشدا بەتەواوی گەیشتۆتە چلە پۆپەو سەرهەڵدانەکەشی لەو سەردەم نەبێ ئەوا زۆر پێش ئەو سەردەم نەبووە.

1- غەفوور مەخمووری- چەپکێ حەیران و تەیەکی پێویست. ئۆتۆنۆمی- ژ(60) ساڵی 1989- ل104.

# بەشی دووەم

## مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران

لەم بارەیەوە لە زووەوە پێم وابووە مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران دەشتی هەولێرو قەراجو کەندیناوەیەو لەوێوە پەلی هاوێشتووە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان (هەروەك روونو ئاشکرایە مەڵبەندی حەیران دەشتی هەولێرو قەراج و کەندیناوەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن و ناوی ئەو شوێنو ناوچانەی نێو حەیرانەکان هەمووی هی ئەم دەشتە پانو بەرینەیەو کەم حەیرانبێژ هەیە ناوی قەراج و کەندیناوەو هەولێر نەهێنێ، بێجگە لەمە، کاتێك حەیرانبێژ دەست بەگوتنی حەیرانەکەی دەکات لەقەراج و مەخموور هەڵدەستێ و بۆ هەر کوێیەك بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە)[1].

ئەمە رای ساڵی 1988م بووەو ئێستاش سوورم لەسەر ئەم رایەم و بەرگری لێدەکەم.

(ئەسعەد عەدۆ) یەکێکە لەوانەی کە لەگەڵ ئەم رایە دایە: ((ئەم گۆرانیە تایبەتە بەناوچەی دەشتی هەولێر بەتایبەت (ناوچەی دزەیی) بەڵام لەبەر تام و چێژی بە لەززەتی توانیویەتی ئەو سنوورە تەسکە ببەزێنێ و بگاتە ناوچەی خۆشناوەتی. هەروەها بناری هەیبەت سوڵتان، جا سەر لوتکە بەرزەکە (قەندیل) بەڵکو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی (موکریان) و لەدەوروپشتی (بۆکان) خولی خواردۆتەوەو لەوێوە بەرەو (حاجی ئۆمەران) گەڕاوەتەوەو دەنگی زولاڵی بردۆتە نێو ئەشکەوت و گوێچکەی ئەو خانمانەی سەر کانیی و کانییاوی (زینوێ) و (دەربەندی رایات). لەوێ وەش بەسەر لووتکە بەرزەکەی (هەندرێن) و (زۆزك) بەرەو (ناری شەکرانێ) و ناوچەی

---

1 – غەفوور مەخمووری – سەرەتایەك بۆ حەیرانو کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی. الحوادث – بەغدا – 1989 – ل17.

(بەرانایەتی)و (شەمامك)و گەڕاوەتەوە كانگاو لەباوەشی (قەراج)و لە(بێژنگ بەسەر)ی، پەڕو باڵی گڤ كردۆتەوە))[1].

(ئەسعەد عەدۆ) زۆر بەوردیو زیرەكانە پەنجەی خستۆتە سەر ئەم بابەتەو یەكەم كەسە كە بەم شێوەیە لەم بابەتە دوابێت. سەعدوڵڵا شێخانی لەبارەی ئەم بۆچوونەی (ئەسعەد عەدۆ) دەڵێ: (منیش دەنگی خۆم داوێمە پاڵ دەنگی كاك ئەسعەد عەدۆ)[2].

جگە لەمە (سەعدوڵڵا شێخانی) خۆشی لەم بابەتەی كۆڵیوەتەوەو دەڵێ: (گەیشتمە ئەوەی كە حەیران لەدەشتی هەولێر بەتایبەت مەخموورو قەراج و كەندیناوە سەری هەڵداوەو بلاو بۆتەوە بۆ دەوروبەری كۆیەو خۆشناوەتی...)[3].

ئەو رایەی (سەعدوڵڵا شێخانی) كاریگەری راكەی (ئەسعەد عەدۆ)ی پێوە دیارە لەبەرئەوەی بەتەواوی پشتی بەراكەی (ئەسعەد عەدۆ) بەستووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە راكەی لەجێی خۆیەتی، لەبارەی ئەم رایە وتوومە: ("ئەسعەد عەدۆ" لەژمارە "110"ی گۆڤاری "رۆشنبیری نوێ" بەدرێژی باسی ئەم لایەنەی كردووەو راو بۆچوونەكانیشی زۆر جوانو بەجێن)[4].

لەبەرامبەردا ئەم راو بۆچووندا رایەكی تر هەیە كە رای (خالد جوتیار)ە دەڵێ: (لانكی سەرەتایی حەیران مەهابادە)[5].

---

1- ئەسعەد عەدۆ- لاوكو حەیران لەفۆلكلۆردا، رۆشنبیری نوێ- ژ (110) ساڵی 1986- ل153.

2- سەعدوڵڵا شێخانیو خالد جوتیار- حەیرانو مەرگی غەریبان. الحوادث- بغدا- 1990- ل25.

3- سەرچاوەی پێشوو... ل 24.

4- غەفوور مەخمووری- سەرەتایەك بۆ حەیرانو كورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی. الحوادث- بغدا- 1989- ل18.

5- خالد جوتیار- كورتە سەرەتایەك حەیران. رۆشنبیری نوێ- ژمارە (63)- ئەیلول- ت1- 1977- ل42.

بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم رایەی بەڵگەیەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نییە کە پشتگیری پێ لەرایەکەی بکات ئەو رایەی (د.مارف خەزنەدار) نەبێ کە دەڵێ: (حەیران یا لەخاکی مەهاباد هاتۆتە دەشتی هەولێر یان بەپێچەوانەوە)[1].

من ئەم رایە بەشتێکی چەسپاو نازانم لەبەرئەوەی دیسان رایەکی بێ بەڵگەیە. (خالد جوتیار)یش سەرەڕای پشت پێبەستنی بەرایەکی زۆر چەسپاوی نازانێ: (لەمەسەلەی پەیدا بوونی حەیران من لەو قسەیەی د.مارف زیاتر شك نابەم، با ئەم قسەیەی دکتۆر هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەمەوە وادیارە رایەکە زۆر چەسپاو نییە)[2].

کەواتە ئەو رایەی (خالد جوتیار)یش زۆر چەسپاو نییە لەبەرئەوەی پشتی بەرایەك بەستووە کە زۆر چەسپاو نییە!

(ئەسعەد عەدۆ) بۆ سەلماندنی رایەکەی کۆمەڵێ بەڵگە دێنێتەوە کە بەرای من بەڵگەکانیش لەجێن (کێ لەحەیرانەدا لەم ناوانەی زیاتر بیستووە "هەمین، ئەسمەر، خەجیج، زرێخ، نەخشین، عەنیف، عەیشۆك، ئامین" کە بەزۆری لەدەشتی هەولێر باون. یان ئەو هەورو بارانانەی کە دەبارن کەم هەن لە (قەرەچووغ، زوورگەزراو، کەرکێ حوسێنی غازی، قەپران، قەرەبۆت...) زیاتر روویدابێ.

– وشەی خۆمان کە لە زۆربەی حەیرانەکاندا دەڵێ: کەندێناوەی خۆمان، بێژینگ بەسەر خۆمان، قەرەچووغی خۆمان... هتد.

– ئەگەر سەیری زمانی حەیران بکەین، بێ گفتوگۆ لەشێوەی شاری هەولێر بەتایبەت دەشتی هەولێر بەدەر نییە)[3]. ئەمانەو چەند بەڵگەیەکی تر.

ئەم بەڵگانەش زیاتر رایەکەمان دەچەسپێنن:

– زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی دەشتی هەولێرن و ئەوانیش زیاتر سەرکەوتوون چ لەبواری دانانو چ لەبواری گوتندا بێت.

---

1– سەرچاوەی پێشوو... ل 42.

2– سەرچاوەی پێشوو...

3– ئەسعەد عەدۆ – لاوك و حەیران لەفۆلکلۆردا، رۆشنبیری نوێ – ژ (110) ساڵی 1986 – ل155.

– کۆنترین (یەکەم) سەرچاوەش کە حەیرانی وەکو تێکست تۆمار کردبێ، ناوەڕۆکی حەیرانەکان باس لەشوێنەکانی ئەو ناوچەیە دەکەنو بەتایبەت ناوچەی مەخموور:

**( کیژ دەڵێ: کوڕە ماڵوێران شوانە وەختە شەرتتەهەڵێ، تو مەڕۆکەی خۆم لە بۆ بهاوێوە کەڵکی حوسێنی غازی بۆم باوێوە کلکەی گۆمەڵێ،**

**کیژ دەڵێ: کوڕە ماڵوێران خەڵك دەتداتێ سەرێ شەرتێ شەکە مێیەکی، من لە بەختی خۆت دەتدەمێ جووتە شەمامەو شەمامەی رەنگینی باغەڵێ )**[1](*).

– هونەرمەندێکی گەورەی وەك (عەزیزی شارۆخی) رای وایە کە حەیران لەناوچەی قەراج و کەندیناوە سەری هەڵداوەو گەیشتۆتە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت (مەهاباد)، هەروەها (حەسەن حەیران) کە حەیرانبێژێکی قەراجە بە مامۆستای حەیرانی دادەنێ[2].

– لەڕووی دانان و گوتن و چێژ وەرگرتن و بەپێزی شێوەو ناوەڕۆکەوە هەردەم حەیرانی دەشتی هەولێر تەواو ترو بەپێزترە.

– (ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی) دەڵێ: (لەناوچەی دزەییان حەیران زۆر لەباوەو، خەڵکەکە زۆریان پێ خۆشە)[3].

---

1 – کوردی و مەریوانی – گۆرانی. أیتام – بغداد 1932 ل 71 – 72.

* هێناومەتە سەر رێنووسی ئێستا لەوانەیە کاتی خۆی ئامادەکارانی ئەم کتێبە خۆیان پیتی (ر)یان کرد بێ بە (ڵ).

2 – لەچاوپێکەوتنێکدا ئەم زانیارییەم لە برای شاعیر (عەبدولڕەحمان بێلاف) لە 1995/4/15 لەشاری هەولێردا وەرگرت.

3 – ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی – فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا. الأدیب البغدادیة – بغداد – 1984 – ل 51.

لەپێشەوە گوتمان (کاتێک حەیرانبێژ دەست بە گوتنی حەیرانەکەی دەکات لە قەراجو مەخموور هەڵدەستێ بۆ هەر کوێیەک بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە)[1].

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە دوای سەرو بن کردنی کۆمەڵە تێکستێکی حەیران بۆم دەکەوت کە:

حەیرانبێژانمان لەمەڵبەندی حەیران قەراتی پیرە مەخمووری بەڕێ دەکەون بۆ قەبرستانی (شێخ مەحمەد)و ئاویێ دەرمانا‌ویێ و جۆتە ئاشان و بن بەردیی و کەرکێ حوسێنی غازیو گومبەتی برایمی بایزیو لەوێ بەڕێگای بازارگەدا دەچنە سەر بیرێ مەحمودی سەنان لەبەینی (گاوەرە)و (کاولە کەندار)ی و هێوا ش هێواش شۆڕ دەبنەوە لە بۆ (دیبەگە)و ئاقاری (کەندیناوێ)و تاوێک ماندووی خۆیان لە (کانی داودە رەشی)و (بیرێ حاجی رەحمانی عالڵای) دەحەسێننەوە لەوێش بەرەو (زوورگەزراو)ی مل دەنێنو تادەگەنە سەر (گردی پیرداودی)و دەڕۆننە ئاقاری (شێراوە)و (کاولە قوچەبرباسی). لەوێش بەڕێ دەکەون بەرەو (بانی گردەسۆری)و (چەولنگی کاولە پردێ)و (سەلەی خەلیل ئاورە حمانی)و (بیستانەی گەورە)و سەرێ (گێرەش)و (بەستی شەلغە)و (گۆکتەپە)و (گۆمەشینی سەیدان)و لەپاشان (دەربەندی پیرە گۆمەسپانێ)و (دۆڕێ حوشتر قوتان)و لەدواییدا بەرەو سەربەتاسێ خۆشناولن و (قەراتێ دویەنێ)و (تەوسکە)و (کاموسەک)و (کۆلکەرەشی)و (بابە گیسک)و (خڕێ عەلی بەگی)و لەدواییدا لە (کۆرەک)ی غلۆر دەبنەوەو لەگەڵ (کیژۆرە روانەزی)و (بارەکیان) تاوێک دەست لەمەلانێو مەمک کوشینو گەوز گەوزانێ دەکەن، لەپاشاندا هۆی دەدەنەوە بەرەو (داریێ شەکرانی)و (قەپەک)و (مام خاران)و (دارەبەن)و (ئاشۆکان)، ئنجا لەگەڵ شەپۆلی (زێ یێ پیرە بادینان) سوور دەخۆن و بەرەو (عاوێی بشیریان)و (قوچەکی کەرەکێ یاسینا غە)و (خەزنەو تەرجانی شەمامک)و (رنەی گوێڕی)و (کوشاف)و (زمارەو زماران)و دێنەوە سەر گۆمێ (سێ قولینچک) لەبەینی (معێجیلە)و (کاولە مشاری)و دەچنەوە زیارەتی (سولتان عەبدوڵڵای عارەبی)و لەپاشان (گۆمی

---

1- غەفوور مەخمووری- سەرەتایەک بۆ حەیرانو کورتەیەک لە ژیانی حەمەدبەگی. الحوادث- بغدا- 1989- ل17.

گەڕیلـەو ماروشـان)و (دەراویـی بازنـان)و (بـستی بـەراز کـوژان)و (خەنـدەکی بابـە خەلیفـەی)و لـەپاش ئـەم گەشـتە دوورو درێـژە بـۆ دواجـار لـە (کلکـەی دارە بزمـاران)و (قەرەبۆتك و قەرە بێتکان) شۆڕ دەبنەوە لە بۆ (مە خمووره گچکەلەی خۆمان):

( دەرێـم: براینـە بەچـاوی مـن بـڕۆننی گـەوارەکی هینـا چـەند هـورد دەبـاری، ئـەوا تـەڕ دەکاتەوە دەو زێیـی عارەبـان دەگرتـەوە دەشـتی کاولـە قـەراجی سـەری قـەرەبۆتك و قـەرەبێکتان دەراوی قورینگـان کـۆمی ماروشـان دەو زێیەکـەی بادینـان گومبەتەکـەی سـوڵتان عەبـدوڵای عـارەبی سـەری قـەراتی پـیرە مـە خمووری شـۆڕ دەبتـەوە لـە دەرکی بازاڕگـەی خۆمـان گە لـە گە لـە بەناوی تەڕ دەکاتەوە سەرو پەرچەمی شەنگەبیی گاورەو کاولە کەنداری،

ئەمن دەرێم: خۆزیا بـەخۆزی داران بـاجگری ماچـان بوومایـە لەسـەر پردەکـەی کاولـە روانـدزی ئەوەلـەن لـە کیـژۆرەبارەکیـان لەگـەردەن کێلـی روانـدزییان لەسـەر بەتاسـی خۆشـناوان هێقـە بەسنجاقی کۆییان سەر بە پۆشـی سـولە یمانییان لـە عـەبا رەشـی هـەولێرییان لـە بـسك قـوتی سارەییان لەکیژی خێلەکی ورەوەندی و ئـاکۆیی و مـام سـارو خـەیلانییان، لـە شـل و مـل و چـاو بـە کـل و باغـەر شـۆڕی دزەییـان، ئـەمان وەکـی فەسـری دەرەبـواران دێنـەوە لـە سـوڵتان عەبـدوڵای عارەبی لە گۆمی سی قولینچکی لەگۆڕی معێجیلەی ناوەڵا لە کەندو لەنێ کاولە مشاری )[1].

لـەژێر تیـشکی ئـەم راو بۆچـوونو بەڵگانـەی سـەرەوە دەتـوانین بڵـێین مەڵبەنـدی سـەرهەڵدانی حـەیران دەشـتی هـەولێر، بەتایبـەتی دەشـتی مـەخموورو قـەراج و کەندیناوەیـەو لـەوێوە بـەرەو ناوچـەکانی تـری کوردسـتان رۆیـشتووەو شـوێنی خـۆی گرتووە.

1- سەرچاوەی پێشوو... ل14.

# ئە نجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتمە ئەم ئەنجامانە:

1- حەیران کە جۆرە مەقامێکی رەسەنی کوردە، بریتییە لە دوو جۆر:

أ- سەرچیایی.

ب- مەجلیسی.

2- حەیران پەخشانە شیعرە.

3- حەیران بەگشتی سێ قافیەی تێدایە کە بریتین لە (سەربەند، ناوبەند، دوابەند)، هەر حەیرانێك ئەم سێ قافیەی تێدا نەبێت حەیرانێکی ناتەواوە.

4- بابەتە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی حەیران بریتین لە (دڵداری- وەسف- دەردی دووری- سۆزدان- ئایینی)و هەندێ بابەتی تر بەشێوەیەکی لاوەکی ناوەڕۆکی حەیران پێکدێنن کە بریتین لە (مێژوو- وەسیەت و راسپاردە- شیوەن- بێ ئومێدی- پیاهەڵدانی منداڵ- دەردی پیری- بەزم و رابواردن- سێکس).

5- حەیران لەدەشتی هەولێر بەتایبەتی (مەخمورو قەراج و کەندێناوە) سەری هەڵداوەو بەرەو شوێنەکانی تری کوردستان رۆیشتووەو بڵاوبۆتەوە.

6- ئەوەی لەبارەی حەیران بڵاوبۆتەوە زۆربەی کۆکردنەوەی تێکستی حەیران و ژیانی حەیرانبێژانە دوور لە لێدوان و لێکۆڵینەوە.

7- حەیران لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا زیاتر گەشەی سەندووەو پێگەیشتووە.

# سەرچاوەکان

## أ - کتێب


1- کوردیو مەریوانی - گۆرانی. أیتام - بەغدا 1932.

2- رەسوولْ بێزار گەردی - گولە مێلاقەی کوردستان. النجاح - بەغدا - 1960.

3- مەعروف خەزنەدار - کێشو قافیە لەشیعری کوردیدا - الوفاء - بەغدا - 1962.

4- ئـاوازی ئەحمـەدی حەمـەدەمینی دزەیـی - فۆلکلـۆری کـوردی لەناوچـەی دزەییانـدا. الأدیب البغدادیة - بەغدا - 1984.

5- ئەسعەد عەدۆ - لیرەیەك لەگەنجینەی نەتەوەی کورد - علاء - بەغدا - 1984.

6- ئەحمەد حەیران - دیوانی حەیران بێژان - ئەسعەد - بەغدا - 1988.

7- سـەعدوڵلا ئیـسماعیل شـێخانی - سـەربردەی کۆمەڵـە حـەیران بێـژێکی کـورد. ئەسعەد - بەغدا - 1988

8- غـەفوور مـەخمووری - سـەرەتایەك بـۆ حـەیرانو کورتەیـەك لـەژیانی حەمەدبـەگی. الحوادث - بەغدا - 1989.

9- غەفوور مەخمووری - بناری قەرەچووغ - الأمة - بەغدا - 1990.

10- سـەعدوڵلا شـێخانی و خالـد جوتیـار - حـەیران و مـەرگی غـەریبان. الحـوادث - بەغدا - 1990.


## ب - رۆژنـامەو گۆڤـارەکان:


1- خالـد جوتیـار - کورتـە سـەرەتایەك حـەیران. رۆشـنبیری نـوێ - ژمـارە (63) - ئەیلول و تشرینی یەکەم 1977 - بەغدا.

2- خالد جوتیار - حەیران. رۆشنبیری نوێ - ژ (48) ئادارو نیسان 1978 - بەغدا.

3- رزگـار خۆشـناو - مەقامـە تایبەتـەکانی کـورد. رۆشـنبیری نـوێ - ژ (81) - حوزەیران - تەموزی 1980 - بەغدا.

4- ئەحمـــەد حـــەیران- ئاشـــناییەك لەگـــەڵ لاوك و حەیرانـــدا. كـــاروان- ژمـــارە (21)- حوزەیرانی 1984- بەغدا.
5- ئەســـعەد عـــەدۆ- لاوك و حـــەیران لـــەفۆلكلۆردا. رۆشـــنبیری نـــوێ- ژ (110) ســـاڵی 1986- بەغدا.
6- غـــەفوور مـــە خمووری- حـــەیران بێـــژ ســـەعید بـــاداوەیی. رەنگـــین- ژ(21) تـــەموزی ساڵی 1989- بەغدا.
7- غـــەفوور مـــە خمووری- چـــەپكێ حـــەیران و وتەیـــەكی پێویـــست. ئۆتۆنـــۆمی- ژ(60) ساڵی 1989- بەغدا.

## ج - دەستنووس:

1- غەفوور مەخمووری- بناری قەرەچووغ- بەرگی دووەم.

## د - چاوپێكەوتن :

1- چـــاوپێكەوتن لەگـــەڵ شـــاعیر (عەبـــدولڕەحمان بـــێلاف) لەڕێكـــەوتی 1995/4/15 لەهەولێردا.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی یەکەم

### تێکستی ئەو حەیرانانەی کە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بڵاوکراونەتەوە

وەك ئاسانکارییەك بەپێویستم زانی کە تێکستی تەواوی ئەو حەیرانانەی کە وەك نموونە هێناومەتەوەو لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بڵاوبوونەتەوە، لێرەدا کۆیان بکەمەوەو بەیەکەوە بڵاویان بکەمەوە، هیوادارم بەمەش هاوکاری ئەو بەڕێزانەم کردبێت کە لەم بوارەدا کار دەکەن، ئەمەش تێکستی حەیرانەکانە:

1- حەیران خۆخێ لۆ گۆتمە هەناریێ، بەژنێ باریك وەرە ئەمن و توو دەستێ خۆ تێك بگرێن بچینەوە کەرکێ حوسێنێ غازی بزانین چی کردیە فەسرێ بواریێ، نازانم بەژنێ باریك لەمانگی نیسانێ نە بکەمە داکێ لانکێ نە بیکەمەوە کابانی مارێ.

2- لەبانی بانییان لە بانی کۆییێ، کیژ دەبا بەژنت لە بۆ من بمینێ بەشترە نامەکانی شین دەبی لە وراتی خالیس و مەندەلی لەسەران دەگرن نارنجە لەبنان دەگرن زەردە لیمۆییێ، وەڵڵاهی ئەگەر سێ ماچان وەرگرم لەگەردنێ زەرد خۆم نادەم بەخودای بەحاکمی زاخۆییێ.

3- حەیرن دەرێم: مەخموور لە من بەدزمە بایە، چاوی گەلە رەشە بسکی بادایە؛ ئەگەر حەیرانی کاکی خۆتان ناناسن بەژنی گەلە باریکە پشتێ دەستی و چەرخا روومەتی کوترایە، ئەمن بەخراپی خۆم شك نایێ ئەوڕۆ دانی هێوارێ بەژنێ باریکەرانە لۆچی دری لەمن دامایە.

4- حەیرن بەچاوێ من تەماشا بکەن رەوێ مامزان تێکەر بۆوە مامزەکەی من دابڕا بەتاقی تەنێ، راوچیمە لەراوێ دەستم هەروەشاند دارکەرێ لەدارن تۆزەك هێروە

هەرقـــەنیٚ، توخـــوا گـــەردەنت برنـــد کـــە دریٚ هـــەردووکمان کـــە ســـاده بگرمـــەوە شەمامەکانی باغەریٚ تێر بۆن بکەم خاریٚ گەردەنیٚ.

5- دەمگـوٚ: بـرام ئەوڕۆکـە بـەویٚ ئێـواریٚ چـەندم گـاز دەکـرد؛ دیـسان دەرێـم: لـە ئازیکەندیٚ بندیانان، بابـە شـەرتە لـە بـەینی من و بەژنیٚ باریك ئەو سارەکە کـەپرەکی لـە بـۆ وی بکـەم بابـە دەرێـم لـە سـەریٚ قەرەچـووغی؛ بناغـەییٚ کـەپریٚ دادەنـێم لـە سۆتکەی دیـواری دەکـەم بە قەنـەفریٚ؛ کاریتـەی داوێمـیٚ لـەداری سـۆرگوریٚ؛ هەراشـی دەکـەم بـە رەشـە رحـانیٚ؛ سـواقی دەدەم بـە خەنـەی؛ مـارنجی دەکەم بـە خاسـە رەنگـیٚ؛ دەیڕشێنم بە بـۆنی گـوراوو رەشـە رحانـان، ئەوجە دەمگۆتـە بـرادەرلن خـەویٚ کـەپریٚ کەینیٚ خۆشە لەگـە ناسك بـەدەن و روو بەخارو چاو بـەدەرمانان؛ ئـەوەل مانگی پـاییزیٚ وەختـی مـار لـەدەرێن لەبـەر شـەوبای شـەویٚ؛ کزەیـیٚ شـەماری؛ برجـی ئەسـتێران؛ مـانگی لەچاردەی؛ لەگـەر ئـەو زالم بابـەی گەلـە غـەمگیرە دەمگـوٚ: شـەو لـە سـیٚ بـاری نیوە شەویٚ لەسە کـەپریٚ خەو گەلە خۆشە لە بە بۆنی قەنەفرو مەرحـەمان تکە تکەی گوراویٚ دەنگی ماچان ئەدی نەمدەگۆ بڕوا بەسەر مارە بێگانان.

6- بابە چەندم گۆتـە قـەراجی ماریژگـەت وێـران بـیٚ ئـەورۆ هێـواریٚ نەمـدەگۆ: لە گـەرم یـار بـا، ئەوجـە قەرەچووغ رەبی کـاول بی ئەتـوو سـەریٚ خـۆ نەوی کـە دەبا مەفتـەن دیـار بـا، ئـەریٚ براینـە وەی برادەرینـە ئەوجـە نەمـدەگۆ دیتنـی دوور بـەدووری لەگـە عاشقان یا خوا بە ژەهری مار با.

7- حـەیرلن لەمێـژە لـێم براینـــە جوابـە، هـەناوم سـووتا ینە لـە جـەرگم دراینـــە زەردە قولابـە، دیـتنیٚ بـەژنیٚ باریـك و نـاو قـەدیٚ زراوو زەنـدیٚ بـە بـازن لـە مـن بووینـە حەزرەت و کابە.

8- حـەیرلن هەمینـە، گـەردەنی گەلـە زەردە؛ مـەمکی هەنگوینـە؛ روومـەتی گوڵـە؛ سـینگی سـپینە، براینـە برادەرینـە ئـەمن سـوندەکم خواردییـە بـە هـەموو چاك و پـیرلن ئـەمن پاشـی بـەژنیٚ باریـك و زەنـدەییٚ بـە بـازن؛ قامکـەکی بـە ئەنگوسـتیلە؛ نێکـەکی بـە کەمبەرە؛ سەرەکی بە لاسەرە؛ ئەمن چی دۆست و چی گراوی دیم نینە.

9- بابی خۆمو دەروێشان مردم هەندێ ئاخت لۆ هەرینم، ئەوڕۆ بەوێ پایزێ نەخۆشەکی گەلە گرانم لە بۆ ڕەزامەندی خودای کەرەم کە دەمەکێ وەرە سەرینم، ئەی گەلی موسلمانان با هەر گرین دەفەو عەلەمان و تەپری و بەیداغان شۆڕ بینەوە لۆ شاری مەدینەی لە خزمەت حەزرەتی ڕەسوولوڵڵا عەزیزو خۆشەویستان ببینم.

10- بەستۆڕە بەستۆڕەی گۆرانان لە من لە بەربیانێ، ئەسمەری کابایزان قاوەی دەگێڕا لە گەرفنجانێ، کاکل ئاغای گەردی جوابان دەنێری لە بۆ مەولودی حەسەناغەی دەیگۆ: لە روحێ داکێ منت کەوی ئەوا لەشکرێ دزەییان هاتە خوارێ بەسەر قەراتێ پیرە هەولێرێ دەرێن: مەحموودی کاکە خانیە بەویێ سبیانێ دەورەی بەحرکەی ڕەنگینی بزر کردیە لەبەر تۆزێ میراتێ تالیعەو پیرە کارخانێ.

11- براینە برادەرینە دەرێم: ئەوڕۆ هێوارێ چەندم گاز کردی لەسەر بەنێ، ئەتوو پەرچەمت گەلە زەردە توخوا مەیان نێ لە خەنێ، دەرێم: بەژنێ باریکو زەندێ بە بازن و دوو چاوێ ڕەشکۆکە ئەو سارەکە بەوێ زستانێ دەچمە دەرێ لەکاولە ورلتی ئۆباری منت بە ملی بی پاشی من جۆتە شەمامەی باغەرێ لەدەست کەسی دی مەنێ.

12- حەیران سەرم دێشی دەرم بە بارێ خەمان دەناری، موریدو دەروێش سەرێ دوو سارانە چەند عەبدارن لەدوو بابێ عەبدولکەریمی شێخەکەی کاولە مشاری، بەخۆی ڕۆیشت ئەمەشی بەجێهێشت لە خەم و تاری.

13- دارە خورما بە هوردە بەردە، قۆندەرەی زەردی زرۆقە چارۆگەی زەردە، کیژ دەرێ: کوڕە حەیران بەرانبەر بە حەوامێ گوندی کە تمە بن بارەکی لۆمان یان بمخوازە بەماری دنیایێ یان لە دنیایێ دەستم لێ بەردە.

14- حەیران حەیرانە خوایە لێم نەسێنی ئەو مندارە، ئازاو ڕەشید و چالاک گەلە ئەهلی کارە، هەندە روح سوک و شیرنە داک و بابی ئەختیار بوو شەلەو کوڕەو سقەت بوو مەمنوونتم یاڕەبی بەخێویان دەکا ئەو مندارە.

15 – حەیران حەیرانە ماری ویّرانم پیر بوومە هاتیمە ریّزی ئیّختیاران، ئەوەندەی دەکەمو دەکڕیّنم نایێمەوە سەر قریّرو قامەتی جاران، سوندی دەخۆم بەغەوسی مار لەبەغدایێ بریّنە نازدار حەیرانێ هەتا کیژبی لە مارە بابان لە پاش چاوی توو نەگرم چ دۆست و یاران.

16 – حەیران لە کەندیناوێ، بە فکرت نایێ وەکی دەچووینە راوێ قەتێمان دەگرت بەداوێ، لێمان دەنا بە پراوێ؛ ئەوجا لۆ خۆمان لەسەرمان دەکردەوە ماستاوێ.

17 – حەیران لە پەنا سەرگینی، ئەوجا ئەمن دەریّم: وەرە خۆمان مات کەین کەس نەمانبینی، ئەتو سینگی خۆت لۆم ورا کە؛ مەمکت لە بۆم بکە بالیف؛ هەتا سبەینێ دەوت لە ناو دەوی نێم و بگرم مەمکێ دیکەت؛ ئۆخەی دەریێ هەرمییە؛ لەسەر ئەوێ سینگی توو بە جۆت خەومان لێبکەوی کەس هەرمان نەستینی.

18 – حەیران لە گردان لە گردی داندۆکان، کیژ لەسەر پشتێ کوڕ لەسەر چۆکان، گۆتمێ نازدار حەیران لە کێندەرت راکەم گوتی: ئەدی ئەمن ناریّم لە بنی میتکۆکان.

19 – حەیران دیبەگە لەبن زووری، کاغەزەکم لە بۆ بنووسە لۆ برایماغەی لە کاولە مەخمووری، ئەوسار سەرێ چەند سارانە بەتەمامە بەژنێ باریکەرانە هەرگرم لۆ خۆ بچمەوە سەرێ سنووری.

20 – کیژ دەلێ: کوڕە مالۆیّران شوانە وەختە شەرتت هەلێ، توو مەڕۆکەی خۆم لەبۆ بهاویّوە کەلکی حوسیّنی غازی بۆم باویّوە کلکەی گومەلێ، کیژ دەلێ: کوڕە مالۆیّرن خەلك دەتداتێ سەرێ شەرتی شەکە مێیەکی؛ من لە بەختی خۆت دەتدەمێ جۆتە شەمامەو شەمامەی رەنگینی باغەلێ.

21 – دەریّم: براینە بەچاوێ من بڕۆذنێ گەوارەکی هینا چەند هورد دەباری، تەڕ دەکاتەوە دەو زێیێ عارەبان؛ دەگرتەوە دەشتێ کاولە قەراجی؛ سەرێ قەرەبۆتك و قەرەبێتکان؛ دەراوێ قورینگان؛ گۆمێ مارولشان؛ دەو زێیەکەی بادینان؛ گومبەتەکەی سولّتان عەبدوللّای عارەبی؛ سەرێ قەراتی پیرە مە خمووری؛ شۆڕ دەبتەوە لەدەرکی بازاڕگەی خۆمان گەلە گەلە بەنازی تەڕ دەکاتەوە سەرو پەرچەمێ

شـەنگەبییێ گـاوەرەو کاولــە کەنـداری، ئـەمن دەرێـم: خـۆزی بـەخۆزی داران بـا جگری ماچان بوومایـە لەسـەر پردەکـەی کاولـە رواندزیێ ئەوەلـەن لـە کیـژۆرە بارەکییـان؛ لـە گـەردەن کێلـیێ روانـدزییان؛ لەسـەر بـە تاسـیێ خۆشـناوان؛ هێقـە بـە سـنجاقیێ کۆییـان؛ سـەر بـە پۆشـیێ سـولەیمانییان؛ لـە عـەبا رەشـیێ هـەولێرییان؛ لـە بـسك قـوتیێ سـارەییيان؛ لـە کیـژیێ خێلـەکی و، رەوەنـدیو ئـاکۆیی‌و مـام سـارو خـەیلانییان؛ لـە شل‌و مل‌و چـاو بـە کل‌و باغـەر شـۆڕیێ دزەییـان ئـەمان وەکـی فەسـریێ دەرە بـولاران دێنەوە لـە سـوڵتان عەبدوڵڵای عارەبی لـە گـۆمیێ سـیێ قولینـچکی لـە گـۆڕیێ معێجیلـەی ناوەڵلا لە کەندو لەندیێ کاولە مشاری.

# پاشکۆی دووەم

## تێکیستی ئەو هەشت حەیرانەی کە

## بۆ یەکەم جار بڵاو کراونەتەوە

(گۆرانی) ناوی ئەو کتێبەیە کە (کوردی و مەریوانی) ئامادەیان کردووەو لەساڵی 1932 لەچاپخانەی (أیتام) لەبەغدا چاپیان کردووەو بڵاویان کردۆتەوە، کە لەدووتوێی 76 لاپەڕەدا تێکستی کۆمەڵێ سروودو گۆرانیو حەیرانو لاوك و مەقامی لەخۆ گرتووە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە حەیرانەکانی نێو ئەم کتێبەیە کە بریتییە لە تێکستی هەشت حەیران و لەژێر سەرناوی (حەیرانی پژدەر) لەلاپەرە (71-72-73)دا بڵاوکراونەتەوە، بەپێی ئاگاداری من ئەم کتێبە یەکەم سەرچاوەیە کە حەیرانی تێدا بڵاوکرابێتەوە.

بەپێویستم زانی کە حەیرانەکان بهێنمە سەر رێنووسی نوێ و لێرەدا بڵاویان بکەمەوە، ئەمەش تێکستی حەیرانەکانە:

1- ئەستێرەك هەلات لە من لە ئەستێرەی فەلەکا، ئەما مالۆێران لە خەڵکی دە خەلقان بە تالان دەچۆوە لێفەو بەرەکا، ئەوان لە منی غەریبە ماڵێ بە تالان دەچۆوە سەرو ماڵێ هەروەك چاوەکەی بەڵەکا.

2- کیژ دەڵێ: کورە مالۆێران شوانە وەختە شەرتت هەڵێ، تو مەڕۆکەی خۆم لەبۆ بهاوێوە کەڵکی حوسێنی غازی بۆم باوێوە کلکەی گومەڵێ، کیژ دەڵێ: کورە مالۆێران خەڵك دەتداتێ سەرێ شەرتی شەکە مێیەکی؛ من لە بەختی خۆت دەتدەمێ جۆتە شەمامەو شەمامەی رەنگینی باغەڵێ.

3- شاخەکەی دەربەندی لە من بە چەرخە، ئەما لەسەرەوەی مژە؛ لەژێرەوەی بەرخە، گەلی دەبران کە یارکۆڵێ من بەناس ناکەن ئەمەتانێ: شەدە شلە؛ شل و ملە؛ چاو

بەکلە؛ مل بە هیـزارە؛ فەقەت ئاخ حەز لێکردنـیٚ خـەڵکی دەخـەڵکان بـە سـاڵ و مانگـە؛ ئی من و بەژنی باریکەلانە بۆتەوە خاتوون ئەستی و شێخ فەرخە.

4- ئـەڵیٚ گـەلی دەبـران ئـەو سـێبەرە گـەلیٚ خۆشــن سـێبەریٚ دەوان شـەنگە بییـان، هـەر چـییەکی دەکاتـەوە مـەعبێنی دوو ملان رووی رەش بـی وەکـو..........، نـەوەڵلا گـەلی دەبران نینۆکۆکەی شین بی وەکی مالومی جووان.

5- کیـژ دەڵـیٚ یـا خوا بـاوك و بـرای مـن عـەمریان نـەمێنیٚ، تـو خواکـەی خـۆ گەنمەکـەی قەنـدەهاری نـەبووم بـە هیـشکە وەردانم وەرچـینیٚ، تـو خواکـەی بمداتـەوە بـە کـوڕە حەیرانەکەی خۆم ئەمساڵەکە بەشکم خێرێکیم لیٚ ببینیٚ.

6- لـە گـەز گومبـەتی، خۆزگـە باوکـە گەوادەکـەی مـن قـەرزداری بـاوکی هەتیمـە حـەیرانیٚ با بە هەزارو حەوسەتی، ئەنجا خۆزگە خوا رەحمی بخستایە دڵـی باوکیٚ مـن ئـەمنی دابایە بە هەتیوە حەیرانیٚ خۆم بە ئامەنەتی.

7- لەڕیٚ و ڕێیـان، کالـەك و گـۆرەی چەشـنی فـەقێیان، کیـژ دەڵـیٚ: کـوڕە مـاڵوێران تـو ژن بەچە دەخوازی ئەگەرچی ئەویش دەڵیٚ: وەڵلا بەرشك و ئەسپێیان.

8- ئەسـتێرەك هاتـە دەریٚ لـە ماکیٚ، ئـەوەتانیٚ براینـە شـەوق و شـەبەقیٚ خـۆ دەداتـەوە لـە عێلـیٚ عوربـانیٚ نـەوەڵلا لـە قەسـریٚ شـەمامکیٚ، ئـەوەتانیٚ گـەلی دەبـران گـەر یارکۆڵـەی بەناس ناکەن: شەدە شلە؛ شل و ملە؛ چاو بەکلە؛ مل بە هیـزارە؛ کـارو کـار مـامزێکی سۆرکەلۆلەیە کە ئەوەتانیٚ دام دەبڕییەوە لە داکیٚ.


# وێنەکان



دەربەندی گۆمەسپان




حەیرانبێژ: خدر گردگراوی 1988



حەیرانبێژ: سەعید باداوەیی 1989



حەیرانبێژ: جەمیلی عەلیا غای دزەیی 1989



حەیرانبێژ: نادر سیان 1989



حەیرانبێژ عومەر گاوەرەیی 1989



دەرمان ئاوا



کانیاوی بن بەرد



شارگەی سەفەر لە بناری قەرەچووغ



جۆتە ئاشان



ئاوی دەرماناوا لە مەخموور

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



- غەفوور تاهیر سەعید حاجی ناسراو بە غەفوور مەخمووری.
- ساڵی 1970 لەگوندی کەندی قەلان (وادي الغراب)ی سەر بە قەزای مەخموور لە دایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی میجانی سەرەتایی لەگوندی (مشار) تەواوکردووە.
- خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە مەخموور تەواو کردووە.
- دەرچووی کۆلێژی ئادابی – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێرە.
- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- لەساڵی 1995 بەهاوکاری کۆمەڵێ کەسایەتی نەتەوەیی و وڵاتپارێز یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKی دامەزراندووە.
- سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKە.
- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لەخولی دووەم (2005-2009).
- ئەندامی گرووپی یەکەمی دیالۆگی کوردی – عەرەبی بووە کە لەمایسی 1998 لەقاهیرەی پایتەختی میسر بەسترا.
- ئەندامی زۆربەی زۆری کۆنگرەو کۆنفرانسە سیاسی و ئەکادیمییەکان بووە کە لەکوردستان و دەرەوە بەستراون.

- کارگێری لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستانە.
- کۆمەڵێ وتارو لێکۆڵینەوەی حزبی و سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.
- تائێستا چەند کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە کە ئەمانەن:

1- سەرەتایەك بۆ حەیران کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی - 1989.
2- بناری قەرەچووغ - 1990.
3- سێ تیشك لەپەنجەرەی شیعرەوە - 1991.
4- حوارات حول القضية الكوردية - 2000.
5- حەیران (چەمك - ناوەڕۆك - سەرهەڵدان) - 2001.
6- بەعەرەبکردنی کوردستان - چاپی یەکەم - 2002.
7- تعريب كوردستان - 2006.
8- بەعەرەبکردنی کوردستان - چاپی دووەم - 2006.
9- بصراحة - الجزء الاول - 2010.
10 - هەگبەی مەخمووری - کۆبەرهەم - بەرگی یەکەم - 2010.

# ناوەڕۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | سەرەتا | 5 |
| * | سەرەتایەك بۆ حەیرانو كورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی | 7 |
| | پێشەكی | 9 |
| | بەشی یەكەم– سەرەتایەك بۆ حەیران | 10 |
| | بەشی دووەم– كورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی | 20 |
| | ئەنجام | 25 |
| | فەرهەنگۆك | 26 |
| * | بناری قەرەچووغ | 31 |
| | چرپەیەك!! | 33 |
| | كۆمەڵێ هۆنراوەی فۆلكلۆری | 34 |
| | چەپكێ حەیران | 69 |
| * | سێ تیشك لەپەنجەرەی شیعرەوە | 73 |
| | پێش هەموو شتێ | 76 |
| | شیعر لەنێوان حەفتاكانو ئەمڕۆدا | 78 |
| | شیعرو پاشەكشێی خوێنەر | 85 |
| | ڕێبازە ئەدەبیو هونەرییەكان | 93 |
| * | شیعرو هەڵوەستەیەك | 101 |
| * | حەیران (چەمك –ناوەڕۆك –سەرهەڵدان) | 107 |
| | پێشەكی– بەدرلن ئەحمەد | 109 |
| | پێشەكی | 118 |
| | فەسڵی یەكەم | 120 |

| | | |
|---|---|---|
| | بەشی یەکەم – پێناسەی حەیران | 120 |
| | بەشی دووەم – لەهەگبەی حەیراندا | 124 |
| | بەشی سێیەم – جۆرەکانی حەیران<br>فەسڵی دووەم | 128<br>132 |
| | بەشی یەکەم – حەیرن لەڕووی فۆڕمەوە | 132 |
| | بەشی دووەم – حەیرن لەڕووی ناوەڕۆکەوە | 136 |
| | فەسڵی سێیەم | 147 |
| | بەشی یەکەم – سەردەمی سەرهەڵدانی حەیران | 147 |
| | بەشی دووەم – مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران | 149 |
| | ئەنجام | 155 |
| | سەرچاوەکان | 156 |
| | پاشکۆکان – پاشکۆی یەکەم<br>پاشکۆی دووەم | 158<br>163 |
| | وێنەکان | 165 |
| | نووسەر لە چەند دێرێکدا | 173 |
| | ناوەڕۆک | 175 |